# لاوان

51-52
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی
ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا
هاوین و پاییزی ٢٧١٣ی کوردی (١٣٩٢)
دەورەی دووهەم، ساڵی سێزدەهەم

فایلی ژمارە:

## ئەرک و ڕۆڵی لاوان لە کۆمەڵگادا

یەکەم کۆنفرانسی لاوانی ڕۆژهەڵات
East Kurdistan's first youth conference
نخستین کنفرانس جوانان شرق کوردستان

"یەکەم کۆنفرانسی لاوانی ڕۆژهەڵات" لە ژێر دروشمی
"یەکریزی لاوان بەرەو داهاتوویەکی گەش"

لاوان، هیوای داوارۆژی وڵات
ئەرکی لاوان لە ئێستادا
٢٩ی سەرماوەز، بەستێنی کۆنفرانسی لاوانی ڕۆژهەڵات
٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان
قاسملوو لە ڕێبازی دا زیندووە
پەیامی پشتیوانی فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران
بۆ نیشتمانە ئاڵۆز و ماتەمبارەکەی ڕۆژهەڵات
یەکیەتیی لاوان لە پەراوێزی دوو پێش مەرج دا





## بەشێك لە وتەكانی پێشەوا قازی محەممەد

«تەواوی ئەم بەسەرهاتو ڕووداوانە ئاكامی سیاسەتی داگیرکەرانەی دەوڵەتە، ئەگەر دەوڵەت تەواوی کوردان بەخائین دەزانێ با دەست لەو مەڵبەندە هەڵبگرێ، ئەگەر بە نیشتمانپەروەریشیان دەزانێ با لێ بگەڕێ خۆیان کاروباری خۆیان بگرنە دەست››.

«نەتەوەی ئێمە شتێکی لە نەتەوەکانیتر کەمتر نییە، جگە لە زانستو خوێندەواری، دڵنیا بن ئەگەر بە چەکی زانستو یەکیەتی پۆشتە بن، دوژمنانتان کارێکیان بۆ ناچێتە پێش».

«واز لە شۆڕش مەهێنن تا لە ژێر دەستی دەرباز دەبن، ماڵی دونیا هیچ نییە، ئەگەر نیشتمانێکتان هەبێ، سەربەخۆییەکتان هەبێو ماڵو خاکو نیشتمانتان ئی خۆتان بێ، ئەو کات هەموو شتێکتان دەبێ هەم سامان، هەم دەوڵەت، هەم ئابڕوو و هەم نیشتمان».

«من لە قوژبنی گرتووخانەدا دەنگی خۆم بەرز دەکەمەوە، لە دژی دەوڵەتی تارانو سەرۆکەکانی، دەڵێم: تاوانبار ئێوەن نەک ئێمە، ئێوە وڵاتتان لێ داگیر کردووین».

«داوا لە گەلی کورد دەکەم خەباتی خۆی لە پێناو ڕزگاری کوردستاندا پەک نەخا، باوەڕ بە دەوڵەتی خۆفرۆشی تاران مەکەن ‹‹ بژی کورد و کوردستان››

«ئێرە ماڵی منە، خاکی کوردستان خاکی بابو باپیرو ئەژدادی منە، چۆن دەتوانم دەستی لێ هەڵگرم».

«حەز دەکەم لە ئاخر چرکەی ژیانمدا بە سەربەرزیو چاوی کراوەوە لە نیشتمانی خۆشەویستم بڕوانم».

ژماره: ٥٢ – ٥١
دەوری دووهەم، ساڵی سێزدەیەم
یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا
٢٠١٣-٢٠١٤ی زایینی ٢٧١٣ی کوردی(١٣٩٢)

# لاوان

**خاوەن ئیمتیاز:**
یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان


فایلی ژمارە: ئەرکو ڕۆڵی لاوان لە کۆمەڵگادا


ئەرکی لاوان لە ئێستادا!


لاوان داینامۆی نوێخوازیو سەرمایەی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردین


بەڕێوەچوونی یەکەم کۆنفرانسی لاوانی ڕۆژهەڵات:



بڕیارو ڕاسپاردە پەسندکراوەکانی یەکەم کۆنفرانسی لاوانی ڕۆژهەڵات!

**بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕانە بکەن:** www.lawan.com/farsi – www.lawan.com

**سەرنووسەر:**
سەید جەلال ساڵحی
Email:
jalalsalehi@yahoo.com

**بەرگ:**
ئەیوب شەهابی‌ڕاد

**دیزاینی ناوەوە:**
ئازاد محەممەدزادە

**دەستەی نووسەران:**
مەنسوور سەممار
عەباس حەقبین
سامان فەقێنەبی
ئازاد محەممەدزادە

**تایپ:**
فەرهاد ئیسفەندیاری
سیامەندشێخەپوور

**بۆ پەیوەندی زیاتر بە لاوانەوە:**
Email:
lawan1945 @yahoo.com

# یەکیەتیی لاوان لە پەراوێزی دوو پێش مەرجدا!

خەسارناسی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە هەڵسەنگاندنی بابەتیانەی خاڵە لاوازەکانی ئەم بزاڤە هەیە. لەڕاستیدا دۆخی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و شانبەشانی ئەو، دۆخی لاوان لەو بەشە لە کوردستان لە کورت ماوەدا ئاسۆیەکی روونی لێ بەدیی ناکرێ، بەو پێیە تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە پاسیڤە بە کەمترین خەسارو خۆسازدان بۆ کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکان لە درێژماوەدا ئەرکی سەرەکی پارتە سیاسیو رێکخراوە مەدەنییەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دێتە ئەژمار. بۆ راپەڕاندنی ئەم ئەرکە دوو پێش مەرجی بونیادی لەسەر نەخشەرێگای هەموو لایەنەکان خۆی دەردەخا کە بریتین لە:

**یەکەم:**

کەم رەنگ کردنی دەرهاویشتە سیاسیو دەروونییەکانی هەڵقولاو لە لەت بوونی پارتو رێکخراوەکانی رۆژهەڵات لە دەیەی ٨٠ی هەتاویو دەربازکردنی کارتێکەرییە رووخێنەرەکانی ئەم دیاردە نەخوازراوە لەسەر هزرو دەروونی ماندوو و هیوابڕاوی خەڵک بە گشتیو لاوان بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێش مەرجی سەرەکی تێپەڕاندنی ئەم قۆناغەیە.

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان وەک دێرینترین رێکخراوی تایبەت بە توێژی لاوان لە پێناو بەجێگەیاندنی رەسالەتی مێژوویی خۆی لەم بارەوە بۆ یەکەم جار بە دەست پێشخەریی لەم بوارەداو بە هاوئاهەنگی لەگەڵ باقیی رێکخراوەکانی تایبەت بە توێژی لاوان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە رێگای بەڕێوەبردنی یەکەم کۆنفرانسی لاوانی رۆژهەڵات ئەم راستییەی سەلماندووە کە گرینگی ئەم پێداویستییە مێژووییەی بە دروستی هەست پێکردووەو لەم سۆنگەیەوە سەرەڕای جیاوازی بیروبۆچوون لەگەڵ بەشێک لە رێکخراوەکانی لاوان شێلگیرانە لە پێناوی سەرخستنی ئەم پرۆسەیە وەک مەرجی ئاشتەوایی نەتەوەیی تێکۆشا. لە روانگەی یەکیەتی لاوانەوە باوەڕمەندی بە هەر چەشنە ئایدۆلۆژیو رێبازێکی هزریو سیاسی بە مەرجێک کە بە هەقیقەتی موتڵەق نەناسێندرێو کولتووری سڕینەوەی فیزیکی جیابیرانی تێدا برەو پێنەدرێ، ئاساییە و مەجالی هاوکاری لەگەڵ ئەم چەشنە رێکخراوانەدا بە کراوەیی دەهێڵێتەوە، دەورو رۆڵی یەکیەتیی لاوان لە یەکەم کۆنفرانسی لاوانی رۆژهەڵات سەلمێنەری ئەم روانگەیەیە.

**دووهەم:**

بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا، بەشێکی بەرچاو لە چالاکانی سیاسیو تەنانەت ئەندامانی پارتو رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر سێبەری دروشمە نەتەوایەتییەکان، باری قورسی نەهامەتیو چارەنووسی ناڕوونو لێڵی خەڵکو



نیشتمانی خۆیان واتە، رۆژهەڵاتیان وەلا ناوەو رەوتێک ئاگاهانە یان نائاگاهانە وزەو پوتانسێلی کۆمەڵگا بە گشتیو لاوان بە تایبەتی بەرەو رووداو و پرسەکانی تایبەت بە باشوورو باکووری کوردستان رادەکێشێ. یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان رەوتی باشووریزەبوونو بە باکووریزەکردنی ئاکسیۆنی چالاکانی سیاسیو ئەندامانی پارتەکانی رۆژهەڵات بە زەنگێکی مەترسیدار دەزانێو وەکوو پیلانێک بۆ رەش کردنەوەی بەها و پیرۆزییەکانی خەباتی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان (وەک کۆماری کوردستان، رێبەرانی شەهید قازی، قاسملوو و شەرەفکەندیو هەزاران شەهیدو قوربانی) لە حافزەی مێژووی کۆمەڵگادا هەڵدەسەنگێنێ.

ئامانجی سەرەکی لەم پیلانە کە بەداخەوە زۆرێک لە ئەکتەرەکانی بەڕێوەبەری لێی غافڵن، ئەوەیە کە تاکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت لاوی کورد بە ئاقارێکدا پاڵ پێوە بندرێ کە بگاتە ئەو ئاکامە کە خولیا و چاوەڕوانییەکانی ئەو لە نیشتمانی خۆیو لە لایەن پارتو رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان وەدی نایەنو بەو پێیە بە خۆهەڵواسین بە پارتەکانی باکوور یان باشووری کوردستان دەتوانێ یان شوری شۆڕشگێڕیو نەتەوایەتی خۆی دابمرکێنێو یان لە ئیمتیازگەلێکی ماددیی بەهرەمەند ببێ.

دیارە پارتو رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە پێک هێنانی ئەم کەشوهەوایە بێ تاوان نینو لە دونیای ناعادڵانەی کێبەرکێی سیاسیدا باجی دەستەوەستانیو خۆقوربانی کردنی هەر بزاڤێک لە پێناو بزاڤێکیتر، داماویو لە پەراوێزکەوتنی بەدوادا دێ.

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناوی وشیارکردنەوەی لاوانی کورد لەم رەوتە هەوڵ دەدا کە لە چوارمین کۆنفرانسی نەتەوەیی لاوانی چوار پارچە ئەم مژارە لەبەر چاو بگرێو بە گوتارێکی هەڵقولاو لە ویستو چاوەڕوانییەکانی لاوانی رۆژهەڵات دەورو رۆڵی خۆی لەم کۆنفرانسەدا بگێڕێو سەربەخۆیی بڕیاردان وەک پرەنسیپێکی هەمیشەیی لە بیر نەکا.

سامان فەقێنەبی

# فایلی ژمارە:

## ئەرکو رۆڵی لاوان لە
## کۆمەڵگادا



# ئەرکی لاوان لە ئێستادا!



حەمەرەسووڵ حەسەنپوور

ناشێ ئەوە لەبەرچاو نەگرین کە لاوان سامانی مرۆیی کوردستان و هێزی کاری ئێستاو داهاتوون. توانای رەخساندن و بەرەوپێش بردنی پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵگایان هەیە. هەر راست بەم مەبەستەیە کە یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان خوێندنەوەی تایبەتی بۆ ئەرک و ماندووبوونی ئەو توێژەی نێو کۆمەڵی کوردەواری هەیەو زۆر بەبایەخەوە دەڕوانێتە هەڵس و کەوتەکانیان و گرینگی تایبەتی پێ دەدا. لە راستای گرینگی پێدان بە هێزی ئەم توێژەی کۆمەڵ هێندێک پێشنیارو رێنوێنی کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکرێ رەنگە سوود بەخش بێنە بەرچاو:

ــ بەر لە گشت شتێ پێویستە لاو بڕوای بە خۆی بێ. دەبێ ژیانی لاو ستانداردی بەرزی هەبێ. ئەگەر لاو بڕوا بەخۆبوونی لەدەست دا، پێویستە لە سەرەتاوە دەست پێ بکاتەوەو ئامانجی گەورە بۆ خۆی دیاری بکا. تواناو لێهاتوویی‌یەکانی وەبیر خۆی بێنێتەوە، چونکە ورەی بەرز دەکاتەوەو وزەو ئومێدی پێ دەبەخشێ.

ــ ئەگەر لاو دەیەوێ لە ژیاندا سەرکەوتووبێ، نابێ بڕوبیانوو بۆخۆی بێنێتەوەو بۆڵەبۆڵ بکا. لاو چاک دەزانێ کە سەرکەوتن و تێشکان زۆربەی بە دەست خۆیەتی. هەربۆیە دەبێ هەوڵی ئەوە نەدا کە خۆی بە قوربانی بزانێ و لە شکستەکاندا بیانوو بۆ سەرنەکەوتنەکەی بێنێتەوە.

ــ لاو بێ ئەوەی بزانێ بەرەو کوێ هان دەدرێ، نابێ هەنگاو بنێ. ئەوانەی لە ژیاندا سەرکەوتوون بەرنامەیان بۆ کاری خۆیان هەیە. ژیانیان ئامانج و رێڕەوی هەیە. بەبێ ئیرادەو بەرنامەی پێش‌وەخت دەست بۆ هیچ کارێک نابەن. ئەگەر لاو لەو کەسانەیە کە وادەزانێ لە ژیاندا هەرچی دەبێ بابێ، دەبێ زۆرباش بزانێ پێویستە ئەو بیروبۆچوونە وەلانێ و هەوڵ بدا بەرنامەیەک بۆ ژیانی رۆژانەی خۆی دابنێ.

ــ خۆ لە کار دزینەوەو کاری ئەمڕۆ بە سبەینێ سپاردن، کاری لاوانی ژیرو وریا نیە، چونکە ئەم کردەیە دوژمنی سەرکەوتنە. کاروبارەکان پێویستە بە گوێرەی بەرنامە، ریزبەندی‌یان بۆ بکرێ.

ــ لاوی سەرکەوتوو کاتی خۆی بۆ کاری لاوەکی تەرخان ناکا. کردە گرینگ و سەرەکی و کارە ساناو رۆتینی‌یەکان لێک جیا دەکاتەوە. ئەگەر لاو زۆربەی کاتی بۆ کاری لاوەکی تەرخان کرد، پێویستە ئەم رەوتە ئاڵ‌وگۆڕی بەسەر دابێنێ. دەبێ بەر لە گشت شتێ کاتی خۆی بۆ ئەم کارانە تەرخان بکا کە بەرەو سەرکەوتنی دەبەن.

ــ لاو هیچ کاتێک لە کۆبوونەوەی بێ واتادا بەشداری ناکاو ناچێتە کۆبوونەوەیەک کە ئامانجی دیاری کراوی لە پشت نەبێ.

ــ هیچ لاوێکی ژیرو وریا لە بەیانی‌یەوە تا ئێوارە کاتی خۆی بە تەماشای تەلەڤیزیۆن و چوونە نێو فەیس‌بووک و یاری‌یە ئەتاری‌یەکان تەرخان ناکا. لەوانەیە لەم کارانەدا شتی باشیش فێر بێ، بەڵام ئەگەر بێتوو هەموو کاتی خۆی بۆ ئەو کارانە دانا، دەرفەتی ئەوەی نابێ کە بچێتە دەرەوەی ماڵ و لەگەڵ راستی‌یەکانی ژیان بەرەوڕوو نابێ و دەوروبەرەکەی خۆی ناناسێ و پێوەندی‌یان لەگەڵدا ناگرێ.

ــ لە گشت ئەو خاڵانە گرینگ‌تر ئەوەیە کە لاوی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ و پێویستە هەر لە ئێستاوە خۆی پێ بگەیەنێ و ئەوەی لەبەرچاو بێ کە دەوڵەت و حکوومەتە سەرەڕۆکان دەڕۆن و ئەوە ئەو گەلانەی کە قورس و قایم راوەستاون، دەمێننەوە. کەوایە پێویستە لاوان هەر لە ئێستاوە خۆیان پەروەردە بکەن و خۆیان پێ بگەیەنن بۆ ئەوەی داهاتووی نیشتمانە ئازیزە بێ‌نازەکەمان کە کوردستانە، دەستی بووژانەوەی پێ بگاو گەلی کوردی بەش مەینەت لە ژێر دەستی و چەوسانەوە رزگاری بێ. بە هیوای ئەورۆژە پیرۆزەو هەرچی زیاتر بەرەوپێش چوونی لاوانی بەهەست و نیشتمان‌پەروەر.

سیستمی پەروەردەو فێرکردن لە وڵاتی ئێراندا!

بێ سێ‌و دوو لێ‌کردن‌و بێ سەرەتا دەبێ بڵێین کە سەرجەم کێشەو گیروگرفتەکانی ئێران لە شێوازی داڕووخاوی سیستمی پەروەردەو فێرکردنەوە سەرچاوەی گرتوە. ئەگەر بە پێچەوانە لێم تێ‌نەگەن مەبەستم لە سیستمی پەروەردە تەنیا شێوەی وانە وتنەوەو نێوەڕۆک‌و چەشنی بابەتەکانی خوێندن نیە. بەڵکوو بە واتای فرەوان‌و هەمەگیری پەروەردەیە، ئەوەی کە بە شێوەی راستەوخۆ کار دەکاتە سەر رادەی بیرکردنەوەو ئاستی هزرو بیرو شێوەی هەڵس‌وکەوت‌و مامەڵەی رۆژانەمان‌و جۆری هێڵکاری‌و نەخشەو پلان دانان‌و چۆنیەتی بیر کردنەوەی ئێمە بۆ دوارۆژ دیاری دەکا.

سێ کوچکەی خێزان، دەوروبەرو فێرگە، بناغەی پەروەردەی مرۆڤەکان پێک دێنن. بەبێ هەماهەنگی‌و پێوەندی پتەو قایم‌و پێکەوە کارکردنی ئەو سێ کوچکەیە ناکرێ نەوەیەکی بە تواناو بڕوا بەخۆو ئامادە بۆ وەرگرتنی بەرپرسایەتی دواروژ پێ‌بگەیەندرێ. تا ئێستاش زۆربەی خیزانەکانی وڵاتی ئێران تێ‌گەیشتنی زانستی‌یانەو گونجاویان بە نیسبەت منالەوە نیە. یان ئەوەتا منداڵ بوونەوەرێکی بەناز گۆش کراوە کە نابێ بێ دڵی بکرێ‌و داخوازە گونجاو و نەگونجاوەکانی پێویستە بێ‌سێ‌و دوو لێ‌کردن جێ‌بەجێ بکرێ‌و لە پێناوی دڵگرانی‌دا گوێ رایەڵی‌و فێرکردن بە تەواوی پشت گوێ خراوە یان با بڵێین لایەنی سۆزداری‌و خۆشەویستی‌یەکەی لێ‌زەوت کراوەو تەنیا بە زمانی هەڕەشە و لێدان‌و سەرکوت‌و توندوتیژی‌و دەم کوت کردن‌و تۆقاندن هەڵس‌وکەوتی لەگەڵ‌دا دەکرێ. ئەم شێوە عاملاندن‌و بەخێوکردنە یان ئەگەر بە هەڵە ناوی «پەروردە»ی لەسەر دابنێی، هەر لە سەرەتاوە رەگ‌و ریشەی کاراکتەری مرۆڤ لێک هەڵ‌دەتەکێنێ‌و ئیرادەو تواناکانی سست‌و خاو دەکاتەوە بە چەشنێک مەگەر زۆر بە هەڵکەوت ئەگینا قەت ناکرێ هەستی بڕوا بەخۆبوون‌و گەش‌بینی‌و توانا شاراوەکانی ئەو مرۆڤە دروست بکرێتەوە. دایک‌و بابی کۆمەڵی ئێستای ئێران مەگەر بە هەڵکەوت، ئەگینا زۆر گوێ بە رەفتارو پرسیاری جگەرگۆشەکانیان نادەن‌و لە خەم‌و نیگەرانی‌یەکانیان تێ‌ناگەن‌و گشت ئەوانە بە شتێکی پڕوپووچ دادەنێن. چونکە لای هێندێ لە بنەماڵەکان منال

**بەهۆی گۆڕینی قوتابخانەو نەگونجانی بینای مەدرەسەکان، ساڵ نییە دەیان خانوو بەسەر قوتابی‌یە کلۆڵەکاندا نەڕووخێ‌و گیانی منالە چاوگەشەکان نەکەوێتە مەترسیەوە، یان لە وەرزی زستاندا بەهۆی کەمتەرخەمیی بەرپرسانی قوتابخانەکان، چەندین قوتابخانە لەملاولای وڵاتی بەڵا لێدراوی ئێران ئاگر نەگرن‌و نەبنە هۆی دروست بوونی رووداوی دڵتەزێن لە چەشنی رووداوی قوتابخانەی گوندی شیناوێی ناوچەی پیرانشارو دەیان بنەماڵە داخدارو تازیەبار نەبن!**

●●

بوونەوەرێکی نەفام‌و تێ‌نەگەیشتوویەو ناشێ سەبارەت بە زۆر شت پرسیار بکا و خۆ لە کاری گەورەو قسەوباسەکانیان هەڵقوتێنێ. ئەمە لە کاتێک دایە کە منالّ بیەوێ‌و نەیەوێ، ناچارەو دەبێ باجی کرداری گەورەکان بداتەوە. زۆرینەی خێزانەکان بۆ حەسانەوەو پشووی خۆیان، منداڵەکانیان ناچار دەکەن رۆژانە چەندین کاتژمێر چاو لە تەلەڤیزیۆن بکەن یان خۆیان بە یاری‌یە ئەتاریەکانەوە سەرقاڵ بکەن بەبێ ئەوەی سرتەیان لێوە بێ لە ژوورێکدا دادەنیشن‌و بە شتێکەوە سەرقاڵ دەبن کە زۆربەیان لە دڵەوە حەزی لێ ناکەن. دایک‌و باوکان پێویستەو دەبێ زۆر ئاگاداری ئەم راستی‌یە بن کە پێ‌گەیاندنی منالّ ناچێتە خانەی گەسک لێدان‌و خواردن ئامادە کردن‌و میوانداری‌یەوە. سیستمی پەروەردەی وڵاتی ئێران زۆر سەقەت‌و وێران‌و داڕووخاوە. سیستمێکە لەسەر بناخەی زانستی‌و سەردەمیانە دانەمەزراوە.

زمانی دایک چەشنی هەتیوێکی بێ دایک‌و باب‌و بێزراوی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێرانە، مێژووی دوورو نزیکی ئەم نەتەوانە پشت گوێ خراوە. کەمی بینای قوتابخانەو فێرگەو تەنانەت زانستگەکان بۆتە بەڵای ناگەهان‌و دەگیانی خۆێندکاران‌و قوتابیان بەربووە. هیچ پۆلێکی قوتابخانە نییە کە زیاتر لە ٦٠ـ٧٠ قوتابی تێ‌نەئاخنرا بێ. قوتابخانەی سێ شیفتی‌و تەنانەت زیاتریش لە ئێران‌دا زۆرەو بەم حاڵەوە رۆژ نییە کاربەدەستانی پەرورەدەو مودیرانی مەدرەسەکان بە بیانووی جۆراوجۆر پووڵ لە قوتابی‌یەکان نەستێنن. بەهۆی گۆڕینی قوتابخانەو نەگونجانی بینای مەدرەسەکان، ساڵ نییە دەیان خانوو بەسەر قوتابی‌یە کلۆڵەکان‌دا نەڕووخێ‌و گیانی منالە چاوگەشەکان نەکەوێتە مەترسیەوە، یان لە وەرزی زستان‌دا بەهۆی کەمتەرخەمیی بەرپرسانی قوتابخانەکان، چەندین قوتابخانە لەملاولای وڵاتی بەڵا لێدراوی ئێران ئاگر نەگرن‌و نەبنە هۆی دروست بوونی رووداوی دڵتەزێن لە چەشنی رووداوی قوتابخانەی گوندی شیناوێی ناوچەی پیرانشارو دەیان بنەماڵە داخدارو تازیەبار نەبن. ئاخر چۆن رەوایە منالّ لە رۆژێک‌دا کەمتر لە چوار کاتژمێر وانە بخوێنێ (هەر سەعاتێک ئەوپەڕی چل‌و پێنچ دەقیقەیە بە پشووەکانیشەوە). ئەمە لە کاتێک دایە کە بەرنامەکانی، قوتابیانی تووشی سەرەگێژەو وەڕەز بوون لە خوێندن کردوە.

داخوا جێگەی سەرسووڕمان‌و شەرمەزاری نییە کە دەرچووی بەشی ئەدەبیات لە زانکۆیەکی وڵاتی ئێران نەتوانێ چەند پاڕاگراف بەبێ هەڵەو کەم‌وکووڕیی داڕشتن‌و ئیملا بنووسێ.

**لاوی سەرکەوتوو کاتی خۆی بۆ کاری لاوەکی تەرخان ناکا. کردە گرینگو سەرەکیو کارە ساناو رۆتینی‌یەکان لێک جیا دەکاتەوە. ئەگەر لاو زۆربەی کاتی بۆ کاری لاوەکی تەرخان کرد، پێویستە ئەم رەوتە ئاڵوگۆڕی بەسەر دابێنێ. دەبێ بەر لە گشت شتێ کاتی خۆی بۆ ئەم کارانە تەرخان بکا کە بەرەو سەرکەوتنی دەبەن!**

●●

مەگەر زۆر بە دەگمەن ئەگینا تاکە نووسراوێکی وەزارەتخانەو دامودەزگا حکوومیەکان بە وەزارەتی پەروەردەشەوە، بەدی ناکەی کە دەیان هەڵەی تێدا نەبێ. زۆربەی بەرپرسو دەمڕاستەکانی حکوومەت لە سەرەوە بۆ خوارێ لە وتارێکی چەند خولەکی‌دا تووشی دەیان هەڵەی داڕشتنو رێزمانی دەبن بێ ئەوەی وەسەرخۆیان بێنن. ئەوانە بەداخێکی زۆر گرانەوە هەموویان راستی‌گەلێکی تاڵنو رۆژ بە رۆژیش ڕوولە زیادبوونن. ئەوە خۆ باسی ئەوەش هەر ناکرێ کە هەموو ساڵێ لە کاتی تاقیکاری‌یەکانی کۆتایی ساڵ پرسیاری ئەزموونەکان سەر لە دەرەوەی قوتابخانەو خۆیندنگاکان دەرنەهێننو بە نرخێکی گران نەفرۆشرێن. دروست کردنو فرۆشتنی بڕاونامەکانی خوێندن تەنانەت تا پلەی دوکتۆراش لە ئێران داستانێکی جێگەی پێکەنینە کە دەکرێ دەیان کتێبو نامیلکەی لەسەر بنووسرێ. لە سایەی سیستمی سەقەتی پەروەردەو فێرکردنە کە بنەماڵەکانی کۆمەڵگەی ئێران بەرەو سەر لێشێواویو لەخۆگۆڕانو دابڕان لە مێژوو دەچنو کۆمەڵگە بەرەو لاوازیو تێک شکانو تەسلیم بوون بە قەزاو قەدەر رادەکێشن. کاتێک باسی گیروگرفتو کێشە گەورەکانی وەک گەندەڵیو خراپی بواری مودیرییەتو بەڕێوەبردنی وڵات دەکرێ، پێویستە ئەم راستی‌یە بزانرێ کە چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتانە، بەبێ دامەزراندنی سیستمێکی پەروەردەی تۆکمەو قایمو بە شێوەی سەردەمیانەو مۆدێڕن قەت بنبڕ نابێو هەر هەنگاوێکی‌تر لە دەرەوەی ئەم کارەدا تەنیا رێگەچارەیەکی کاتی‌یەو هیچی‌تر.



# لاوان، هیوای دواڕۆژی وڵاتن!





ئەحمەد مەکلاوەیی

لەنێو هەر کۆمەڵگایەکی ئەم جیهانە پان‌و بەرینەدا، لاوان دەتوانن لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی‌و... هتد، بۆ ئەمنییەت‌و ئاسایش‌و چوونەسەری ئاستی کۆمەڵگاو خۆشی‌و پێکەوە ژیان‌و بە گشتی وەدەستهێنانی ماف‌و ئازادی‌یەکان بۆ نەتەوەکانی خۆیان، ڕوڵی سەرەکی بگێڕن‌و بۆ دابین کردنی ئەم مەبەستانە، ئەرکە قورسەکانی نێو کۆمەڵگا بگرنە ئەستۆی خۆیان‌و بەڕێوەیان بەرن. بێ پێ هەڵگوتن، ئەوە لاوانن دەتوانن ژیان‌و وەزعی هەر کۆمەڵگاو وڵاتێک بەرەو باشی بەرن‌و پاشەکشە بە داگیرکەرو خۆبەزل‌زان‌و چەوسێنەران بێنن‌و جیهان لە سەرەڕۆیی‌و خۆسەپاندن بەسەر مەزلوومو چەوساوەو ڕەش‌و ڕووتان‌دا پاک بکەنەوە جیهانی مرۆڤایەتی بەرەو بەهەشتی خوایی بەرن‌و گشت مرۆڤایەتی وەک برا پێکەوە بژین. ئەگەر لاوان هیممەت بکەن‌و بیان‌هەوێ هەموو گەلان پێکەوە بن‌و کار بکەن، لە هیچ وڵات‌و دنیایەک زل‌هێزو دیکتاتۆڕەکان ناتوانن بە کەیفی خۆیان ئەسپی خۆیان لینگ بدەن‌و خەڵک بچەوسێنەوە، چونکە لاو لە ئاشتی‌دا وەک ئاوی ڕوون لەسەرخۆو مەندە، بەڵام لە کاتی هەستان‌و ڕاسان‌دا بەرانبەر بە دوژمن کێوی ورەو باوەڕ ناچەمێ‌و وەک پۆڵایەو دەتوانێ کێو دابێنێ‌و ئاشتی‌و ئازادی بۆ گەل‌و نەتەوە بە دیاری بێنێ‌و لە وڵات‌دا بانگی ئازادی لێداو گوێچکەی دوژمنان کەڕ بکاو گوڵە سیس بووەکان بگەشێنێتەوە. لە مێژووودا لاو ڕۆڵی خۆی گێڕاوەو بە دانی خوێنی خۆی زۆری زل‌هێزو لەشکری سەرەڕۆ تێک شکاندوون‌و بۆتە عەلەم بەدەستی ئازادی‌و سەربەخۆیی‌و ڕزگار بوون لە ژێر دەستی. ئەوە لاوەکانن دەتوانن ئاشتی‌و ئازادی‌و سەربەخۆیی بۆ گەلانی مەزلوومو نەگەیشوو بە ئازادی‌و سەربەخۆیی، ڕزگار بکەن‌و ئەمنییەت‌و ئاسایشی وڵات‌و گەلی خۆیان بەدەستەوە بگرن. من دەڵێم لاوان تیشکی خۆرن، شەختەکان گەرم دەکەن‌و سەختی‌یەکان تێک‌دشکێنن‌و سەهۆڵ بەندانەکان دەتوێننەوەو ئەستێرە گەشەکانی ئاسمانن کە وەک مانگی چواردە سەر زەوی‌یەکان ڕووناک دەکەن‌و تۆوی هیواو ئومێد لە ناخی هەژارو لێقەوماوەکان‌دا دەچێنن‌و دەرگا گاڵدراوەکانی سەر ڕەوتی ئاشتی‌و دیمۆکراسی‌و بەرابەری تێکەوە دەپێچن‌و دەشکێنن‌و سەر زەوی‌یەکان دەکەنە بەهەشتی خوایی. فکری لاوەکان، شنەی شەماڵ سۆڵبەندان گڕ دەدا، لاو غیرەتی وەک گڕە، دەسووتێنێ، هەناسە دەخاتە بەر هەژارو بێ‌دەرەتانان دەحەسێنێتەوە. لاوان، هەوری ڕەحمەتن‌و بەسەر دوژمن‌دا دەگورێنن‌و وەک بروسکە چاویان تاریک دەکەن‌و لە کۆشک‌و دەسەڵاتی زۆردار دەریان دەپەڕێنێ‌و دەیان کاتە زبڵدانی مێژووەوە. ئەو ئەمانەیە کە باسم لێ‌کرد، بۆیە پێویستە کە لاوی کورد بە جیددی ئاوڕ لە خاک‌و نەتەوەکەی بداتەوەو جسوورانەو باشتر لە ڕابردووی‌و بە بەگوڕو تین‌و لەخۆبوردوانەتر بەگژ نەیارانی خاک‌و نەتەوەکەی‌دا بچێتەوەو لەوەزیاتر نەهێڵن کوردستان دیلی دەستی دوژمنان بێ.



# لاوان دینامۆو سەرمایەی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردین!



ئازاد محەممەدزادە

لاوانی کورد لە سەردەمی بەجیهانی بوون، دیالۆگو ئاشتی نێوان شارستانەتەکانو، ئەو هەموو گۆڕانکاری‌یە خێراو هاوکات پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاو زانستدا، هەروەها بەجیهانی بوونی مافەکانی مرۆڤ ناتوانن چی دیکە خۆیان لە بێ‌شوناسی کەسێتی‌و ئینکارو سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی‌دا ببیننەوە. ئایا لاوان کورد دەتوانن مۆدێلی نوێی خۆیان تاقی بکەنەوەو پڕۆژەی خۆیان بۆ شۆڕشێکی گشتگیری سیاسی‌و گۆڕانکاری کۆمەلایەتی لەسەر بنەمای نوێ بوونەوەی کۆمەڵگاو ئازادی گشتی‌و تاکی‌یەکان‌و دێمۆکڕاسی پێشکەش بکەن؟

بێ‌گومان هێزی لاو کاراترین توێژی کۆمەڵگایەو سەرمایەی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردی بە ئەژمار دێ‌و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو سەرکەوتن هەنگاو دەنێ، بەڵام هێشتاش بەشی هەرەزۆری وزەو پوتانسێلی لاوان لە لایەن سیستەم‌و بنەماڵەو کۆمەڵگاوە بەتاڵ دەکرێتەوە کە دەبێ کۆتایی پێ بهێنرێ.

لاو بە کورتی: کەسێکە لە هەر دوو ڕەگەزی مێ‌و نێر پێک دێ کە تەمەنی منداڵی‌و مێرمنداڵی تێپەر کردوەو لە قۆناغی گەشەو هزری هەنگاو دەنێت، تێکەڵ بە دونیای گەورە ساڵان دەبێ‌و بەرپرسایەتی ژیان‌و کاری دەکەوێتە سەرشان، ئەرک‌دار دەکرێ بە نیسبەت چارەنووسی خۆی‌و بنەماڵەو کۆمەڵگاوە.

لێرەدا کورتە ئاماژەیەک بە پرس‌و بابەتی تایبەت بە لاوان، پێگەو شوناسی لاوانی کورد، دیالۆگی نیوان نەسڵەکان‌و ئەرکی لاوان بە نیسبەت داهاتووی کۆمەڵگای کوردی‌و لاوان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دێنمە بەر باس.

ئەوەی کە لاوان کەمترین ڕۆڵیان لە کایەکانی ژیان‌دا هەیەو تاڕادەیەک تووشی سەرلێشیواوی‌و بێ‌شوناسی هاتوون، دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکار کە بە کورتی ئاماژە بە دوو هۆکاری سەرەکی دەکەم.

**یەکەم**: خواستی لاوی کورد کە هەوڵی پێویستی نەداوە، چونکە خۆی لە ململانێکانی ژیان دەدزێتەوەو بەدوای شوناسی ڕاستەقینەی خۆی‌دا ناگەڕێ یا ترسێک لە ئەگەری پێش‌بینی کردنی شکست وای کردوە کە خۆی نەخاتە نێو ئەو یاریانەوەو بەجۆرێک خۆیانی لێ دەبوێرن، لە ڕاستی‌دا ئەوە زۆر مەترسیدارە هەم بۆ خودی لاو و هەمیش بۆ کۆمەڵگا کە دەرەنجامە خەراپەکانی لە ماوەیەکی کورت‌دا بەدیار دەکەون‌و کارەساتی گەورە لەگەڵ خۆی‌دا دینێ.

**دووهەم**: سەرکوتی بنەماڵەو کۆمەڵگاو سیستەم، کە تا چەندە بوار بۆ لاوان دەڕەخسێنن کە مۆدیلی نوی بخولقێنن‌و مەجالی گەشەکردن‌و پێشکەوتنیان پێ‌بدەن، دەرفەتی گونجاو و کەشی تەندروستیان بۆ دابین بکرێ‌و ڕێز لە خواست‌و بیرو بۆچوونەکانیان بگرن، چاودێریان بکەن‌و تا ئەو رادەیەی دەگونجێ بە باشترین شێوە پەروەردەیان بکەن. بێ‌گومان گرینگی‌دان بە لاوان دەتوانێ کۆمەڵگایەکی زیندوو و پێشکەوتوو و ئازاد دروست بکات.

ئەوەی لاوان لە شۆڕشە ئازادی‌خوازو ڕزگاری‌خوازەکان‌دا چەندە گاریگەریان هەیە، بێ‌گومان دەتوانین بڵێین کە ڕۆڵی کارایی ئەو هێزە لەوەدا کورت دەبێتەوە کە لاوان لە هەموو جیهان‌دا

www.lawan.com



ژمارە: ٨٥-٨٦ ساڵی ٢٧١٣ی کوردی (٢٠١٣)

داینامۆو پێشەنگی شۆڕشەکانن، واتە لە کۆی گۆڕەپانەکاندا لاوان بەشداری چالاکی‌یان هەیە. ئەگەر دەرفەتەکان دروست بکرێن دەتوانین بڵێین کە لاوان نەک خەمساردو بێئیرادەو لاواز نین، بەڵکوو گرینگترینو بەهێزترینو دیارترین یاری‌زانەکانی راستەقینەی شانۆی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی بە ئەژمار دێن.

گەنجان کاراترین توێژ یا بەگشتی هێزی بزوێنەری کۆمەڵگای ئێمە پێک دێنن، کە بەشێوەیەکی بەردەوام ئامادەیی ئەوتۆیان هەبووە کە پارێزگاری لە ناسنامەیی نەتەوایەتی بکەنو هەوڵ بۆ نەهادینەکردنی سیستمێکی ئازاد کە تێیدا یەکسانی‌و دێمۆکراتی‌یەتو دۆزینەوەی شوناسی کەسێتی بدەن.

رەوشی کوردستان ئاڵۆزەو کورد بە قۆناغێکی هەستیاری مێژوویی‌دا تێدەپەڕێ، بە تایبەتی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەمڕۆ رۆژێڤ نی‌یە و کەمتر بەشداری ململانێو هاوکیشە ناوچەیی‌و جیهانی‌یەکانە کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یەکگوتاری‌و یەکهەڵوێستی نێوماڵی کورد لەو بەشەداو هەروەها نەبوونی بزووتنەوەیەکی ئازادی‌خوازانەی سەرتاسەری لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

لاوان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی تاریکی‌دا ژیان بەسەر دەبن، وەک دەزانین زۆربەی حەرەکەتە ئازادی‌خوازەکان لە رابردووو ئێستادا لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە خەباتی شاخ بە شێوازی پێشمەرگایەتی لە شۆڕشگێڕێکی چەکداری‌ڕا بگرە کە نەوە لە دوای نەوە بۆ پارێزگاری لە نەتەوەکەیان چەکیان هەڵگرتوە، تا خەباتی شار لە چالاکی‌یە مەدەنی‌یەکانی لە مانگرتن، خۆپیشاندان، ناڕەزایەتی دەربڕین، پێکهێنانو چالاکی نواندن لە دامەزراوەو رێکخراوە مەدەنی‌و بنکە رووناکبیری‌و راگەیەندنەکاندا لەو پەڕی خۆی دایە کە بە بێ هیچ لاری‌یەک دەتوانین بڵێین لاوان کاراکتێرو بکەری سەرەکی بوون.

لاوان دروستکەرو خولقێنەری ئەو شۆڕشانە بوون کە هەوڵیان داوە پارێزگاری لە کەرامەتو ناسنامەی نەتەوەی کورد لەو بەشە لە کوردستان‌دا بکەن تا بتوانن دوارۆژێکی گەش بۆ خۆیان بنیات بنێن. لەگەڵ ئەم هەموو بەرخۆدانو تێکۆشانەدا بێدەنگ نەبوونو قوربانیان داوە، راونراون، ئەشکەنجە، زیندانی، لە سێدارەدران بەشیان بووە، بەڵام بەسەر هەموو ئەو فشارو هەڕەشەو ترساندنانەدا تێپەڕیوون کە ئاراستەیان کراوە. هەرچەند تا ئەمڕۆش رێژیمە یەک لە دوای یەکەکان لە ئێران لە ماوەی یەک سەدەی رابردوودا سەدان پیلانو بەرنامەیان بۆ سەرکوتی لاوانی کورد دارشتووەو گەورەترین هێزی مرۆیی‌و تێچووی ماددی‌یان بۆ دامرکاندنەوەی گوتاری ئازادی‌خوازانەی لاوان تەرخان کردوە، حاشای لێناکرێ کە سیستم لە وڵاتێکی دیکتاتۆر لێدراودا یەکەم ئەرکی سەرکوتی لاوانە، کە لە ئێران هێشتاش بە شێوازێکی سیستماتیک ئەو رەوتە لە لایەن دەسەڵاتەوە بەردەوامە، بەڵام لاوان بە ئیرادەوە خاوەندارێتیان لە ویستو مافەکانی خۆیانو کۆمەڵگای کوردی کردوە، ئەوان بەرپەرچی هەر جۆرە پیلانێکی قێزەونی دەسەڵاتیان داوەتەوە. ئەوی کە ئەمڕۆ کۆمەڵگای کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان تا رادەیەک تووشی ژەهراوی بوونی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی کردوەو پێیەوە دەناڵێنێ نەبوونی هاوهەڵوێستی‌و یەکدەنگی نێوان چینو توێژە جۆراوجۆەکان بووە کە لەسەر بنەمای بیرۆکەی نەتەوەیی‌و گوتاری ئازادی‌خوازانەو شۆڕشێکی سەرتاسەری ساغ نەبوونەتەوە.

کورد خاوەن گوتاری خۆی نی‌یەو ستاتۆی کورد دیاری نەکراوەو ناوەندێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەو توێژینەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان پێک نەهێنراوە، زیاتر پێڕەوی لە لەبەرهەڵگرتنەوەی ئایدیاو بیرۆکە هاوردەکان دەکرێ، کە ئەوانەش لەگەڵ کولتووری سیاسی‌و شعووری شۆڕشگیری‌و نەریتی باو بەسەر کۆمەڵگادا نامۆنو زیاترین خەسارو زەربە وەبەر پەیکەری لاوان دەکەوێ، چونکە لەڕاستی ژیانو شۆڕشی خوزایی دوور دەکەونەوەو تووشی شڵەژانو بێمتمانەیی دەبن، بۆ ئەوە پێویستە کە بزووتنەوە ئازادی‌خوازەکان زیاتر گرنگی بە هزرو تواناو ئیرادەی لاوانو کۆمەڵگای کوردی بدەنو لەسەر بنەمای ئەمری واقعو ویستی هەنووکەیی کۆمەڵگا گریمانەی سیاسی‌و ستراتیژی خۆیان دەست نیشانو دیاری بکەن.

بۆ رزگاربوون لەو دۆخە پێویستە کە لاوان مەیداندارانە خاوەندارێتی لە شوناسی خۆیان بکەن، بۆیە پێویستە کە بە بووژاندنەوەی دامەزراوەو بنکەو ناوەندەکانی دەسەڵاتداری بە هێزی کارامەو پسپۆڕی لاوانو چالاکی نواندن تێیاندا بە شێوازێکی بەرفراوان هانگاو هەڵبگرنو کۆمەڵگا بەرەو

**ئەوەی لاوان لە شۆڕشە ئازادی‌خوازو رزگاری‌خوازەکان‌دا چەندە کاریگەریان هەیە، بێگومان دەتوانین بڵێین کە رۆڵی کارایی ئەو هێزە لەوەدا کورت دەبێتەوە کە لاوان لە هەموو جیهاندا داینامۆو پێشەنگی شۆڕشەکانن، واتە لە کۆی گۆڕەپانەکان‌دا لاوان بەشداری چالاکی‌یان هەیە. ئەگەر دەرفەتەکان دروست بکرێن دەتوانین بڵێین کە لاوان نەک خەمساردو بێئیرادەو لاواز نین، بەڵکوو گرینگترینو بەهێزترینو دیارترین یاری‌زانەکانی راستەقینەی شانۆی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی بە ئەژمار دێن!**

**پێویستە کە بزووتنەوە ئازادیخوازەکان زیاتر گرنگی بە هزرو تواناو ئیرادەی لاوانو کۆمەڵگای کوردی بدەنو لەسەر بنەمای ئەمری واقعو ویستی هەنووکەیی کۆمەڵگا گریمانەی سیاسیو ستراتیژی خۆیان دەست نیشانو دیاری بکەن. بۆ رزگاربوون لەو دۆخە پێویستە کە لاوان مەیداندارانە خاوەنداریێتی لە شوناسی خۆیان بکەن!**

●●

ژیاریبوونو دێمۆکراتیزەبوون پەلکێش بکەن کە دەتوانێ بەشێک بێ لە کۆتایی هێنان بەو هەموو تەنگژەو قەیرانە سیاسیو کۆمەڵایەتییانەی کە لە کوردستان هاتوونەتە ئاراوە.

### دیالۆگی نێوان نەسڵەکان:

نەوەی رابردوو لە کۆمەڵگای کوردی، نەوەی کۆتاییەکانی حوجرە، سسیستمی دەرەبەگایەتی، عەشایرو سەرەتا و کۆتایی دەست پێکردنی شەڕە گەورە جیهانییەکانە، ئەو نەوەیە لەگەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی هزرە نوێو دێمۆکراتیکەکانو هاوکات لەگەڵ هەرەس هێنانو داخورانی کۆمەڵگا نەریتیو خێڵەکیو سیستمە ئایدۆلۆژییە رەق هەڵاتووە فکرییەکانو کۆمەڵێک کەشی پڕ لە ترسو کوشتنو بڕینو سەرکوتو پاکتاوکردنی رەگەزیو ئەتنیکیو هەڵاواردن لە لایەن سیستمە دیکتاتۆرەکان لەدایک بووە. ئەو نەوەیە تا ئەندازەیەکی بەرچاو و لە رادەبەدەر زیانی بەرکەوتوە کە لە هەژمار نایە، بەرخۆدانی نەوەکانی پێشوو هەمیشە ئیلهام بەخش بووە بۆیە پێویستە کە رێزی لێ بگیردرێو هەمیشە بە چاوی دەستکەوت لە لایەن لاوانەوە سەیری کراوەو دەکرێ. بۆشاییەک لە نێوان نەوەکانی دوێنێو ئەمڕۆدا دەبیندرێ، دەتوانین بڵێین هەر ئەو گرفتەیە کە نەوەکانی دوێنێ لەگەڵ پێش خۆیاندا تووشی بوونو نەتوانراوە کە رێکاری دروستو گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، دەبێ لەوە بگەڕێین کە چۆن دەتوانین ئەو بۆشاییەی لە نیوان ئەو نەوانەدا هەیە کەم بکەینەوەو لێک تێگەیشتنو دیالۆگ لە نێوانیاندا بێنینە ئاراوە. زۆربەی کێشەکانی کۆمەڵگای کوردی بەرهەمی پشت گوێ خستنو لێک تێنەگەیشتنی نێوان نەوەکان بووەو هەروەها لەپەراوێز خستنو بەتاڵ کردنی نەوە لە دوای نەوە، ئەوە بە سەر کۆی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤدا پەلی هاویشتووەو لە بەردەوامی ئەو رەوتەدا کۆمەڵگا بەرەوە داڕمانو داڕووخان دەچێ، بە واتایەک پێک هەڵپڕژاندنو سەرکوتو خاڵی کردنی یەکتر دێتە ئاراوە کە لەم چەند خاڵەدا هۆکارەکانی دەتوانین کوردت کەینەوە:

١: لە پەراوێز خستنی گەنجو هەوڵدان بۆ لاواز نیشاندانو کەمی تواناکانی لە کۆمەڵگادا.

٢: رێگری کردنیان لە هاتنە نێو گۆڕەپانی سیاسی، ئیداریو بەڕێوەبەریو نەبوونیان بە ئەکتەری سەرەکی لە ململانێ سیاسییەکاندا.

٣: خراپی باری ئابووریو نەبوونی ئاسایشی گیانیو ئاسوودەیی دەروونیو هێمنی هزریو نەبوونی پەروەردە.

بۆ ئەوەی بزانین ئاخۆ دۆخی کۆمەڵگا چەندە وەڵامدەری داخوازییەکانی لاوان بووە، تا چ ئاستێک پشت بەو هێزە بەستراوەو دەرەتانی بەرەوپێشچوونی پێدراوە، باشترە کە ئەوە لە بەرچاو بگرین کە هێشتاش بەشێک لە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی نەریتیو خێڵەکییەو بەگشتی بەشێکە لە کۆی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کە تێیدا روانگەو ئەندیشەگەلێکی نەریتیو باوک سالاریو پیاوسالاریو پیرسالاری تێیاندا باڵادەستو دەسەڵاتدارە، لەو لاشەوە کورد تووشی کێشەی بێناسنامەییو بێکیانی هاتووەو بەردەوام لە لایەن داگیرکەران

**نەوەی رابردوو لە کۆمەڵگای کوردی، نەوەی کۆتاییەکانی حوجرە، سسیستمی دەرەبەگایەتی، عەشایرو سەرەتا و کۆتایی دەست پێکردنی شەڕە گەورە جیهانییەکانە، ئەو نەوەیە لەگەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی هزرە نوێو دێمۆکراتیکەکانو هاوکات لەگەڵ هەرەس هێنانو داخورانی کۆمەڵگا نەریتیو خێڵەکیو سیستمە ئایدۆلۆژییە رەق هەڵاتووە فکرییەکانو کۆمەڵێک کەشی پڕ لە ترسو کوشتنو بڕینو سەرکوتو پاکتاوکردنی رەگەزیو ئەتنیکیو هەڵاواردن لە لایەن سیستمە دیکتاتۆرەکان لەدایک بووە!**

●●

کوردستان دەچەوسێندرێتەوە، پاکتاو و کۆمەڵکوژ دەکرێو ماڵو ژیانی تێک دەدرێ. بەم پێیە لەوەها کۆمەڵگایەکدا شوێنو پێگەی کۆمەڵایەتیو تاکەکەسی لاوێک پێگەی بنەماڵەیی ئەو کەسە دیاری دەکاو زیاتر روانگەکان روو بە باوکو سەرپەرشتیارو پلەو پایەی خێڵەکیو باری ئابووریو کۆمەڵایەتی ئەو کەسەن. واتە پێوەرەکانی وەک لێهاتوویی و شایستەسالاریو خوێندەواریو توانا فکرییەکان گرینگیان پێنادرێ، بەڵکوو پێوەندی خزمایەتیو ناوچەو عەشیرەو ماددیات چارەنووسی ئەو لاوە تازە پێگەیشتووە دیاری دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا بێکاری، خراپی باری ئابووری، نەبوونی خۆشگوزەرانی، نەبوونی پەروەردە کە ئەوەش بۆتەی هۆی ئەوەی کە بێ هیوای باڵ بەسەر لاواندا بکێشێو تووشی دەیان

نەخۆشی دەروونی، خەمۆکی، هەڵاتن، دوورەپەرێزی لە کۆمەڵگا، خۆکوشتن‌و تووش بوون بە ماددە سڕکەرە هۆشبەرەکان‌و دەیان تراژیدیای‌تر بین کە زەبری کوشندەیان لە کۆمەڵگا داوەو شوێنەواری خراپی جێ‌هێشتووە.

ئەرکەکانی لاوان‌و داهاتوو:

لاوان لەم قۆناغەی ئێستادا دەبێ شۆڕشێکی زێهنی بکەن‌و لە کۆمەڵگای کوردی‌دا خاوەن پرۆژەی خۆیان بن‌و هەوڵ بدەن تا ئەو رادەیەی دەتوانن ئاستی رۆشنبیری‌و تواناکانی خۆیان بەهێزتر بکەن‌و بە شێوازێکی نوێ رۆشنگەری بکەن‌و کۆمەڵگا وشیار بکەنەوە. کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی لاوە واتە، رێژەیەکی بەرچاوەی ئەو کۆمەڵگایە لە لاوان پێک دێ، لاوان دەبێ وشیارانەو بە هەموو توانایانەوە بەرپرسیار بن بە نیسبەت چارەنووسی کۆمەڵگاکەیان‌و هەوڵ بدەن کە نەریت‌و کولتوورە جوان‌و بەسوودەکانی کۆمەڵگا بپارێزن‌و هاوکات کولتووری نوێش بێننە کایەوە. لاوان دەبێ بەشداری بکەن لە کایە سیاسی، ئابووری‌و، ئیداری‌و گۆڕانکاری‌یە کۆڵایەتی‌یەکان پەرە پێ‌بدەن. ئەوان دەبێ شۆڕشێکی گشتگیرو فرەڕەهەند وەگەڕ بخەن‌و کارو چالاکی‌یەکانیان لەسەر بنەمای شایستەسالاری‌و توانا هزری‌و پراکتیکی رۆژیڤ بێت، ئەوەی لە قۆناغی ئێستادا گرینگە بە پسپۆڕی کردنی دامەزراوە، رێکخراوە سیاسی، مەدەنی‌و تاکەکانی کۆمەڵگایە کە لاوان دەتوانن لێرەدا مۆدێلەکانی خۆیان تاقی بکەنەوەو هەوڵی پێک هێنانی رێفۆڕم‌و گۆڕان‌و نوێ‌بوونەوە لە سیستم‌و کۆمەڵگادا بدەن.

شەڕی گۆڕانکاری سیاسی‌و شۆڕشی کۆمەڵایەتی‌و چینایەتی لەنێو کۆمەڵگای کوردی‌دا دەتوانێ گەورەترین دەستکەوت مسۆگەر بکا کە لاوان دەبێ پێشەنگایەتی ئەو شۆڕشە بکەن. دبێ کولتووری یەکتر تەعامۆل کردن، دیالۆگ، شەفافیەت، نوێ گەرایی‌و نوێ بوونەوە پەرەی پێ بدرێ. پێویستە لاوانی ئێمە شوناس‌و پێگەی خۆیان بدۆزنەوە، لێ‌هاتوویی‌و کارامەیی خۆیان تاقی بکەنەوە. لاوان دەبێ بە باوەڕپەتێکی تەواو بێنە نێو ململانێکانەوە، تێچووی قورس بدەن، پاشەکەشە نەکەن‌و ئامانجدارانەو لە

**شەڕی گۆڕانکاری سیاسی‌و شۆڕشی کۆمەڵایەتی‌و چینایەتی لەنێو کۆمەڵگای کوردی‌دا دەتوانێ گەورەترین دەستکەوت مسۆگەر بکا کە لاوان دەبێ پێشەنگایەتی ئەو شۆڕشە بکەن. دبێ کولتووری یەکتر تەعامولّ کردن، دیالۆگ، شەفافیەت، نوێ گەرایی‌و نوێ بوونەوە پەرەی پێ بدرێ!**

●●

پێناو بەرژەوەندی کۆمەڵگاو ئازادی‌یە تاکی‌یەکان‌دا چالاکی بکەن، لەولاشەوە هەوڵدان‌و تێکۆشانی بەردەوام دەتوانێ بیبێتە بەرگی سەرکەوتن. لاوی رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەکەوە لەگەڵ زەینیەتێکی داخراو، دوگم، کۆنەپارێزو فاشیستانەی سیستەمەی دەسەڵاتداری حاکم بەسەر ئێران‌دا بەرەورووپە کە هەموو هەوڵی سڕینەوەی زمان‌و کولتووری کورد، سەرکوتی نەتەوەیی، تووش کردنی لاوان بە ماددە هۆشبەرەکان (ژێنۆسایدی سپی) و بەگشتی ئیفلیج کردن‌و لەپێ خستنی لاوان بۆتە یەکێک لە ئامانجە هەرە گەورەکانی ئەو رێژیمە، لەلایەکی‌تریشەوە نەریتە خێڵەکی، تاک پەرستی، بەستەڵەکە فکری‌یەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی هێشتاش لەنێو نەچوون، وەکوو دەبینین کۆمەڵگای کوردی بەدەست کەمینەیەکی داخراو، خۆپەرست، بەرژەوەندی‌خواز دەناڵێنێ، کە هەمووی ئەوانەش رێگرن لە بەردەم گەشەکردن‌و دێمۆکراسی‌و بنیاتنانی ژیانی ئازاد. بە بڕوای من زۆربەی کێشە هەڵواسراوەکان لە نەبوونی یەکگرتوویی لاوانی کورد سەرچاوە دەگرن، کە پێویستەو دەبێ لاوان ئەو تەلیسمە بشکێنن. ئەرکە بۆ نەوەکانی ئەمڕۆ هاوکات لەگەڵ گەڕان بە دوای شوناس‌و شوێن‌و پێگەی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی خۆیان وەک لاو، دەبێ ناسنامەی نەتەوەیی کوردیش بپارێزن، «ناتوانین لە نێوان چارەنووسی لاوی کوردو پرسی کورد جیاوازی دابنێین، چونکە ئەم دووانە پێکەوە گرێدراون‌و شوناسی لاوی کورد وەک مرۆڤێک بە ناسنامەی نەتەوەیی ئەو کەسەوە لکاوە». کەواتە بۆ چارەسەری پرسی سیاسی کورد وەک نەتەوەیەکی کۆلۆنی کراو لە رۆژهەڵاتی ناوین‌و کۆتایی هێنان بەو هەموو تەنگژەو گرفت‌و لەمپەرانە، هاوکات گەیشتن بە بەختەوەری، رزگاری، ئازادی، دێمۆکراسی دەبێ لاوان تێچووی بۆ بدەن‌و لە تیکۆشان نەوەستن. لێرەدا ئاماژە بە یەکێک لە وتە هەرە بەنرخەکانی رێبەری شەهید د. عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو دەکەم کە دەفەرموە: «**گەلێك ئازادی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادی‌یەش بدا**».

لاوان دەبێ لەگەڵ نەوەکانی رابردوو بکەونە دیالۆگ بە شێوەیەکی ئەخلاقی‌و زانستی خەسارناسی‌و شرۆڤەی پرسە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و مێژوویی‌یەکانی کورد بکەن، راوبۆچوونی خۆیان بێننەبەرباس‌و خۆیان بە بەرپرسیار بزانن بە نیسبەت نەتەوەی کوردو داهاتووی ئەو گەلە.

ئەرکە بۆ دەزگاو ناوەندەکانی راگەیاندن‌و دامەزراوەو رێکخراوە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان کە توێژی لاو لە بەرچاو بگرن‌و گرینگی‌یان پێ‌بدەن‌و تا ئەو ئاستەی کە پێویست بێ بەشداریان بکەن لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری‌و ئیداری‌داو هەوڵ بۆ پێگەیاندن‌و پەروەردەکردنی ئەو سەرمایە گەورەی کۆمەڵگاکەمان بدەن.

# کورتە دیمانەیەک دەگەڵ سێ لاوی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات لەسەر پرسی لاوان لەو وڵاتانەدا!

سازدانی دیمانە: ئازاد عەباسیان

**پرسیار: تکایە بە کورتی خۆت بناسێنەو بفەرموو کە ساڵی چەند رووت کردۆتە هەندەران؟**



وەڵام: من جەماڵ نەجاری ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لەدایک بووم، تا تەمەنی ٢٥ ساڵی لە شاری بۆکان ژیاوەو هەر لەوێش دیپلۆمی ئەدەبیاتو زانستە مرۆییەکانم وەرگرتوە. لە ١٩٩٨ تا ٢٠٠٤ ئەندامی ئەنجومەنی ئەدەبی بۆکان بووم. ٢٠٠٢ تا ٢٠٠٤ وەک بەرپرسی ئەنجومەنی ئەدەبی بۆکان هەڵبژێردرام. ساڵی ٢٠٠٤ بەهۆی گوشاری هیزە ئەمنییەکان رووم لە باشووری کوردستان کردو لە زانکۆی سەلاحەدین لە بەشی کوردی درێژەم بەخوێندن دا، هاوکات لە ڕاگەیاندنەکانی باشووری کوردستان وەک ڕۆژنامەوانێک دەستم بە کار کرد. لە ڕۆژنامەی خەبات، حەوتوونامەی جەماوەر، تەلەفزیۆنی زاگرۆس، ڕادیۆ دەنگی کوردستان و گۆڤارەکانی ڕاقەو وارڤین کارم کردووە لە زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی دیکەدا بابەتی ئەدەبیو ڕۆژنامەوانیم بڵاو کردۆتەوە. دوا بەرپرسایەتیم سەرنووسەری ماڵپەڕی دەنگی کوردستان بوو. ساڵی ٢٠٠٨ لیسانسی زمانو ئەدەبی کوردیم لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر وەرگرت. ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنسولخانەی فەرەنسا داوای مافی پەنابەریم کردو لە مانگی دێسامبری ٢٠١٠ بە رەسمی ژیانی نوێم لەگەڵ بنەماڵەکەم لە وڵاتی فەرەنسا دەست پێ کرد.

**پرسیار: لاوانی ئەم وڵاتە(ئورووپایی) چۆن دەبینی؟ ئایا ئەوان بە باشی کەڵك لە دەرفەتەکان وەردەگرن؟**

وەڵام: لەڕاستیدا ئەوە بۆ سێ ساڵ دەچێ کە من لە وڵاتی فەرەنسا دەژیم، دەتوانم بڵێم هێشتا بە تەواوی تێکەڵی کۆمەڵگەی فەرەنسی نەبووم، بەڵام ئەوەی کە دەبینم لاوان لە کەشو هەوایەکی ئازاددا دەخوێنن، سەفەر دەکەن، دڵداری دەکەنو تەمەنی گەنجێتی خۆیان بەسەر دەبەن، نازانم ئاخۆ توانیویانە کەڵک لە دەرفەتەکان وەربگرن یان نا، ئەوە پێویستی بە مانەوەی زیاتری من هەیە لەم وڵاتــەداو ئاشنایەتی لەگەڵ داب و نەریتو چۆنیەتی ژیانی لاوان لە فەرەنسا.

**پرسیار: وەك لاوێکی کورد تا چەند توانیوتە لەو دەرفەتانەی کە لەوێ بۆت ڕەخساوە کەڵك وەربگری؟**

وەڵام: من لە تەمەنی ٣٢ ساڵیدا ڕووم لە هەندەران کردوە، تەمەنێک کە نە زووەو نە درەنگە، هەر لە سەرەتاوە هەوڵی فێربوونی زمانی فەرەنسیم داوەو هەتا ئێستاش هەر بەردەوامم. ئاشنایەتی لەگەڵ زمانی فەرەنسا بۆ من ئەزموونێکی تازە بوو، چونکە فەرەنسا هەمیشە لە لای من وڵاتی هونەرو ئەدەبو ڕووناکبیری بووە. پێشتر بە زمانی فارسی زۆر شتم سەبارەت بە ڕووناکبیریی فەرەنسی خوێندبۆوە. لەگەڵ هاتنم بۆ فەرەنسا بڕیارمدا کار لەسەر مێژووی ڕووناکبیریی فەرەنسی بکەمو لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا بە کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە فارسیو فەرەنسییەکان مێژووی ڕووناکبیریی فەرەنسی لە سەدەی بیستەمدا لە دووتوێی کتێبێکدا ئامادە کردووە ئێستا ئامادەیە بۆ چاپ، هەروەها سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنم بۆ درێژەپێدانی خوێندن لە وڵاتی فەرەنسا. لە ماوەی ئەو سێ ساڵەشدا لە کاری ڕاگەیاندنی کوردی دانەبڕاوم لە زۆربەی گۆڤارو ماڵپەڕەکاندا

بابەتی ڕۆژنامەوانیم بڵاو کردۆتەوە.

**پرسیار: بە گشتی لاوانی کورد لەوێ چۆن هەڵ دەسەنگێنی؟**

وەڵام: لاوانی کورد لە فەڕەنسا بە چەند شێوە ژیانی خۆیان دەکەن، بەشێکیان سەرقاڵی ژیانو کاروباری ڕۆژانەی خۆیانن، بەشێکیان سەرقاڵی خوێندنن، بەشێکیان تێکەڵ بە کۆمەڵگەی فەڕەنسا بوونو لەگەڵ فەڕەنسی‌یەکان ژیانی هاوبەشیان پێک هێناوەو دوورن لە کێشەو گرفتەکانی پێوەندیدار بە کوردو کوردستان، بەڵام لەکاتی چالاکی‌یەکی کولتووری‌و سیاسی‌دا لاوانی کورد بە شێوەیەکی بەرچاو ئامادە دەبن.

**پرسیار: جەنابت خۆت بە خوێنەرانمان بناسێنەو بفەرموو ساڵی چەند رووت کردۆتە هەندەران؟**

وەڵام: سمایل زارعی، لە شاری بانە لەدایک بووم. ساڵی ٢٠١٠ پەڕیوەی هەندەران بوومو ئێستا لە وڵاتی نۆرویژ(نۆرگە) دەژیمو مافی پەنابەریم وەرگرتوە.

**پرسیار: لاوانی ئەم وڵاتە(ئورووپایی) چۆن دەبینی؟ ئایا ئەوان بە باشی کەڵك لە دەرفەتەکان وەردەگرن؟**

وەڵام: لاوان لەم وڵاتەدا، ئەوەی بە ڕەچەڵەک نۆرویژی‌یە یان نۆرویژی نیە، بەڵام لە نۆرویژ گەورە بووە روانگەیان بە نیسبەت زۆر پرسەوە جیاوازە. دەتوانم لە یەک وشەدا بڵێم کە ئەوان هێندێک شتی وەک پرسی نەتەوەیی، کێشە سیاسی، ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانیان وەک ئێمە بۆ گرینگ نیە، باشتر وایە بڵێم هەر لە بنەڕەتدا کێشەیەکی ئەوتۆیان نیەو ئەگەر کێشەیەکیش لەو بابەتەوە لەم وڵاتەدا هەبێ، بە زۆری، لاوەکان بە ئی خۆیانی نازانن‌و خۆیانی لێ بە بەرپرسیار نازانن. ڕەنگە لە ئاستێکی زۆر لاوازو ڕواڵەتی‌دا، وەک قسەی بن کۆڵان‌و شتێکی زۆر ئاسایی باسی بکەن، لە حاڵێک‌دا لە نێو ئێمەی کورددا، دەبێ بڵێم بەداخەوە، ئەو کێشانە کێشەی سەرەکیین بۆ لاوی کورد. هەرچەندە ئەمە هەمووشی هەر خراپ نیەو لایەنگەلێ خاسیشی هەس، بۆ وێنە ڕۆشنبیریی لاوی کورد لە زۆر بواردا دەباتە سەر، بەڵام بە گشتی ئەم کێشانە بەشێکی زۆر لەو توانایی‌و خۆشی‌یانەی سەردەمی لاوێتی لاوی کورد دەستێنن. بە بڕوای من ئەو جۆرە لاوە لە ئورووپا بە باشترین شێوە، کەڵک لە دەرفەتەکان وەردەگرن، چونکە هەم کۆمەڵگا، هەم پەروەردە، هەم دەسەڵات‌و هەم خۆشیان بەردەوام دەرفەتی باشترو خۆش بژی بۆ تاکەکان دەڕەخسێنن.

ئەم مەسەلەیە بۆ ئەو لاوانەی کە لە کوردستانەوە بە هەر هۆیەک پەڕیوەی دەرەوەی وڵات بوون تۆزێک جیاوازە. بەشێکیان بە پێی ئەو باگراوندەی لە کوردستان هەیان بووە، چ لە باری ئاکادیمی‌و خوێندەواری‌یەوە، یان لە باری پیشەیی‌و ڕۆشنبیری تاکەکەسی‌یەوە زۆر زوو خۆ دەگرن‌و جێگەو پێگەیەک بۆ خۆیان دەدۆزنەوە، بەڵام ئەوانەی کە ئەم دەرفەتەیان بۆ نارەخسێ زۆرتر وەک دڵۆپێکی ئاو لە ئۆقیانووسێک‌دا نوقم دەبن‌و بە بڕوای من ماوەیەکی زۆر دەبا تا خۆیان دەدۆزنەوەو دەکەونەوە گەڕ.

ئەو لاوانەش کە هیچ وەڵامێکی ئەرێنی یان باشتر وایە بڵێم مافی پەنابەرێتیان لەم وڵاتانەدا وەرنەگرتوە، دەتوانم بڵێم ئەوانە لە هەموو مافێکی تەنانەت سەرەتاییش لەم وڵاتەدا بێبەشن. بەڕاستی لەو بارەوە مرۆڤ نازانێ بڵێ چی‌و هیوادارم هەموو ئەوانەی کە بە حەق مافی خۆیانە مافی پەنابەرێتی وەرگرن بەو حەقە ڕەوایەی خۆیان بگەن.

**پرسیار: وەك لاوێکی کورد تا چەند توانیوتە لەو دەرفەتانەی کە لێرە بۆت ڕەخساوە کەڵك وەربگری‌و، هەروەها بە گشتی لاوانی کورد لێرە چۆن هەڵ دەسەنگێنی؟**

وەڵام: منیش وەک ئەو دڵۆپەم کە لە ئۆقیانووسێک کەوتبێ.

هەم باش‌و هەم خراپ. لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی‌تر دەگۆڕێ، بەڵام بە گشتی خراپی نابینم. بە تایبەتی ئەوانەی کە زۆر دەروەستن بە کولتوورو داب‌و نەریتی کوردی‌یەوەو گرینگی بە پرسە جۆراوجۆرەکان لە کوردستان دەدەن.



ئـەوەی تەنیا تێکەڵ بە کۆمەڵی نۆرویژی بووەو بۆتە کورد ـــ نۆرویژی ئەوانە باش دەبینم، ئەوەش کە تەواو لە کۆمەڵگای نۆرویژیدا تواوەتەوەو تەواو بۆتە نۆرویژی، ئەوانە ئیتر نابێ وەک کورد حیسابیان لەسەر بکەیو چاوەڕوانی‌یەکی تایبەتیت لێیان هەبێ.

**پرسیار: نەبوونی مافی پەنابەری تۆ لەم وڵاتە، چ کاریگەریەکی هەبووە تا ئێستا لەسەر جەنابت؟**

وەڵام: هەرچی هەمە بەهۆی ئەوەوەیە کە لەم وڵاتـەدا مافی پەنابەرێتیم وەرگرتوە. ئەگەر مسقاڵێک سەرکەوتووم، یان تۆزقاڵێک خۆم گرتووە، هەمووی لەبەر ئەوەیە کە مافی پەنابەرێتیم هەیە، دەنا ئەگەر وا نەبوایە، ئەوە بە هیچ کام لەو شتانەی ئێستا هەمن ـــ کە رەنگە زۆریش کەمو چکۆلە بن ـــ نەگەیشتبام.

**پرسیار: تکایە تۆش خۆت بەخوێنەرانی گۆڤارەکەمان بناسێنەو بفەرموو کە ساڵی چەند رووت کردۆتە هەندەرانو هەروەها مافی پەنابەریت وەرگرتووە؟**

وەڵام: من ناوم رۆناهی‌یە و ساڵی ١٩٨٧ لە بناری قەندیل لە بنەماڵەیەکی پێشمەرگە لەدایک بوومەو لە ساڵی ١٩٩٥وە لە وڵاتی سویسمو ساڵی ٢٠٠٩ش ژیانی هاوسەریم پێک هێناوە. بەڵێ! هەر لە تورکیەوە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆیان ئێمەیان هێنا بۆ سویسو لێرەش گشت ئیمکاناتێکی ژیانیان بۆ دابین کردین.

**پرسیار: لاوانی ئەم وڵاتە(ئورووپایی) چۆن دەبینی؟ ئایا ئـەوان بە باشی کەڵك لە دەرفەتەکان وەردەگـرن؟ ئەدی جەنابت تا چەند توانیوتە لـەو دەرفـەتـانـەی کە لـێـرە بـۆت رەخـسـاوە کـەڵـك وەربـگـری؟**

وەڵام: لاوانی ئیرە بە گشتی هیچ گرفتێکیان نیە لە ژیـانـدا. لە بواری ئیمکاناتەوە، لاوان لێرە تەواو ئازادنو خۆیان دەتوانن مەسیری ژیانی خۆیان دیاری بکەنو بۆ ئەو مەبەستەش، دایکو باوکو دەوڵەتو قوتابخانەو زانکۆکان لە ئیختیار لاوان دان بۆ پێگەیاندنیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا لاوانی ئێرە هێندێکیان باش کەڵک لە ئیمکاناتو بوارەکان وەرناگرن، بەهەرحاڵ ئەوە هەر کەس خۆی دەزانێ لە ژیانی خۆی‌دا چ دەکا، گرینگ ئەوەیە کە بەربەست بۆ لاوان نەبێو لاو ئازاد بێ ئەوکات خۆی بریاری ژیانو داهاتووی خۆی دەدات، ئەوە گرینگە، کە لە هەموو وڵاتانی ئورووپایی‌دا هەیە.

من خۆم ئەوەندەی توانیبم کەڵکم لە دەرفەتەکان وەرگرتوە، ٩ کلاسی مەدرەسەی ئیجباریم تـەواو کـردوە، (لێرە ٩ کلاس خوێندن بۆ هەموو منداڵیک ئیجباریە) پاشان ٦ ساڵیش دەورەی کارئامووزیم خوێندوە(خوێندنی حیرفەیی لە بوارێک‌دا، یان تەخەسوسی). ئێستا خەریکی ژیانی ئاسایی خۆمەو ئـەوەنـدەی بـۆم بکرێ بـەشـداری چالاکی‌یە نەتەوەیی‌یەکانیش دەکەم.

**پرسیار: بە گشتی لاوانـی کـورد لـێـرە چـۆن هـەڵ دەسـەنـگـێـنـی؟**

وەڵام: لاوانی کورد لێرە بەداخەوە رێژەیەکی کەمیان بە باشی کەڵک لە ئیمکانات وەردەگرن، زۆربەیان دوای ٩ ساڵ خوێندنەکە ئیدی وەدوای هیچی‌تر ناکەون کە لێرەدا بنەماڵە دەتوانێ خەتابار بێ کە ئەو منداڵەی هان نەداوە درێژە بە خوێندن بدا یان پلەکانی‌تری سەرکەوتن ببرێ. شتێکی‌تریش هەیە: لاوانی کورد لە ئورووپا کە زۆربەیان سەربە بنەماڵەی پیشمەرگەو سیاسینە، هێندێکیان نەبێ ماباقی لە کوردبوونی خۆیان دورکـەوتـوونـەتـەوەو تەنانەت هێندێکیان هەر کوردیشیان لە بیر نەماوە قسەی پێ‌بکەن، بەشداری چالاکی نەتەوەیی ناکەن، کە لـەوەش‌دا من سەرەتا بنەماڵەو پاشان رێکخراو و حیزبە کوردی‌یەکان بە تاوانبار دەزانم کە زۆر کەمکارنو هیچ شتێک بۆ لاوان ناکەن یان زۆر کەم ئاوڕ لە لاوان دەدەنەوە.



# ڕۆڵ‌و بەشداری ئافرەتان لە یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵاتدا!




شەونم هەمزەیی

بەخۆشی‌یەوە ئەمڕۆ کە دەبینین ئافرەتی کورد توانیویەتی وەکوو توێژێک لە کۆمەڵگا خۆی بناسێ‌و بە دامەزراندنی کۆڕو کۆمەڵ و ڕێکخراوە وەکوو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی خۆی پێناسە بکا، هەرچەندە کۆمەڵگای پیاوسالاری کوردستان‌و کولتووری چەند هەزار ساڵەی پیاو سالار لەمپەرێکی گەورەیە، لەم نێوەداو تێپەڕنەکردنی قۆناغی ڕزگاری نەتەوەیی تا ڕادەیەک ئافرەتانی کوردستانی خستۆتە پەراوێزەوە.

ژنان وەک توێژێکی کارا، چالاک‌و ئەکتیڤ کە لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا قۆناغگەلی جۆراوجۆری تێپەڕ کردوە، ئەوەی کە ڕوون‌و ئاشکرایە ئەوەیە کە کارو چالاکی ژنان چ لە نێو حیزبە کوردیەکان‌و چ وەکوو ڕێکخراوگەلی سەربەخۆو لە نێو ڕێکخراوەکانی‌تری وەک لاوان‌و خوێندکاران، لە کۆمەڵگادا کاریگەری خۆی هەیە. بۆوێنە ئەگەر بڕوانی‌یە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبینین کە ڕادەی ژنانی خوێندەوار لە یەک دوو دەیەی ڕابردوودا گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، ئاستی وشیاری کۆمەڵگە بە گشتی سەبارەت بە پرسی ژن‌و مافی ژنان ڕوو لە گەشە بووە.

یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵات کە لە ژێر دروشمی «یەکڕیزی لاوان بەرەو داهاتویەکی گەش» بەڕێوەچوو، تیایدا لاوانی ڕۆژهەڵات کە هەر یەک ئەندامی ڕێکخراوێکی لاوانی سەربە یەکێک لە حیزبە ڕۆژهەڵاتیەکان بوون، یەکگرتووانە توانیان بە هەموو بیروبۆچوونێکی جیاوازەوە بەشداری کۆنفڕانس بن‌و ڕۆڵ‌و کاریگەری خۆیان لەسەر ڕەوشی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنفڕانس بخەنە بەر باس.

بەڵام ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە کە زیاتر بیڕژێمە سەری، ڕۆڵ‌و بەشداری ئافرەتان لە کۆنفڕانس دایە، هەرچەند ئەوەی کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ، ئافرەتانی بەشداربوو لە کۆنفڕانس لە توێژی لاو بوون، بۆیە کاتێک باس لە لاو بکرێ، هەر دوو ڕەگەزی نێرو مێ دەگرێتەوە.

ئەوەی کە لێرەدا ڕۆڵی ژن‌و بەشداری لە کۆنفڕانسدا جیا دەکرێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆکار کە هەموو کات تاکەکانی کۆمەڵگا ئەم ڕوانگەیەیان هەبێ‌و ببێتە پرسیار کە ژنان چەندە توانیویانە ڕۆڵ‌و کاریگەریان هەبێ‌و بە چ ڕێژەیەک توانیویانە بەشدار بن.

ئافرەتان بە شێوەیەکی بەرچاو بەشداریان لە کۆنفڕانسی لاواندا کرد،

توانیان راو سەرنجو بۆچوونی خۆیان بگەیەنن، لە زۆر بەرنامەو کاری کۆنفرانس، لە بەڕێوە بردنو باس کردن لە کیشەو گرفتەکانی لاوان لە ڕۆژهەڵات، بەشداریان لە لیژنەو کارەکانیتری تایبەت بە کۆنفرانس، ڕۆڵیان بینیوە.

هەرچەند ئەگەر بەراورد بکرێ لە بەشداری ئافرەتان لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر کە پیاوانن بە ڕێژەیەکی کەمتر بووە، ئەمانەش هۆکاری جیاوازی هەیە کە هەر لە ڕابردووەوە بوونەتە بەربەست لەبەردەم ژنان کە بتوانن خۆیان لە چالاکیەکان دا ببینەوە.

کورد وەک قەوارەیەکی نایەکگرتوو، نەبوونی ناسنامەی تەواو، جوغرافیایەکی پارچە پارچە کراو بەسەر چەند وڵاتی داگیرکەر بە چەندین دابو نەریتو سیاسەتی جیاوازەوە، کە یەکێک لە ئاڵۆزیو هۆکارە سەرەکییەکانی دنیای مۆدێرنیتەیە، گەڕان بە دوای شوناسو شکستە یەک لەدوا یەکەکانیو گەیشتن بە دەوڵەتی کوردی، ئەمانە هۆکارگەلێکن کە کاریگەری خراپیان لەسەر تاک تاکی تاکەکانی کۆمەڵگا داناوەو ژنان زیاتر لە هەر تاکێک قوربانی ئەم کیشەو گرفتانەن.

دابو نەریتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگاو تێڕوانینی جیاوزیان لەسەر ژنان، یان بە کەم زانینی ژنانو کاریگەریان لەسەر ڕووداوەکانو لە هەمان کاتیشدا زۆرجار ژنان خۆیان هۆکارێکی سەرەکیین لەبەردەم بەرەوپێش نەچوونیان، هەریەک لە «توانین، ویستن، بوێری، هێشتن» کاریگەریان لەسەر بڕوا بەخۆبوونی ژنان داناوە. ئایا ژنان چەندە توانایان هەیە؟ بەشداری کردنیان تەنیا ڕواڵەتیانە نیە؟ ژنان چەندە کارەکانو بەرپرسیارەتیان دەخەنە دەست پیاوان؟ یان ئایا بەڕاستی ژنان چەندە ویستو حەزو ئارەزوویان لە هەمبەر داواکانیانو ڕۆڵو کاریگەری لەسەر گۆڕانکاریەکان هەیە؟ ئایا ژنان چەندە بوێریان هەیە بەرامبەر تواناکانی خۆیان؟ یان ئایا چەندە ڕێگە پێدراون بۆ بەشداری کردنیان لە کارو چالاکیەکانو هاتنە دەرەوەیان لە ماڵەوە؟

**ژنان وەک توێژێکی کارا، چالاکو ئەکتیڤ کە لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا قۆناغگەلی جۆراوجۆری تێپەڕ کردوە، ئەوەی کە ڕوونو ئاشکرایە ئەوەیە کە کارو چالاکی ژنان چ لە نێو حیزبە کوردیەکانو چ وەکوو ڕێکخراوگەلی سەربەخۆو لە نێو ڕێکخراوەکانیتری وەک لاوانو خوێندکاران، لە کۆمەڵگادا کاریگەری خۆی هەیە!**

● ●

بێگومان هەریەک لەم بەربەستانە ئەگەر بێو لە بەرۆکی ژنان ببێتەوە، ئەوکات دەتوانرێ باشتر باس لە کاریگەریەکانی ژنانو تواناکانیان بکرێو، کاتێک باس لە توێژی لاو کرا، هیچ کات ئافرەتانو پیاوان لە یەکتر جیا نەکرێتەوە. بەڵام هەموو ئەو هۆکارانە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕۆڵو بەشداری ژنان وەک بەشێکی جیاواز ئاوڕی لێ بدرێتەوە.

بەڵام ئەوەی جێگای خۆشحاڵیە لەگەڵ بەرەوپێش چوونەکانو بەرزبوونەوەی ئاستی فەرهەنگیو رۆشنبیری تاکەکانی کۆمەڵگا، ژنان تا ڕادەیەک توانیویانە بەسەر کیشەو گرفتو لەمپەرەکاندا زاڵ بنو وەک هەر تاکێکی کۆمەڵگا هەوڵ بدەن ڕۆڵیان لە ریفۆڕمخوازیو چاکسازی کۆمەڵگادا هەبێ. بەشی هەرە زۆریش لە ئافرەتانی چالاک لە بواری ژنانو نەتەوایەتیدا پێیان وایە کە گەلی کورد چۆن هێشتا قۆناغی رزگاری نەتەوەیی تێپەڕ نەکردوە، دەبێ هەموو هێزو توانای کۆمەڵگا تەرخان بکرێ بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتیو دەستەبەر کردنی مافی دیاری کردنی چارەنووس، هەرکات کورد بە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی گەیشت ئەوکات دەتوانرێ مافی ژنو هەر تاکێکی کۆمەڵگا دەستەبەر بکرێ.

بۆیە ژنان لە پاڵ داکۆکی کردن لە مافەکانی ژناندا زۆر ئەرکیتریان لەسەر شانە کە پێویستە وەک هەر تاکێکیتری کۆمەڵگا لە پێناویدا هەوڵ بدا، چونکە ئەگەر باس لەهەر یەک لە توێژەکانی کۆمەڵگا بکرێ لە منداڵ، لاو، خوێندکارو توێژی نەخوێندەوارو پەک کەوتەی کۆمەڵگا ژنان نیوەی هەر یەکێک لەم توێژانە پێک دەهێننو بێگومان وەک بەشێک لە کۆمەڵگا ڕۆڵو کاریگەری خۆیان دەبێ.

کۆنفرانسی لاوانی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی دیار ئاوڕی لەم لایەنانە داوەتەوەو گرینگی داوە بە رۆڵی ئافرەتان کە بتوانن شان بە شانی رەگەزی بەرامبەریان بەشداری لە پرسەکاندا بکەن، هەروەک لە بەرنامەو پرسو بابەتەکانی کۆفرانسدا بەرچاو دەکەوێ کە ژنان بەشدار بوون لە خستنەبەر باسی کێشەو گرفتەکانی لاوان لە ڕۆژهەڵاتو سەرنجو بۆچوونەکانیانو هەوڵدانیان بۆ باشتر کردنی رەوشی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

هەروەها لە بەشێک لە بڕیارو راسپاردەکانی کۆنفرانسدا ئاوڕیان لە کیشەو گرفتی ژنان لە ڕۆژهەڵات داوەتەوەو لە بڕگەکاندا پەسەند کراوە.

لە گرینگترین ئەو باسانەی کە کۆنفرانسی لاوان سەبارەت بە کیشەو گرفتی لاوان لە ڕۆژهەڵات ئاوڕی لێدایەوە، دیاردەی کۆچی لاوانو بەربەستو لەمپەرەکان لەبەردەم گەیشتن بە عەداڵەتی کۆمەڵایەتیو رۆڵی لاوان لە خەباتی رزگاری خوازانەی گەلی کورد، هەروەها پرسی ئێعدامی لاوانو ماددە هۆشبەرەکان کە بێگومان ژنان زیاتر لە هەر تاکێک لەگەڵ ئەم کیشەو گرفتو ناعەداڵەتیانەی کۆمەڵگا بەرەوڕوون.

# ٢٩ی سەرماوەز، بەستێنی کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵات!








**عەباس حەقبین**

بیستو نۆی سەرماوەز، هەڵگری پەیامێکی گەورەی نەتەوەییو جیهانی بوو، چاردەی لاوی ئاسمانی ئارەزووی لاوی کوردو لاوانی ڕۆژهەڵات بوو. لە ڕەوتی گلۆبالیزمو بە جیهانی بوون‌دا لاوی کورد سەلماندیکە نای هەوێ بتوێتەوەو دەی هەوێ وەک لاوی کورد ڕەسەنیەتی نەتەوەیی خۆی بپارێزێ.

بە پێچەوانەی پیلانی داگیرکەرانی کوردستانو نەیارانی بزووتنەوەی ڕەوای نەتەوایەتی، بۆ جارێکی دیکە جوامێرە لاوەکانی ئەم خاکە سەلماندیان کە بە یەکیەتیی ڕێکخراوەیی لاوانی ڕۆژهەڵات وەک باسکی بە بیروباوەڕو بەهێزی ئەم گەلە چەوساوەیە، بوونیان هەیەو بەرەو لوتکەی مافخوازی دەڕۆن. هەروەها توانیان سەرکەوتووانە ئاڵای ڕەوابوونیان بەرز بکەنەوەو بانگی ئەم گەلە هاودەنگو هاوبیر، بگەیەنە دونیای ئەمڕۆ. بۆیە ئەو یەکگرتنە لە هەلومەرجێک‌دا بەڕێوەچوو کە دوژمنی لەمێژینەمان هەموو سیخوڕو هێزو دەسەڵاتی خۆی بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەم بزووتنەوانە بەکار هێناوەو خستوویەتەگەڕ کە بەردەوام تەپڵی لێک ترازانو ئاژاوەچیەتیو هەڵوەشانەوەی ئەم ڕێکخراوە ڕزگاریدەرانەی لێئەداو وڵاتو دەسەڵاتی بەبێ کێشە ئەدایە قەڵەمو بە قەولی خۆی مەحافلی نێونەتەوەیی بەلاڕێ‌دا بردوە.

ئەم ڕێکخراوانە دەمێ ساڵ بوو کاریان بۆ ئەم یەکیەتیی ڕێکخراوەیی دەکردو گەلێک تەنگو چەڵەمەو لەمپەریان تێپەڕاند تا بەم ئەنجامە مەزنە گەیشتنو لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژوویان نەخشاند بۆ خەباتی بێوچانی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بۆ یەکەم جارو لە یەکەم بەشی ڕزگارکراوی باشووری کوردستان‌داو لە کەشێکی پڕ لە سەفاو سەمیمیەتو لێک گەیشتنو لە کۆڕێکی دەوڵەمەندی فکری‌دا، توانیان هاودەنگو هاوبیر سەبارەت بە چارەنووسی خۆیان بیر بکەنەوەو بڕیار بدەنو لەمڕۆوە بۆ داهاتوو هەنگاو بنێن.

ئەم سەرکەوتنە مێژوویی، نەتەوەییو ڕێکخراوەیی‌یە بە شێوەیەکی گشتی شوێن‌دانەر دەبێ لە ڕەوتی بزاڤی ڕزگاری خوازیو لە یەکخستنی دەنگی کورد لە ڕۆژهەڵات بۆ چوار پارچەی کوردستان.

خاڵێکی گرینگو بەرچاوی دیکە لەم پێوەندی‌یەدا، شوێنی بەڕێوەچوونی کۆنفڕانسەکە بوو کە لە شاری هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان (باشوور) بەسترا، ئەمەش خۆی لە خۆی‌دا پیرۆزیو قودسیەتێکی دیکە ئەدا بەم کۆنفڕانسەو بەم بەشە ڕزگارکراوەی کوردستان.

سەبارەت بە دەسکەوتەکانی کۆنفڕانس دەتوانین بڵێین کە فرەڕەهەندە، بەڵام بۆ بەرچاوڕوونی ئێوە خوێنەری ئازیزو دەوڵەمەندی وتارەکەش، بە پۆلێن بەندی کردنیان لە چەند خاڵ‌دا بە کورتی بەسەندە دەکەین، دیارە وەک کەسێکی بەشدارو شانازی ئەندامەتیم لەم کۆنفڕانسە، ئەم دەسکەوتانە بەم شێوەیە دەخەمەڕوو:

**١**: ڕێکخستنی ئاواتی لەمێژینەی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرەیەکی هاوبەش بۆ ئامانجێکی هاوبەش.

**٢**: سباتو حەقانیەتی ڕێکخراوەیی هەموو ڕێکخراوە بەشداربووەکانو هەست بە جێگیربوونی زیاترو پێگەی قووڵی خۆیان کە بڕوایەکی پڕ لە هیوا بۆ گەشەو هەنگاوی نوێی دروست کرد.

**٣**: دەستەبەرکردنی متمانەی نەتەوەیی بەو شێوە کە گەلەکەمان لەمێژە پێویستی بەرەیەکی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی بە زامنی ڕزگاری گەلو نیشتمان زانیوەو

**بە پێچەوانەی پیلانی داگیرکەرانی کوردستانو نەیارانی بزووتنەوەی ڕەوای نەتەوایەتی، بۆ جارێکی دیکە جوامێرە لاوەکانی ئەم خاکە سەلماندیان کە بە یەکیەتیی ڕێکخراوەیی لاوانی ڕۆژهەلات وەک باسکی بە بیروباوەڕو بەهێزی ئەم گەلە چەوساوەیە، بوونیان هەیەو بەرەو لوتکەی مافخوازی دەڕۆن. هەروەها توانیان سەرکەوتووانە ئالای ڕەوابوونیان بەرز بکەنەوەو بانگی ئەم گەلە هاودەنگو هاوبیر، بگەیەنە دونیای ئەمڕۆ!**

● ●

بە ئاواتەوە بووە کە بتوانێ ئەم بەرەیە پێک بێ، لەڕاستیدا پێک هاتنی ئەم کۆنفڕانسە خەونی لەمێژینەی ئەم گەلەی کردۆتە واقعێکی پڕدەستکەوت.

٤: ریسواو پووچەڵ کردنەوەی پیلانی لەمێژینەی ڕێژیمی لاوکوژی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە هەڵوەشانو دروست کردنی کەلێنی لەبڕان نەهاتوو لە نێوان بەرەی رزگاری خوازیدا.

٥: بەهیزکردنی بیری شۆڕشگێڕیو هیوا بۆ بەردەوامی خەبات لە سەنگەری کۆدەنگی لاواندا وەک باسکی بەهێزی گەل.

٦: هاندانو ڕەخساندنی هەلومەرجی لەبار بۆ بەرەیەکی سیاسی لە لایەن حیزبە دێرینەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە.

٧: گەیاندنی پەیامی یەکیەتیو کۆدەنگی نەتەوەیی بە گوێی ڕێژیمی داگیرکەری ئاخوندیو بەرزکردنی دەنگی لاوی کورد لە گۆڕەپانە ناوچەییو جیهانییەکان، بەو شێوەیە کە ڕەنگدانەوەی میدیاییو ڕوانگەی فرەچەشن سەبارەت بەم ڕاستییە پیرۆزە، زیاتر ئەنرخێنێو بە تاوتوێ کردنی لایەنە پێوەندیدارەکانی ئەم پرسە کاردانەوەی نوێی نێوخۆیی، ناوچەییو جیهانی پەیدا دەکا. ئەم دەستکەوتە مەزنە کاتێ پارێزراو و بەرهەم هێن دەبن کە هەرکام لە تاکەکانی لاوی کورد خۆی لە ئاستیدا بە بەرپرس بزانێو بۆ گەیاندنی بیرۆکە نوێیەکانی پارێزگاری لێبکاو بە گیانی خۆی ئەم هەتاوە بەرەو ئاسۆی نەتەوەکەمان ببا بۆ ئەوەی بە گرشەو تیشکە جوانەکەی وڵاتی کوردەواری ڕووناک بکاتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی هەموو ئەو باسو بابەتانەی خرانەڕوو، ئاوێنەی باڵانوێن بوون لە کێشەو گرفتەکانی لاوی کورد لە ڕۆژهەلاتو چارەسەرکردنیان، هەروەها پەیامی کۆنفڕانس بۆ گەلو نیشتمانەکەی لاوانی ڕۆژهەلات، کۆدەنگی نەتەوەیی بوو. لە بواری ستراتیژیشەوە لەم قۆناغەدا کە ڕەوتی دێمۆکراسیخوازی تا دەرماڵی دیکتاتۆریەتی ئاخوندی چووە، هەنگاوێکی حەکیمانەو سیاسیانەیە.





## بەڕێوەچوونی زنجیرە کۆبوونەوەیەکی ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات بۆ ئامادەکاری یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵات!

### بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات لە هەولێر(١)



کاتژمێر ١٠ی سەرلە بەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی لە بنکەی «بەڕێوەبەری گرووپی کاری لاوان‌و قوتابیانی پارتی ئازادی کوردستان»، کۆبوونەوەی ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەچوو. سەرەتای کۆبوونەوەکە بە ڕاگرتنی خولەکێک بێ‌دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردو کوردستان بە تایبەتی شەهیدانی لە سێدارەدراوی ئەم دواییانەی لاوانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێ‌کرد. پاشان دەستووری کاری کۆبوونەوەکە خرایە بەرباس‌و پاش پەسندکردنی لە لایەن بەشداربووانەوە نەزەرو بیروڕاکان سەبارەت بە پێک هێنانی یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵات تاوتوێ کران.

لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداران سەبارەت بە پێک هێنانی کۆمیتەی ئامادەکار بڕیاریان‌داو ڕایان‌گەیاند کە کۆنفڕانس لە نیوەی دووهەمی مانگی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی‌دا بەڕێوەدەچێ. ئەو کۆبوونەوەیە بڕیاری‌دا کۆمیتەی ئامادەکاری یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی کۆمیسیۆنەکانی «ڕاگەیاندن، پێوەندی، پەیام، بڕیارو ڕاسپاردەو ماڵی»و ... ئامادەکاری بۆ کۆنفڕانسەکە بکەن‌و کارەکانی خۆی بەڕێوەببا. کۆنفڕانسەکە بە بەشداری نوێنەرانی سەرجەم ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و نوێنەری لاوانی دەرەوەی ڕێکخراوەکان، بە پێی ئەو میکانیزم‌و بەرنامە کارییەی لێژنەی ئامادەکاری کۆنفڕانس، بەڕێوەدەچێ.

لەو پێوەندی‌یەدا کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنفڕانس وێڕای بەڕێوەبردنی یەکەم کۆبوونەوەی خۆی داوا لە سەرجەم لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و کەسایەتی‌و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەکا لە ڕێگای لێژنەی ئامادەکارو نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، نەزەرو بیروبۆچوونەکانی خۆیان بۆ هەرچی باشتر بەڕێوەچوونی کارەکانی کۆنفڕانس بگەیەنە دەستیان، کە لە چەند ڕۆژی داهاتووش‌دا، لێژنەی ئامادەکاری کۆنفڕانس ڕاگەیەندراوێک بۆ سەرجەم لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو دەکاتەوە.

شایانی باسە کە لێژنەکە لەم کەسانە پێک هاتووە:

١: سەید جەلال ساڵحی   ٢: جەلال ڕەوانگەرد

٣: تەوار شەریفی   ٤: ئەمین قادری

٥: کارۆ کەنکاش   ٦: فواد جەعفەری

٧: داوود مەنووچێهری

١٥ی خەزەڵوەری ٢٧١٣ی کوردی

٦ی نوامبری ٢٠١٣ی زایینی

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی لیژنەی ئامادەکاری یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵات (٢)




کاتژمێر ١٠ی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەک شەممە ١٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی، لە بارەگای ناوەندی لاوانی خەباتی کوردستانی ئێران سێهەم کۆبوونەوەی لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانس بەڕێوەچوو.

سەرەتای کۆبوونەوەکە تەرخان کرا بۆ تاوتوێ کردنی کارو چالاکی رابردووی ئەندامانی لێژنە، برگەی دوایی کۆبوونەوەکە تەرخان کرا بۆ باس لەسەر ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنفڕانسو کۆمەڵێک خاڵو راسپاردە خرایە بەردەست ئەندامانی کۆنفڕانسو لەسەری ڕێکەوتنو پاش پەسندکردنی چەند بڕیارێک بۆ ئامادەکاری کۆنفڕانس، کۆبوونەوەکە لە سەعات ٥ی دوانیوەڕۆ کۆتایی پێهات.

---

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات (٣)



لە درێژەی کۆبوونەوەکانی پێشووی ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵات، ئەمڕۆ سێشەممە ٢٨ی خەزەڵوەری ٢٧١٣ی کوردی، کاتژمێر ١٠ی سەرلە بەیانی، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی سەرجەم ریکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات لە بنکەی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان بەڕێوە چوو.

سەرەتا ڕاپۆرتی کاری ئەم ماوەیەی لیژنەی ئامادەکردنی یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵات لە لایەن بەڕێز سەید جەلال ساڵحی بەرپرسی کۆبوونەوەکانی لیژنە پێشکەش کراو پاشان نوێنەرانی ڕێکخراوەکان راو بۆچوونو سەرنجەکانی خۆیانیان بە وردی هێنایە گۆڕێ. برگەی کۆتایی کۆبوونەوەکە تەرخان کرا بە لێژنەو لیژنەی ئامادەکردنی کۆنفڕانس بەجیا دانیشتنو تاوتوێی زیاتری کاروبارەکانیان کردەوەو درێژەی بەرنامەی کاریان بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو هەڵگرت.

شایانی باسە کە کۆبوونەوەکە تا کاتژمێر ٥ی ئێوارە درێژەی کێشا.

ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٢٨ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی

١٩ی نۆڤامبری ٢٠١٣ی زایینی

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی لیژنەی ئامادەکاری یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵات (٤)



له درێـــژەی کۆبوونەکانی لیژنەی ئامادەکاری یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهـــەڵات سـەبـارەت بـە گرتنی یەکەم کۆنفڕانسیان، ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١ی سـەرمـاوەزی ٢٧١٣ی کوردی، کاتژمێر ١٠ی سەرلە بەیانی بە ئامادەبوونی ئەندامانی لیژنەی ئامادەکار، لە بارەگای کۆمەڵەی لاوانی ڕۆژهەڵات، کۆبوونەوەیەک بەڕێوە چوو.

لـەم کـۆبـوونـەوەدا وێـــڕای بـاس‌و تاوتوێ کردنی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کـۆنـفـڕانـس، تـــەوەرو بابەتەکانی نـێـو کـۆنـفـڕانـس دیـــاری کـــران.

بڕگەیەکی دیکەی باسی نێو کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە کۆمەڵێک بڕیارو ڕاسپاردە کە لە دووهەم ڕاگەیەندراوی «یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵات»دا بڵاو دەبێتەوەو بە ئاگاداری هەموو لایەک دەگا.

شایانی باسە کە کۆبوونەوەکە لە کاتژمێر ٤ی ئێوارە لە کەشێکی دۆستانەدا کۆتایی پێ‌هات.

لێژنەی ئامادەکاری یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵات
١ی سەرماوەزی ٢٧٠١٣ی کوردی
٢٢ی نۆڤامبری ٢٠١٣ی‌زایینی

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی لیژنەی ئامادەکاری یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵات (٥)




ئەمڕۆ چوارشەممە ١٣ی سەرماوەز، لە درێـــژەی کۆبوونەوەکانی لیژنەی ئامادەکاری بۆ «یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵات» لە ناوەندی بەڕێوبەرایەتی «ڕێکخراوی لاوانـــی پێشڕەو» لە بانەگەورە بەڕێوەچوو. کۆبوونەوەکە کاتژمێر ١٠ی سەرلە بەیانی دەستی پێ‌کردو لە یەکەم تەوەری باسەکاندا، ئامادەکاریی بۆ شوێنی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکەو وردەکارییەکانی تاوتوێ کـراو دوایین بڕیارەکان لەم بـارەوە ڕێکەوتنی لەسەر کرا. لە بڕگەی دووهەمی باسەکاندا، هەندێ خاڵ‌و بڕیاری سزادان پەسەند کرا، بۆ ئەوەی کە ئەگەر لایەنێک هەوڵی تێکدان‌و لەمپەر سازکردن لە بەردەم بەڕێوەچوونی کۆنفڕاسی یەکەمدا سازکرد، بەرەوڕووی سزا ببێتەوە. دوایین بابەتیش تەرخان کرا بۆ دیاریی کردنی وتەبێژێک بە مەبەستی بەشداریی لە پرێس کۆنفڕانسی پێش بەڕێوەچوونی کۆنفڕانسەکە. سەرئەنجام کۆبوونەوەکە کاتژمێر ٤:٣٠ی ئێوارە لە کەشێکی دۆستانەدا کۆتایی پێ‌هات‌و ڕێکەوتی کۆبوونەوەی داهاتووی لیژنەکەش دیاری کرا.

لـێـژنـەی ئـامـادەکـاری یـەکـەم کـۆنـفـڕانـسـی لاوانـــی ڕۆژهـــەڵات
١٣ی سەرماوەزی ٢٧١٣ی کوردی
٤ی دیسامبری ٢٠١٣ی زایینی

## بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی لیژنەی ئامادەکاری یەکەم کۆنفرانسی لاوانی ڕۆژهەڵات

(٦)

لە درێـژەی کۆبوونەکانی لیژنەی ئامادەکاری یەکەم کۆنفرانسی لاوانی ڕۆژهەڵات سەبارەت بە گرتنی یەکەم کۆنفرانس، ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٨ی سـەرمـاوەزی ٢٧١٣ی کـوردی، کاتژمێر ١٠ی سـەرلـە بەیانی بە ئامادەبوونی ئەندامانی لیژنەی ئامادەکار، لە بنکەی گرووپی کـاری لاوانو قوتابیانی پارتی ئازادی کوردستان لە هەولێر، کۆبوونەوەی خۆی بەڕێوە برد.

لـەم کـۆبـوونـەوەدا وێـڕای بـاسو تاوتوێ کردنو پێداچوونەوە بە ئەرکو راسپاردەکانی کۆبوونەوەی پێشووو هەروەها پێسپاردنی کۆمەڵێک ئەرکی دیکەی کۆنفرانس تا کۆبوونەوەی داهاتوو کۆتایی بە کارەکانی ئەمڕۆی خۆی هێنا.



شایانی باسە کە کۆبوونەوەکە لە کەشێکی دۆستانەدا لە کاتژمێر ٤ی ئێوارە کۆتایی پێهات.

لیژنەی ئامادەکاری یەکەم کۆنفرانسی لاوانی ڕۆژهەڵات

٨ی سەرماوەزی ٢٧٠١٣ی کوردی

٢٩ی نۆڤامبری ٢٠١٣ی‌زایینی

## لاوانی ڕۆژهەڵات پرێس کۆنفرانسێکیان لە هەولێر بەڕێوەبرد

(٧)




ڕۆژی دووشەممە ٢٥ی سەرماوەزی ٢٧١٣ی کوردی، ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات لە پرێس کۆنفرانسیکدا سەبارەت بە بەستنی یەکەم کۆنفرانسی لاوانی ڕۆژهەڵات لە ڕێستۆڕانتی زیوێ لە هەولێر، دواین لێدوانیان لەمەر ئامانجو شێوازی کاری کۆنفرانس بۆ ڕای گشتی هێنایە بەر باس.

دیارە سەرلە بەیانی نوێنەری ڕێکخراوەکان کۆبوونەوەیەکی بەرینیان لەسەر کاروباری کۆنفرانس بەڕێوەبردو پاشان کاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆ لیژنەی ئامادەکاریی یەکەم کۆنفرانسی لاوانـی ڕۆژهـەڵات پرێس کۆنفرانسێکی بە مەبەستی ڕاگەیاندنی شوێنو کاتو شێوازی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکە بەڕێوەبرد. لەم پرێس کۆنفرانسەدا نوێنەرانی ٨ ڕێکخراوی لاوانی ڕۆژهەڵات بەشداربوون.

لە سەرەتادا بەڕێز سەید جەلال ساڵحی وەک وتەبێژی لیژنە باسێکی تێروتەسەلی لەسەر کۆنفرانسو چۆنیەتی بەڕێوەچوونو کاتو شوێنو تەوەرەکانی کۆنفرانس کردو پاشان لە لایەن ڕاگەیەنەکانەوە کۆمەڵێک پرسیار لەسەر کۆنفرانسەکە ئاراستەی ئەندامانی لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانس کراو لە لایەن هەرکامیان وەڵامیان درانەوە.

شایانی باسە ئەندامانی لیژنە پێداگری زیاتریان لەسەر یەکرێزیو تەبایی سەرجەم لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردەوە. لەم پرێس کۆنفرانسە لیژنەی ئامادەکار ڕایگەیاند، ڕۆژی هەینی داهاتوو واتە ٢٩ی سەرماوەز ئەم کۆنفرانسە لە شاری هەولێر بەڕێوە دەچێ.

هەروەها پاش پرێس کۆنفرانسەکە، لیژنە تا کاتژمێر ٨ی شەو درێژەیان بە کۆبوونەوەکە داو باسی زیاتریان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکە کرد.

East Kurdistan's first youth conference

یەکەم کۆنفرانسی لاوانی رۆژهەلات

# راگەیەندراوی یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی رۆژهەڵات

## (ژمارە١)

خەڵکی تێکۆشەری رۆژهەڵاتی کوردستان!

لاوانی هێژاو دەروەستی نەتەوەکەمان!

بە ئاگاداری هەموو لایەک رادەگەیەنین، پاش چەندین کۆبوونەوەو تاوتوێ کردنی باس‌و بابەتەکان‌و ئاڵ‌وگۆڕی بیروڕا لە نێوان نوێنەرانی رێکخراوەکانی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە خۆشی‌یەوە توانرا بۆ ئامادەکاری‌و گرێدانی یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی رۆژهەڵات، لە ژێر دروشمی «یەکڕیزی لاوان، بەرەو داهاتوویەکی گەش»، لە نێوان نوێنەرانی ریکخراوەکانی لاوان‌دا، لێژنەی ئامادەکاری کۆنفڕانسەکە پێک بێ.

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجو تێڕامانەو خواستی لێژنەی ئامادەکارو رێکخراوەکانی پێک‌هێنەری کونفڕانسەکەشە، ئەوەیە کە ئەم کۆنفڕانسە دەبێ ئاوێنەی باڵانوێنی خواستو داخوازی‌یەکانی لاوانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بێ.

لەو پێوەندی‌یەدا بە پێی ریزبەندی بەرنامەو هێڵە گشتی‌یەکانی کۆنفڕانس، کە لە لایەن رێکخراوەکانی لاوانەوە بۆ جێبەجێ کردنی بە لێژنەی ئامادەکار سپێردراوە، داوا دەکەین:

**یەکەم:**

بەهۆی بارودۆخی ئەمنییەتی زاڵ بەسەر نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەن دامو دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی رێژیمی داگیرکەریی کۆماری ئیسلامی‌یەوە، بەداخەوە بەشداریی لاوان لە کۆنفرانسەکەدا بە شێوەی ئاشکراو حزووری لە نیوخۆی وڵات ئەستەمە بۆیە کومیتەی ئامادەکار خۆشحاڵ دەبێ کە لاوانی بەهەستو نیشتمان‌پەروەری وڵاتەکەمان، بۆ هەرچی زیاتر دەوڵەمەندتر کردنی کارەکانی کۆنفڕانس، راوبۆچوون و تێبینی‌یەکانی خۆیان بۆ لێژنەی ئامادەکاری کۆنفڕانس بنێرن.

**دووهەم:**

داوا لە سەرجەم لاوان‌و چالاکوانانی مەدەنی رۆژهەڵات، دانیشتوو لە هەرێمی کوردستان‌و دەرەوەی وڵات کە تەمەنیان لە نێوان **١٨** بۆ **٣٥** ساڵەو خوازیاری بەشداری لەو کۆنفڕانسەدان، سی‌ڤی (C.V) خۆیان بۆ کومیتەی ئامادەکار لە رێگەی نوێنەرایەتی رێکخراوەکان و ئەم ئیمەیلەوە lawan.konfrans@gmail.com تا رێکەوتی ١٠ی سەرماوەز، بنێرن (دیارە لە «سی‌ڤی«یەکەتان‌دا ئاماژە بە تەمەن، پسپۆڕی، شوێنی نیشتەجێ بوون، خوێندەواری‌و ... هتد، بکەن تاکوو دواتر لێژنەی ئامادەکار بە پێی رێژەی دیاری کراو نوێنەرەکان دەست نیشان بکا).

هەروەها بۆ ئەندامانی سەر بە رێکخراوەکان، رێژەیەکی دیاری کراو دانراوەو ئەوان هەرکام لە رێگەی رێکخراوی خۆیانەوە بە پێی ئەو رێژە دیاری کراوە لە رێکخراوەکانی لاوانی رۆژهەڵات، بەشدار دەبن.

**سێهەم:**

لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە سەرجەم ئێوەی خۆشەویست داواکارین هەر پێشنیارو سەرنجێکتان هەیە دەتوانن لە رێگەی ئیمەیلی کۆنفڕانس (lawan.konfrans@gmail.com) یا خود نوێنەرایەتی سەرجەم رێکخراوەکانی لاوانی رۆژهەڵات، تێبینی‌یەکانی خۆتان بۆ لێژنەی ئامادەکاری کۆنفڕانس بنێرن.

لێژنەی ئامادەکاری یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی رۆژهەڵات

٢٤ی خەزەڵوەری ٢٧١٣ی کوردی

١٥ی نوامبری٢٠١٣ی زایینی

# راگەیەندراوی یەکەم کۆنفرانسی لاوانی ڕۆژهەڵات (ژمارە٢)

لاوانی خۆڕاگری نیشتمان!
ئەندامانو لایەنگرانی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان!
خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان!

هەروەک لە راگەیەندراوی ژمارە (١)ی لێژنەی ئامادەکاری یەکەم کۆنفرانسی لاوانی رۆژهەڵات لە ژێر دروشمی «یەکریزی لاوان، بەرەو داهاتوویەکی گەش» لە ڕێکەوتی **٢٤**ی خەزەڵوەری **١٣٩٢**ی هەتاوی، بە ئاگاداری ئێوە لاوانی ئازیز گەیشت، سەبارەت بە کۆنفرانسو ئاگادارکردنەوە لە بەڕێوەچوونو داواکردن لەو کەسانەی خوازیاری بەشداری کردنن، «سی ڤی» خۆیان بۆ لێژنەی ئامادەکار بنێرن.

بەم پێیە پاش چەندین کۆبوونەوەو دانیشتنی لێژنەی ئامادەکار سەبارەت بە میکانیزمو ئامادەکارییەکانی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکە بە ئاگاداری ئێوەی ئازیز رادەگەیەنین کە کومیتەی ئامادەکار لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ساغ بوونەتەوەو بەرنامەی کاری کۆنفرانس، بەم شێوەیە بەڕێوە دەچێت.

**یەکەم**: کۆنفرانس لە کۆتاییەکانی مانگی سەرماوەزی ئەمساڵدا دەبەسترێ.

**دووهەم**: کۆنفرانس لە ماوەی یەک ڕۆژدا بە بەشداری **١٥٠** نوێنەر، کارەکانی بەڕێوە دەبا.

**سێهەم**: تەوەرەکانی کۆنفرانس ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێ:
-ئەنفالی سپیو کاریگەریی لەسەر لاوانی رۆژهەڵات!
-دیاردەی کۆچی لاوانی رۆژهەڵات بەرەو هەندەران!
-ئیسلامی سیاسیو دەرەنجامەکانی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا!
-ئێعدامو دەستبەسەرکرانی لاوانی رۆژهەڵات!
-بەربەستو لەمپەرەکانی گەیشتن بە عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان!
-دەور و رۆڵی لاوان لە شۆڕشی رزگاریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستاندا!
-خواستو چاوەڕوانییەکانی لاوانی رۆژهەڵات!
-چۆنیەتی ئامادەکاریی بۆ کۆنفرانسی نەتەوەیی لاوانی چوارپارچەی کوردستان!

**چوارەم**: بۆ رێژەی بەشداربووانی کۆنفرانس، لە سیستمی کۆتای ٤٠٪ بۆ رەگەزی بەرامبەر (نێرو مێ)، دیاری کراوە.

لە کۆتاییدا لە سەرجەم راگەیاندن، ئەحزاب، کەسایەتی، ڕێکخراوەکانو لاوانی هەر چوارپارچەی کوردستان داواکارین، تا ڕێکەوتی **٢٠**ی سەرماوەز بەرامبەر بە **١١**ی دێسامبری **٢٠١٣**ی زایینی لە ڕێگەی ئیمەیلی کۆنفرانس «lawan.konfrans@gmail.com» و نوێنەرانی سەرجەم ڕێکخراوەکانی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان، پەیامو سەرنجو پێشنیارەکانی خۆتان بنێرن.

لاوانی هێژاو چالاکوانانی سیاسیو مەدەنیی رۆژهەڵاتی کوردستان، جارێکی دیکە رادەگەیەنین ئەو کەسانەی خوازیاری بەشداری کردن لە کۆنفرانس دانو تەمەنیان لە نێوان ١٨ بۆ **٣٥** ساڵە، دەتوانن (C.V) خۆیان بە مەبەستی بەشداری کردن لەم کۆنفرانسە، بە ئیمەیلی «lawan.konfrans@gmail.com» بۆ لێژنەی ئامادەکار بنێرن.

سەربەرزیو سەرکەوتن بۆ یەکەم کۆنفرانسی لاوانی رۆژهەڵات
لێژنەی ئامادەکاری کۆنفرانس
٤ی سەرماوەزی ٢٧١٣ی کوردی
٢٥ی نۆڤامبری ٢٠١٣ی زایینی

یەکەم کۆنفرانسی لاوانی رۆژهەڵات
East Kurdistan's first youth conference

# راگەیەندراوی یەکەم کۆنفرانسی لاوانی رۆژهەڵات
## (ژمارە٣)

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

لاوانی هێژا!

رۆژی دووشەممە **٢٥**ی سەرماوەز لە پرێس کۆنفرانسێکدا بە ئاگاداری هەموو لایەک راگەیەندرا کە پاش هەوڵو تێکۆشانی هەموو رێکخراوەکانی لاوانی رۆژهەڵاتو بەبێ رەچاوکردنی بەرژەوەندی تەسکی رێکخراوەییو لە دەرەنجامی چەندین کۆبوونەوەی یەک لە دوای یەک بە خۆشی‌یەوە یەکەم کۆنفرانسی لاوانی رۆژهەڵات رۆژی هەینی رێکەوتی **٢٩**ی سەرماوەزی **٢٧١٣**ی کوردی لە شاری هەولێری پایتەختی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرێوە دەچێ. لەم کۆنفرانسەدا لاوانی رۆژهەڵات لەسەر چەندین تەوەری جیاواز وێرای رێزدانان بۆ بیروڕای جیاوازی یەکتر وەک:

- ئەنفالی سپیو کاریگەریی لەسەر لاوانی رۆژهەڵات!
- دیاردەی کۆچی لاوانی رۆژهەڵات بەرەو هەندەران!
- ئیسلامی سیاسیو دەرەنجامەکانی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا!
- ئێعدامو دەستبەسەرکرانی لاوانی رۆژهەڵات!
- بەربەستو لەمپەرەکانی گەیشتن بە عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان!
- دەور و رۆڵی لاوان لە شۆڕشی رزگاریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستاندا!
- خواستو چاوەڕوانی‌یەکانی لاوانی رۆژهەڵات!
- چۆنیەتی ئامادەکاریی بۆ کۆنفرانسی نەتەوەیی لاوانی چوارپارچەی کوردستان!

باسو ئاڵوگۆری بیروڕا دەکەن.

لێرەوە رادەگەیەنین کە ئەم یەکگرتوویيە لە داهاتووش‌داو لە کۆنفرانسی لاوانی چوارپارچەی کوردستاندا تێکەڵ بە یەکڕیزیو یەک گوتاریی نەتەوەیی هەموو لاوانی چوار پارچەی کوردستان دەبێو کارو پرۆژەی هاوبەشی‌تر لە دەوری یەکمان بۆ خزمەت بە نیشتمانەکەمان کۆ دەکاتەوە.

سەربەرزی بۆ هەموو لایەك

لێژنەی ئامادەکاری یەکەم کۆنفرانسی لاوانی رۆژهەڵات

٢٧ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی

# بەڕێوەچوونی یەکەم کۆنفرانسی لاوانی رۆژهەڵات



لاوانــی رۆژهــەڵاتــی کوردستان یەکەم کۆنفرانسی خۆیان لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان لە ژێر دروشمی «یەکڕیزی لاوان بەرەو داهاتوویەکی گــەش» بە بەشداری نوێنەرانی رێکخراوەکانی لاوان و لاوانی سەربەخۆی رۆژلات بەڕێوەبرد.

سەرلە بەیانیی رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٩ی سـەرمـاوەزی ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی، یەکەم کۆنفرانسی لاوانی رۆژهــەڵات، بە سـروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» و راگرتنی ساتێک بێ دەنگی بۆ رێزلێنان لە سەرجەم شەهیدان بە تایبەتی لاوانی شەهیدی رێگای ئازادیی کوردستان دەستی پێ‌کرد.

جێی ئاماژەیە کە لەو کۆنفرانسەدا زیاتر لە ١٧٠ ئـەنـدام، ٥٠ میوان و نـوێـنـەری حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەشدار بوون.

سەرەتا پەیامی کردنەوەی کۆنفرانس لەلایەن «فوئاد جەعفەری»، بەرپرسی ناوەندی لاوانـی رێکخراوی خەباتی کوردستانی ئێران خوێندرایەوە. دوابەدوای ئـەو «جـەلال رەوانــگــەرد» جێگری سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، پەیامی کۆنفرانسی روو بە لاوانی رۆژهەڵات، پێشکەش کرد. پاشان پەیامی کۆنفرانسی لاوانی رۆژهەڵات، «روو بە لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستان» لە لایەن «کـارۆ کەنکاش» ئەندامی گرووپی کاری لاوان و قوتابیانی پارتی ئازادی کوردستان پێشکەش کرا. لە کۆتایی بەشی کردنەوەی کۆنفرانس‌دا پەیامی کۆنفرانس «روو بە خەڵکی رۆهەڵات بە گشتی» لە لایەن «تەوار شەریفی» بەرپرسی لاوانی یەکیەتیی شۆڕشگێران خوێندرایەوە.

کۆنفرانسی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە پێنج پانێل پێک هاتبوو کە هەر کام لە پانێلەکان کۆمەڵێک باسی پێوەندیدار بە کاروباری لاوان، بە تایبەت لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستانی لەخۆ گرتبوو.

<u>دیارە هەیئەتی بەڕێوەبەری سەرلە بەیانی کۆنفرانس بریتی بوون لە: فوئاد جەعفەری، کارۆ کەنکاش، هەژار موزەفەری و سەید جەلال ساڵحی، هەیئەتی پاش نیوەڕۆش، جەلال رەوانگەرد، فیرووز مامۆیی، هەڵگورد کامیارانی و تەوار شەریفی بوون.</u>

**پانێلی یەکەم:**

لە پانێلی یەکەمی کۆنفرانس‌دا، باسێک لە پێوەندی لەگەڵ «دیاردەی کۆچی لاوانی رۆژهەڵات بەرەو هەندەران» لە لایەن «لەیلا محەممەدی» ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە، پێشکەش کرا.

لە بەشی دووهەمی پانێلی یەکەمی ئەو کۆنفرانسەدا «بەربەستو لەمپەرەکانی گەیشتن بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان» لەلایەن «کاوە کەریمی» سکرتێری رێکخراوی لاوانی پێشڕەو پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

**پانێلی دووهەم:**

بەشی یەکەمی پانێلی دووهەمی کۆنفرانس، بـە پێشکەش کردنی باسێک لە پێوەندی لەگەڵ «رۆڵـی لاوان لە شۆڕشی رزگـاری خـوازی رۆژهەڵاتی کوردستان‌دا» لە لایەن «ئەمیر عەبدوڵلازادە» بە نوێنەرایەتی رێکخراوی لاوانی یاری کورد پێشکەش کرا. «ئیعدام و دەست بەسەرکرانی لاوانی

رۆژهـەڵات» باسێکی دیکەی پانێلی دووهەمی ئەو کۆنفرانسە بوو کە لە لایەن «هۆزان سارەوان»ەوە پێشکەش کرا.

**پانێلی سێیەم:**

پانێلی سێیەمی ئەم کۆنفرانسە دوانیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی **٢٩**ی سەرماوەزی ساڵی **١٣٩٢**ی هەتاوی بەڕێوەچوو.

لـەم پانێلەدا «ڕێـباز کەریمی» ئەنداسمی بـەڕێـوەبـەری کۆمەڵەی لاوانـی ڕۆژهــەڵات، باسێکی لەسەر «ئیسلامی سیاسیو دەرەنجامەکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان» هێنایە بەر باس.

لە بەشی کۆتایی پانێلی سێهەمدا باسێکیتر لە پێوەندی لەگەڵ «ئەنفالی سپیو کـاریـگـەری لـەسـەر لاوانـی ڕۆژهەڵاتی کوردستان» لە لایەن «هۆگر محەممەدی» ئەندامی ناوەندی لاوانی خەباتی کوردستانی ئێران پێشکەش کرا.

**پانێلی چوارەم:**

«پاش ئەوەی بڕیارو ڕاسپاردەکانی» یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەن لێژنەی بڕیارو ڕاسپاردەوە ئامادەو پاشان لە لایەن نوێنەرانی هەموو ڕێکخراوەکانەوە تاوتوێو لەسەری ساغ بوونەوە، لەلایەن «فوادخاکیبەیگی» سکرتێری گشتی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش کراو بە زۆرینەی دەنگی نوێنەرانی کۆنفڕانس پەسند کرا.

دوای ئـەم بـڕگـەیـە بەشێکی دیکە لـە پەیامەکانی کۆنفڕانس پـێـشـکـەش کــران، وەک:

پـەیـامـی کـۆنـفـڕانـس ڕوو بە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهـەڵاتـی کـوردسـتـان، لە لایـەن «هەڵگورد کـامـیـارانـی»ەوە خـوێـنـدرایـەوە.

هەروەها پەیامی کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ «کۆمەڵگای نێودەوڵەتی» لەلایەن «فیرووز مامۆیی» وتەبێژی کوردستانی ڕێکخراوی لاوانـی پـێـشـڕەو، پێشکەش کـرا.

لە بەشی دووهەمی پانێلی چوارەمی یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵات، باسێکی دیکە لەسەر «خواستو چاوەڕوانییەکانی لاوانی ڕۆژهـەڵات» لەلایەن «تەوار شەریفی» بەرپرسی لاوانی یەکیەتیی شـۆڕشـگـێـڕانـەوە پێشکەش کـرا.

**پانێلی پێنجەمو کۆتایی:**

لـە دوایـیـن پانێلی کۆنفڕانسەدا باسێک لەمەڕ «چۆنیەتی ئامادەکاری بۆ کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستان» لە لایەن «سـامـان فەقێنەبی» سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێشکەش کرا.

لە کۆتایی کۆنفڕانسەکەدا پەیامی کۆتایی کۆنفڕانس لەلایەن «سەید جەلال ساڵحی» جێگری سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندرایەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە لە سەرجەم بڕگەکاندا پاش هێنانەبەر باسی هەر کام لەو تەوەرانە، بەشدارانی کۆنفڕانس لەسەرجەم پانێلەکاندا بە ەبشداری بێوێنەی خۆیان سەرنجو تێبینیو پیشنیارەکانی خۆیان دەخستە بەرباسو کـۆی ئـەو سەرنجو تێبینییانە لە بڕیارنامەی کۆنفڕانسدا ڕەنگی داوەتەوە.

پـاش پانێلی پێنجەمو لە کۆتایی کۆنفڕانسدا، پرێس کۆنفڕانسێک بۆ ئەندامانی لێژنەی ئامادەکاری یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەچوو و کۆنفڕانس بە فەڕمی کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

کۆنفڕانس بـە شـایـیو گۆڤەندی بـەشـداران کاتژمێر **١١**ی شـەوی هەینی **٢٩**ی سـەرمـاوەزی **٢٧١٣**ی کـوردی، کۆتایی بە کارەکانی هات.

**تێبینی:**

شایانی باسە کە هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بە سەرپەرشتی بەڕێز ئیبراهیم زێوەییو هاوڕێیەتی بـەڕێـزان سۆهەیلا قــادریو عەلی بوداغی ئەندامانی ڕێبەری حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بەشداری یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵاتیان کرد.





# پەیامی حیزبی دێموكراتی كوردستان بۆ یەكەم كۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان

نوێنەرانی ڕێكخراوەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان!

لاوانی ڕووناكبیرو تیكۆشەری كوردستان!

كیژانو كوڕانی ئازادیخوازو نیشتمانپەروەر!

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموكراتی كوردستان خۆشحاڵە لەوەی كە لەم كۆنفڕانسەدا نوێنەرانی هەموو ڕێكخراوەكانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە دەوری یەك كۆ بوونەتەوە بۆ ئەوەی باس لە كارو بەرنامەی هاوبەشو گیروگرفتو مەسەلەكانی تایبەت بە لاوان لە ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا بكەن.

كۆمەڵگای ئێران بە گشتیو كوردستان بە تایبەتی كۆمەڵگایەكی لاون؛ بەو واتایە كە ڕێژەیەكی زۆر لە حەشیمەتەكانیان نەسڵی لاوە كە لەسەردەمی كۆماری ئیسلامیدا هاتۆتە دنیاوە. كۆماری ئیسلامی نەك هەر نەیتوانیوە ئەم نەسڵە بە سیاسەتو ئیدئۆلۆژیی خۆی پەروەردە بكا، بەڵكوو كەشو هەوای سیاسیو بزووتنەوەی كۆمەڵایەتیی ئەم ساڵانەی دوایی بە ڕوونی نیشان دەدەن ئەم ڕێژیمە بۆ ئەم نەسڵە بێگانەیە. ئەم نەسڵە كە كاروباری وڵاتی لە داهاتوودا دەكەوێتە ئەستۆ ئاڵوگۆڕێكی زۆر چاوەڕوانیەتی. بۆیە كارو ئەركی ڕێكخراوەكانی لاوان هەر لە ئێستاوە گرنگییەكی تایبەتیی هەیە، چونكە لاوانی تێكۆشەرو چالاكی ئەمڕۆی نێو ڕێكخراوەكان، تێكۆشەرانو چالاكانی سیاسیو حیزبیو ڕێكخراوەیی دواڕۆژن.

ئەگەر لەلایەك بە چاوی هیواوە دەڕوانینە داهاتوو، لە لایەكی دیكەوە بە چاوی نیگەرانیەوە دەڕوانینە ئەو نەخۆشیو قەیرانە كۆمەڵایەتییانەی لە سێبەری كۆماری ئیسلامیدا بەرۆكی لاوانیان گرتوە، لەم نێوەدا بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەكان چ ئێستاو چ لە داهاتوودا گەورەترین قەیرانی كۆمەڵایەتییەو ئەمەش ئەركێكی گرنگ لەو پێوەندییەدا دەخاتە سەر شانی ڕێكخراوەكانی ئەمڕۆو بە تایبەتی داهاتووی لاوان.

لاوانی كورد بە گشتیو ڕێكخراوەكانی لاوان بە تایبەتی جگە لەوەی ئەركی دێموكراتیكی سینفیو مەدەنیان لەسەر شانە بە دوای ناسنامەو شوناسی نەتەوەییو نیشتمانیی خۆشیاندا دەگەڕێن، لاوانی كوردو نەتەوە بندەستەكانی دیكە ئەگەر وەك لاوانی سەرانسەری ئێران لە ئازادییە كۆمەڵایەتیو مەدەنییەكانیان بێبەشن، دەرفەتی ئابووریو پەروەردەیی وەك یەكیان لەپێش نیە. ئەمەش ئەركی ڕێكخراوەكانی لاوانی قورستر كردووەو بەرپرسایەتیی ئەوانی لەراست داخوازە دێموكراتیكو نەتەوییەكانی لاوان لە داهاتوودا زیاتر كردوە.

لاوانی خۆشەویست!

ئەم كۆنفڕانسە لە ڕوویەكی دیكەشەوە بۆ ئێمە جێی خۆشحاڵییە؛ حیزبی دێموكراتی كوردستان نەبوونی هاوكاریو هەماهەنگیی پێویست لە نێوان هێزە سیاسییەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا بە كەموكوڕتییەكی زۆرو كەلێنێكی گەورە دەزانێ، لەو پێناوەشدا زۆری مایە داناوەو گەلێك تێكۆشاوە، بەڵام بەداخەوە پێشكەوتنەكان لە ئاستی چاوەڕوانییەكانماندا نین. ئێستا كە ئێوە لە چوارچێوەی كۆنفیدراسیۆنێكدا كۆنفڕانس پێك دێنن گیانی هاوكاریو هەماهەنگیتان لەنێو دا دەبینین. هیوادارین گیانی هاوكاریو یەكدەنگی لە نێوخۆتاندا پەروەردە بكەنو بەهێزتری بكەن. هیوادارین بە هەستی ئازادیخوازیو نیشتمانپەروەریی هێزە سیاسییەكانی كورد پەروەردە بن، بەڵام كێشەو ململانێی ناسالمی ئەوان بە میرات وەرنەگرن.

بە هیوای كۆنفڕانسێكی بە سوودو دڵخواز.

دەفتەری سیاسیی
حیزبی دێموكراتی كوردستان
٢٩ی سەرماوەزی ١٣٩٢ (٢٠ی دیسامبری ٢٠١٣)



# پەیامی کرانەوەی یەکەم کۆنفرانسی لاوانی رۆژهەڵات

لە لایەن «فوئاد جەعفەری»، بەرپرسی ناوەندی لاوانی ڕێکخراوی خەباتی کوردستانی ئێران پێشکەش کرا.

لاوانی خەباتکارو تێکۆشەری رۆژهەڵاتی کوردستان!

ئەندامانو میوانانی بەڕێزی بەشداربوو لە یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی رۆژهەڵات!

پاش چەندین کۆبوونەوەو تاوتوێ کردنی بابەتەکانو ئاڵو گۆڕی بیروڕا لە نێوان رێکخراوەکانی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە خۆشی‌یەوە توانیمان بە هەوڵو ماندوو بوونی ئەندامانی ئەو رێکخراوانە یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر دروشمی «یەکڕیزی لاوان بەرەو داهاتوویەکی گەش»، ببەستین، کارەکانی سەرەکی کۆنفڕانس چەندین تەوەر وەک گیرو گرفتەکانی لاوان لە خۆ دەگرێ کە لە چەند پانێلی جۆراوجۆر بە هاوکاری ئێوەی دڵسۆزی خاکو نیشتمان دەخرێتە بەر باسو قسەی لەسەر دەکرێ کە هیواداریین بتوانین بە هاوفکریو یەکڕیزی کاروانی خەباتەکەمان بەرەو لوتکەی هیواو ئامانجەکانمان بەرین.

بەشداربووانی بەڕێز!

لە کاتێکدا ئێمە سەرقاڵی بەستنی یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستانین کە ناوچەکە بە گشتیو ئێران بە تایبەتی لە بەردەم گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی دایە و ئەوەش ئەرکی ئێمەی لاو قورس‌تر دەکا، هەربۆیە دەبێ لەوەها هەلومەرجێکدا هەرچی زیاترو خێراتر ریزەکانی خۆمان بە مەبەستی هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی مافە رەواکانمان یەک بخەین. هەروەک هەموان ئاگادارن لاوانی رۆژهەڵات بە هۆی داڕمانی باری ئابووریو دروست بوونی کەشو هەوایەکی ئەمنییەتی زاڵ بەسەر کوردستانو میلیتاریزە کردنی وڵاتەکەمانو بوونی چەندین کێشەو گرفتی سەرەکی لە بارودۆخێکی نالەبار ژیان بەسەر دەبەنو رۆژانە مەجبوورن بۆ بەدەست هێنانی بژیوی ژیانی رۆژانەی خۆیانو بنەماڵەکانیان بەرەووڕووی کێشەو گرفتی زۆر ببنەوە تا ئەو جێگایە ژیانیان بەرەوڕووی مەترسی دەبێتەوە.

لاوانی خۆشەویست!

بە روون بوونەوەی ئەو راستی‌یانە و باوەڕ بە کاری هاوبەشو رێکخراوەیی بە مەبەستی هەرچی زیاتر نزیک بوونەوەی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستانو راگەیاندنی ئەو پەیامە کە ئێمەی لاوان ئەتوانین پێکەوە کاری هاوبەش بکەینو کێشەوگرفتەکانمان پێکەوە بخەینە بەر باسو چارەسەرییان بۆ بدۆزینەوەو هەروەها ئامادەکاری بۆ بەستی چوارەمین کۆنفڕانسی لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستان کە ئەرکی بەڕێوەبەری لە ئەستۆی لاوانی رۆژهەڵاتە بە پێویستمان زانی یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان گرێ بدەینو کاری بۆ بکەین کە بە خۆشی‌یەوە ئەمڕۆ ئاکامی کارەکانمان هاتووەتە بەرهەمو توانیومانە بە هاوکاری ئێوەی بەڕێز کارەکانی کۆنفڕانس دەست پێ‌بکەین.

هیواداریین بە رۆحێکی شێلگیرو تەباییەکی هەرچی زیاترەوە بتوانین ئەوەی مەبەستمانە لەم کۆنفڕانسەدا بە دەستی بێنینو نموونەیەکی کاری رێکو پێکی هاوبەش پێشکەش بە هەمووان بکەینو بسەلمێنن کە ئەتوانین پێکەوە بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی سیاسیو رێکخراوەیی، بە رۆحی قەبووڵ کردنی یەکتر بە مەبەستی بەدیهێنانی ئاواتەکانمان تێ‌بکۆشینو ببینە ئەزموونێکی جوان بۆ لاوانی پارچەکانی دیکەی کوردستانو هەروەها حیزبو رێکخراوە سیاسی‌یە رۆژهەڵاتی‌یەکان.

سەرکەوێ خەباتی رزگاریخوازانەی رۆژهەڵاتی کوردستان!

مەرگو نەمان بۆ رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران!

یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی رۆژهەڵات

٢٩ی سەرماوەزی ٢٧١٣ی کوردی(١٣٩٢ی هەتاوی)

٢٠ی دێسامبری ٢٠١٣ی زایینی



Lawan j: 51 -52 Salî 2713î kurdî
www.lawan.com

# پەیامی یەکەم کۆنفرانسی لاوانی رۆژهەڵات بۆ لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان




**لە لایەن «جەلال رەوانگەرد» جێگری سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش کرا!**

لاوانی خۆڕاگرو نیشتمانپەروەر!

ئـــازادی یەکێک لە گەورەترینو بنەڕەتیترین بایەخە مرۆییەکانە، بەو واتایە کە ئـــازادی بەشێک لە مەعنەویاتی مرۆڤە. بوونی ئـــازادی لەهەر کۆمەڵگایەکدا دەبێتە هۆی پێشکەوتنی تاکەکانو هەموو کۆمەڵگا. بایەخی ئازادی بۆ مرۆڤ زۆر لە بایەخە مادییەکان زیاترە. مرۆڤگەلێک کە مرۆڤایەتییان بەلاوە گرینگە، ئامادەن بە برسیەتیو لە دژوارترین هەلومەرجدا بژین بە مەرجێک ژێردەستەی کەسێکی دیکە نەبنو بە ئازادی ژیان بەرنە سەر.

خەباتی لاوان بۆ دەستەبەربوونی ئـاشـتـیو ئـــازادیو دادپـــەروەری کۆمەڵایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، رابـردوویـەکـی دووروودرێـــژی هەیە.

دامەزراندنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستانو پاشان خەباتی لاوان بۆ دەستەبەربوونی ئامانجە بـــەرزە مرۆڤایەتییەکان، بـە شەهیدبوونی هـــەزاران لاوی خوێنگەرمو فیداکار لەنێو سەرجەم حیزبە سیاسییەکانی رۆژهـــەڵاتدا بەروونی بۆ هەمووان دەرکـەوتـوە.

یەکێک لە سەرەتاییترین خواستەکانی لاوێـک، ئازادبوونیەتی لە هەڵبژاردن بە ویستی خۆیو جۆری بەشداریو چالاک بوونی بە پێی حەزو ئارەزووکانی لەنێو کۆمەڵگادا، بەڵام بە زاڵ بوونی سیستمی حاکمیەتیی ئەوڕۆی ئێرانو زاڵ بوونی بیرۆکە سەدە نێوەڕاستییەکان لـە لایـــەن دەسـەڵاتـدارانـــیـیـەوە دەرفەتی دەرخستنو رەنگدانەوەی ئـەو خواستانە هیچ مانایەک نـادا.

ئـــەوەی ئـەمـڕۆ لاوی کـــورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەستێنی لەباری بۆ بەرەوپێشچوونی خواستە سینفییەکانی بۆ نەڕەخساوە، دابین نەبوونی مافە نەتەوەییەکانیەتی. یەکێک لە قۆناغەکانی ئەوڕۆی خەباتو تێکۆشان لە رۆژهەڵاتی کوردستان قۆناغی رزگاری نیشتمانییە، بەو واتایە کە بەشداری لاوان لە بزووتنەوە نەتەوەییو دێمۆکراتیکەکاندا، لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە لاوی کورد بە ئاگاییو وشیارییەوە رادەگەیەنێ تاکوو ئەو سیستمە دژە مرۆڤانەیە بەسەر وڵاتی ئێراندا زاڵ بێ، مافەکانی مرۆڤو لاوان دەستەبەربوونی ئەستەمە.

لە هەرە گرینگترین گرفتەکانی کورد چ وەک تاکو چ وەک کۆمەڵ، نەبوونی خوێندنەوەی هەمەلایەنەو گشتگیرە لە ئاست هەلومەرجی زەمەنیو دۆخەکانی، یان بەواتایەکی دیکە ئێمە وەکوو کورد لە بواری تیۆرییەوە نە تەنیا لاواز، بەڵکوو تووشی قەیران بووین، ئەم فەقری تیۆرییە خۆی لە خۆیدا سەرچاوەی زۆر دیـــاردەی نەرێنیو خەساری جیددییو قــەرەبـوو نـەکـراوە بـووە.

بە هۆی کەمتەرخەمی یان بێ بەرنامەیی لــە بـــواری فەرهەنگ ســازیو گرینگی نـەدان بە لایەنێک لە لایەنە پێکهاتەییەکانی کۆمەڵگا، بەرەوڕووی بەربەستێکی کردووینەتەوە کـە بـــەداخـــەوە بـۆتـە بەشێک لە واقعیەتیی تاڵی کۆمەڵگاکەمان.

یەک لەو راستیانەی کە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەمڕۆ لەگەڵی بەرەورووویە دیـــاردەی قەیران خوڵقێنو ئاڵۆزی رەوتی پەرەگرتنی ئیسلامی سیاسییەو بەشێک لە هێزی ئەکتیڤی لاوان بەرەو پشتگیری لە ئامانجەکانیان راکێش دەکەن، ئاڵترناتیڤی ئێمە بۆ ئەو خەڵکەی کە بەدوای وەها بیرۆکەیەکی چەواشەو

به لاڕێ بەرانەیەدا کەوتوون چیەو چلۆن دەتوانین بە خوێندنەوەیەکی نوێ لە نەتەوەو ئەندیشەو باوەڕمەندی نەتەوەیی‌و سکۆلاریزم وەک بنەمایەک، بتوانین قەناعەت بە بەرجەستەکردنی بەرژەوەندی تاک‌و کۆمەڵ‌و نەتەوە بۆ بەرەنگاری لەگەڵ ئەو مەترسی‌یە، بێنین؟

هەر ڕۆژ دەیان لاو بە هۆی دەربڕینی خواستەکانیان، دەکەونە بەر ئەشکەنجەو ئێعدام‌و زیندانی کردن. کۆچ‌و هەڵاتنی مێشکەکان لە ئێرانی ئەمڕۆدا، بۆتە یەکێک لەو دیاردانە کە ڕۆژ بەڕۆژ ڕووی لە زیاد بوونە. دیاردە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامی‌دا، نەک ئەوەی هەنگاو بۆ چارەسەریان هەڵناگیرێ، بەڵکوو خودی سیستمی حاکم، یەکێکە لە هۆکارەکانی گەشەپێدانی دیاردە دزێوەکان لەنێو لاوان‌و بە تایبەتی لەنێو لاوانی نەتەوە بن‌دەستەکان لە قەوارەی سیاسی ئێران دا.

واقعیەتیی ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێران‌و زاڵ بوونی ئەو سیستمە سەرەڕۆو نادیمۆکراتیکە کە لە بنەڕەت‌دا دژی هەر چەشنە خواست‌و ویستێکی یەکسانی‌و ئازادی‌خوازانەو نەتەوەییە، هەر ڕۆژ کۆمەڵگای ئێران بەرەو دواوە دەبا، بۆیە کەڵەکە بوونی خواست‌و ویستە ئازادی‌خوازانەکەی توێژی لاو، بۆتە یەکێک لە دیاردە کۆمەڵایەتی‌یەکانی کۆمەڵگای ئێران‌و لە سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێران‌دا هیچ پێناسەیەکی بۆ نەکراوەو لەو سیستمەدا هیچ هەنگاوێکی جیددیی‌و بنەڕەتی لەڕاستای هەست پێ‌کردنی خواستی لاودا هەڵ‌ناگیرێ‌و قەتیش باوەڕی پێ نەبوو و ئەو ئایدۆلۆژی‌یەش کە کۆماری ئیسلامی پێڕەوی لێ دەکا قەت ئیزن نادا لەو ڕاستایەدا هەنگاوی ئەرێنی هەڵ‌بگرێ .

لەڕاستی‌دا ئەو سیستمە ڕۆژ بە ڕۆژ کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو سنووردارییەتی‌یە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یە کە ڕەچاو دەکرێ، زیاتر بەرەو هەڵدێرو فەوتان دەبا. بۆیە باوەڕمان وایە کە ئەو سیستمە لە نێوەڕۆک‌و زاتی خۆی‌دا لەگەڵ تاکی کوردو کوردستان نامۆیەو بە مانەوەی خەسارە فەرهەنگی، سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان هەر ڕۆژ زیاتر گەشە دەکا.

پێویستە لاوانی کورد بە بەیان کردن‌و کاناڵیزە کردنی خواستەکانیان، هەنگاوی جیددیی بۆ نەمانی ئەو سیستمە هەڵگرن. تواناکانیان بۆ وەدیی‌هێنانی کۆمەڵگایەکی ئازادو دیمۆکراتیک کە لەوێ‌دا خواست‌و ویستەکانی لاوی کوردی تێدا مسۆگەر بکرێ، وەگەڕ بخەن. لەو باوەڕەش داین هەتا مافە نەتەوەییەکانی لاوی کورد دابین نەکرێ، دابین بوونی مافە سینفی‌و ڕێکخراوەییەکانی ئەوانیش ئەستەمە.

هەر لەم روانگەیەوە ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات بە هەست بە بەرپرسیارەتی، لە دەوری یەک کۆبووینەتەوە کە وێڕای ڕێزگرتن لە بیرو ئەندیشە جیاوازەکانیان، بە دوای خاڵە هاوبەشەکان‌دا بگەڕێین‌و ئەم خاڵە هاوبەشانە بکەینە بنەمایەک بۆ لێک نزیک بوونەوەو لێک تێ‌گەیشتن بۆ کاری هاوبەش. کۆنفرانسی لاوانی ڕۆژهەڵات دەی‌سەلمێنێ کە یەک‌ڕیزی‌و یەک گوتاری زامنی داهاتوویەکی گەشە بۆ لاوان.

هیوادارین لاوان چ لەنێوخۆو دەرەوەی ڕێکخراوەکان، بتوانن لە پاش ئەم کۆنفرانسە، هەنگاوی کاراتر لە راستای بەرەوپێش بردنی ئامانج‌و خواستە نەتەوەیی‌و سینفی‌یەکانیان، هەڵ‌بگرن.

هیوا بە داهاتوو، بەردەوامی‌و نەدۆڕانی ئیرادە، ژیان‌دۆستی‌و مرۆڤ دۆستی لە تایبەتمەندی‌یە بەرزەکانی نەوەی نوێی کوردن.

با بە بەرچاو ڕوونی‌یەوە لە ئاسۆ بڕوانین‌و زانست‌و مەعریفەت بکەینە هەگبەی داهاتوومان.

تەزووی زستانی دڵتان، بە تینی گەرمای خۆشەویستی، وەرزی ژیانەوەتان پێ ببەخشێ.

هەر بژین!
سەربەرزی‌و سەرکەوتن بۆ کۆنفرانسی یەکەمی لاوانی ڕۆژهەڵات

٢٩ی سەرماوەزی ٢٧١٣ی کوردی
(١٣٩٢ی هەتاوی)
٢٠ی دیسامبری ٢٠١٣ی زایینی



# پەیامی یەکەم کۆنفرانسی لاوانی ڕۆژهەڵات بۆ لاوانی چوار پارچەی کوردستان




له لایەن «کارۆ کەنکاش» ئەندامی گرووپی کاری لاوان‌و قوتابیانی پارتی ئازادی کوردستان پێشکەش کرا.

لاوانی نیشتمان‌پەروەری کوردستان!

کۆنفرانسی لاوانی ڕۆژهەڵات، لە کاتو ساتێکی هەستیارو لە سەردەمێکی نوێی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد بەڕێوە چوو.

وەک هەموو لایەک ئاگادارن جیهان بە گشتی‌و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی گۆڕانێکی بەرچاوی بەخۆوە دیوەو گۆڕانکارییەکان بەپەلەن، زۆر لەو ڕووداو گۆڕانکاریانەی ڕوویان داوەو لە داهاتووش‌دا ڕوودەدەن، لەسەر پرسی کوردو داهاتووی نەتەوەی کوردو بزووتنەوەکەی کاریگەری‌یان هەبووەو دەبێ، بۆیە گرینگە نەتەوەکەمان بە هەموو چین‌و توێژەکانیەوە بەتایبەت لاوان بۆ هەر گۆڕان‌و پێشهاتێک خۆیان ئامادە بکەن، ڕیزەکانی خۆیان‌و هێزو تواناکانیان بۆ کەڵک وەرگرتن لەهەر دەرفەت‌و گۆڕانێک بە قازانجی نەتەوەکەمان یەک بخەن. پێویستە جمو جۆڵ‌و کارو تێکۆشانی لاوان‌و تواناکانیان بخرێتە خزمەتی بزووتنەوەی ئازادیی‌خوازی‌و نەتەوەیی‌و شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانەوەو جارێکی دیکە لاوان ببنەوە سەرمەشقی ئەو خەباتەی ساڵانێکە کورد بۆ ڕزگاریی گرتوویەتە بەر کە بێ‌گومان لاوان بەشداری سەرەکی‌و کاری ئەو خەباتە بوون‌و خوێنیان بۆ داوە. ئەمڕۆش هەر ئەو خەباتە بە شێوەیەکی دیکە درێژەی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی لاوانی کورد دەبێ هەردەم بۆ خەباتی دژ بە داگیرکەران لە سەنگەری پێشەوەی تێکۆشان‌دا بن، هاوکات دەبێ بە وەدەست هێنانی زانست‌و خۆتەیارکردن بە بیروباوەڕی مۆدێڕن‌و زانستی بۆ سەرخستنی ئەو خەباتە ڕەوایەو خزمەتی خەڵکی کوردستان‌و کۆمەڵگەی کوردەواری ڕۆڵێکی پێشەنگانە بگێڕن.

بە دامەزراندنی پردی پێوەندی‌و هاوکاری لەگەڵ کۆڕو کۆمەڵ‌و ڕێکخراوە دێمۆکرات‌و یەکسان‌و پێشکەوتن خوازەکانی جیهان دەنگی ئازادی‌خوازیی کوردو داوای مافی بڕیاردانی کورد لەسەر چارەنووسی خۆی بە گوێی دنیا بگەیەنن. ڕەوایی تێکۆشانی نەتەوەی کوردو ئەو زوڵم‌و ستەمەی لەسەر ئەم نەتەوەیەیە، بە لاوان‌و گەلانی دیکەی جیهانی بناسێنن. وەک لاوانی نەتەوەیەکی بن‌دەست کە خاوەن ئەرک‌و تێکۆشانن، بەرپرسیارانە لە کۆمەڵگاو لە بزووتنەوەی ڕزگاری‌خوازی کوردستان‌دا هەڵس‌و کەوت بکەن‌و هەمیشە سەرمەشقی خەبات‌و هێزی گۆڕان‌و باسکی بەهێزی گەلەکەیان‌و خەباتە ڕزگاری خوازی‌یەکەی بن. هەروەها لە مەیدانی کارو تێکۆشانی مەدەنی‌و فەرهەنگی‌و پاراستنی کولتوورو زمان‌و فۆلکلۆرو هونەری ڕەسەنی نەتەوەی کورددا لە ڕیزەکانی پێشەوەی خەبات‌دا بن.

بەم هۆیەوە کە کورد یەک نەتەوەیەو خاوەنی یەک پرسە، پێویستە وەک یەک نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا دەربکەوێ‌و هێزی خۆی بۆ ئەم مەبەستە بەکار بێنێ. بەڵام دۆخی لاوان‌و بزاڤی نەتەوەی کورد لە هەرکام لە پارچەکانی نیشتمان‌دا لە دۆخ‌و قۆناخێکی جیاواز دایە، ئەو قۆناخە ئەرک‌و تێکۆشانی لاوانی هەر پارچەیەکی لێک جیا کردۆتەوە.

باشووری کوردستان: زیاتر لە ٢٠ ساڵ بەسەر ڕزگار بوونی‌دا تێ‌دەپەڕێ‌و خاوەنی حکوومەت‌و پارلمان‌و ئیدارەیەکی نیمچە سەربەخۆیە؛ فیدراڵیەتی ئەو بەشەی وڵات بەڕەسمی ناسراوە، ڕۆژ بەڕۆژ ئابووری‌و وەبەرهێنانی پێشکەوتن بەخۆوە دەبینێ‌و هەنگاوەکان بەرەو ئاراستەی سەربەخۆیی دەچن‌و نەتەوەی کورد بە بەشێکی زۆر لە مافەکانی گەیشتووە. ئەرکی لاوان لە باشووری کوردستان پاراستنی ئەو دەسکەوت‌و کیانە سیاسی‌یەیە کە بە خوێنی هەزاران شەهید وەدەست هاتوە. ڕۆڵ گێڕانیان لە کایە سیاسی‌یەکان‌و بوونیان لە ناوەندی بڕیاردان‌دا، پاراستنی ئاسایش‌و پتەوکردنی کۆڵەکەکانی حوکمڕانی‌و دەسەڵاتی کوردی‌یە، هاوکات دەبێ بۆ پێش خستنی کۆمەڵگا و چەسپاندنی

دێمۆکراسیەتو عەداڵەتو یەکسانی لە وڵاتدا تێبکۆشن تا مۆدێلێکی جوان لە دەسەڵاتو دەسەڵاتداری کورد پیشانی دونیای دەرەوە بدەن. ئەرکی ئەم حکوومەتو پارڵمانە کوردییەشە کە بایەخێکی تایبەتی بە توێژی لاوان لەم بەشەی کوردستان بداو هەروەها پشتیوانی بزووتنەوەکانی لاوان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بێ.

باکووری کوردستان: خۆڕاگریو ئیرادەو خەباتی رۆڵەکانی نەتەوەکەمان لەو بەشەدا قۆناخێکی نوێی هێناوەتە کایە. کرانەوەیەک بەڕووی کورددا هاتۆتە ئاراوە، دەرگای چارەسەری ئاشتیانە کراوەتەوە. دیارە ئەمە سەرەتای ئەو دۆخەیەو ناکرێ بە چارەسەری پرسی نەتەوەیەک هەژمار بکرێو هێشتا زۆری ماوە. بەڵام ئێستا وەک جاران حاشا لە بوونی نەتەوەی کورد ناکرێ. پێویستە لاوان بەرەو پیری ئەو هەنگاوە بچن، وەک هەمیشە ئاشتی خوازیو لایەنگری کورد لە چارەسەری ئەو پرسە بە رێگای ئاشتیدا پیشانی دونیا بدەن، هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵی بچنە پێشو لەسەر مافە رەواکانی کورد پێداگری بکەنو لەهەر شکڵو شێوازێک کە بۆ ئەو دۆخە دەگونجێ کەڵک وەربگرن بۆ ئەوەی ئیرادەی ئاشتیو چارەسەری دادپەروەرانەی پرسی کورد سەر بکەوێ.

رۆژئاوای کوردستان: دەرفەتێکی زێڕینی بۆ رەخساوە، دەرگای رزگاری لە ژێردەستی بۆ کراوەتەوە. حکوومەتی سووریە لاواز بووە، لاوان دەتوانن بە دەورو تێکۆشانیان یەکیەتیی ریزەکانی کوردو هێزە سیاسییەکانی بەدی بێنن کە زامنی پاراستنی ئەو دەسکەوتانەو پێش خستنیەتی. نابێ ئەو دەرفەتە لەکیس بچێو کورد لەو گۆڕانانە بێ دەسکەوتو مایە پووچ بمێنێتەوە. ئەرکی رێکخراوەکانی لاوانە رێ لە ململانێو یەکتر قەبووڵ نەکردنو شەڕی نێوخۆیی بگرن، یەکیەتیی کوردان بپارێزنو سیاسەتی ژیرانە بگرنەبەرو بۆ بەدەست هێنانی پشتیوانیی سیاسیو ئابووریو راکێشانی رای گشتی بە قازانجی کورد هەوڵ بدەن.

رۆژهەڵاتی کوردستان: لە هەناوی کۆمەڵگەدا پۆتانسێلو نارەزایەتییەکی بەرین بە تایبەتی لەنێو توێژی لاواندا هەیە، بەڵام رێک نەخراوە. هەوێنو بەستێنەکانی بزووتنەوەیەکی بەرینو جەماوەریو سیاسیو رزگاریخوازانەو زیندوو بەدی دەکرێ، بەڵام بەو هۆیەوە کە لەنێو حیزبو رێکخراوە سیاسییەکان رێکەوتنو یەکڕیزیو هاوخەباتیو هاوکاریی بەدی ناکرێ؛ دەبێ لاوانی ئەم بەشەی کوردستان بۆ یەکیەتیو یەکخستنی بزووتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان هەوڵی جیددی بدەن؛ رێ لە دابەش بوونی هێزە سیاسییەکان بگرنو لەسەر هێزو لایەنە سیاسییەکانی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەرییان هەبێ. پەرەپێدانی هزری نەتەوایەتیو بڵاوکردنەوەی لە ریزی لاواندا؛ وشیارکردنەوەی لاوان لە پیلانو نیازە شوومەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیو پاراستنیان لە گیرۆدەبوون بە ماددەی سڕکەرو فەسادی کۆمەڵایەتیو دیاردە دزێوەکانی دیکە لە نێوخۆی وڵات ئەرکی رێکخراوەکانی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستانە. هەروەها پێویستە لاوانی رۆژهەڵات هەوڵ بۆ هێنانە ئارای دۆخێکی نوێ لە بزووتنەوەی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بدەن.

رێکخراوەکانی لاوان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان!

لاوانی کورد لە کوردستانو دەرەوەی وڵات!

یەکەم کۆنفرانسی رێکخراوەکانی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان داواتان لێدەکا پێوەندی خۆتان چ لە ئاستی شوێنی ژیانوتێکۆشانتانو هەروەها لە ئاستی نێونەتەوەییدا، بەهێز بکەن. ئێمە داواکاری باشترینو بەهێزترین پێوەندی لە نێوان لاوانی کورد لە سەرانسەری کوردستان داین تا پێوەندیی پتەو یەکگرتووانەی لاوان، هاندەری سەرجەم تاکەکانی نەتەوە بۆ بایەخدان بە هاوپێوەندیی نەتەوەیی بێت.

سەرکەوێ خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان!

وەدیی بێ ئاشتی، ئازادی، دێمۆکراسیو یەکسانی!

یەکەم کۆنفرانسی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان

٢٩ی سەرماوەزی ٢٧١٣ی کوردی(١٣٩٢ی هەتاوی)

٢٠ی دیسامبری ٢٠١٣ی زایینی



# پەیامی یەکەم کۆنفرانسی لاوانی رۆژهەڵات بۆ خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان



**لە لایەن «تەوار شەریفی» بەرپرسی لاوانی یەکیەتیی شۆڕشگێڕان پێشکەش کرا!**

جەماوەری تێکۆشەری کوردستان!
بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!

لە پاش چەندین کۆبوونەوەو دەستو پەنجە نەرم کردن لە گەڵ دەیان کۆسپو تەگەرە سەرئەنجام ویستو ئیرادەی رێکخراوەکانی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەستنی یەکەمین کۆنفرانسی هاوبەش بە ئاکام گەیشت. ئەم پەیامە، پەیامی هاوبەشی سەرجەم رێکخراوەکانی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستانەو بە دڵنیاییەوە، ئەم کۆدەنگی‌یەمان کە یەکەم کۆنفرانسی لێ بەرهەم هات، بە پشتیوانیی سەرجەم چینو توێژەکانی نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەنگاوی گەورەتری بۆ خزمەت بە دۆزی رەوای گەلەکەمان لێ دەکەوێتەوە.

کوردستان نیشتمانی کوردەو نەتەوەی کوردیش لە کۆنترین نەتەوەکانی زنجیرە چیاکانی زاگروسەو مخابن نەتەوەی کورد کە خاوەن پتر لە ٥٠٠ هەزار کیلومتری چوار گۆشەی خاکە هەتا ئێستاش لە مافی دەوڵەتداریو دەسەڵاتی سیاسیی خۆی بێبەرییە. ئەمە لەحاڵێک دایە کە کورد خاوەن کوردستانەو بە درێژایی مێژووی داگیرکرانی نیشتمانەکەی هەر خاوەنداریەتیی لێ کردوەو لەو پێناوەشدا رووبارێک لە خوێنی رۆڵە بە ئەمەگەکانی پێشکەش کردوە.

ئەوانەی کە شارەزای سیاسەتو هاوکێشە سیاسیەکانی جیهانو ناوچەکە لە رابردوو و ئێستادا هەن، دەزانن کە هەڵکشانو داکشانی ستراتیژی ژئۆپۆلۆتیکی قارەییو ئاوی هەتا ئێستا لە گرنگترین هۆکارەکانی داگیرکردنو بە داگیرکراوی مانەوەی کوردستانن، بەڵام نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە خۆشمان چ لە رابردوو و چ لە ئێستادا بێ رۆڵ نەبووین لە مانەوەی ئەم هەلو مەرجە نالەبارەدا. هەر بۆیە ئێمەی لاوانی شۆڕشگێڕ بە هەست بە بەرپرسایەتی کردن، بە پێویستی دەزانین کە لە هەر دەرفەتێکی مومکین‌دا بکەوینە خەسار ناسیو پێداچوونەوەی رابردوو بۆ باشتر تێ گەیشتن لە هۆکارو گرفتەکانو هەروەها بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەسەریەکان.

خەڵکی ماف زەوت کراوی کوردستان!

بە تێ گەیشتن لەو راستیانەی کە ئاماژەمان پێ کرد لە چەند خاڵێکدا پەیامی یەکەم کۆنفرانسی لاوانی شۆڕشگێڕو خۆنەویستی خۆتانتان پێ رادەگەیەنین.

١: پێکهاتنی سەرکەوتووانەی ئەم کۆنفرانسە هەنگاوێک لە راستای نزیک کردنەوەی هێزو لایەنە سیاسی‌یەکان، چونکە هەرکام لە رێکخراوەکانی لاوانی پێک‌هێنەری کۆنفرانسەکەمان، رێکخراوی لاوانی یەکێک لە حیزبە تێکوشەرەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانەو بە دڵنیاییەوە ئەم هاوکاریو کارە هاوبەشەی ئێمە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر حزبەکانیشمان دەبێ بۆ لێک نزیک بوونەوەیان.

٢: کۆنفرانسەکەمان ئەگەرچی کۆنفرانسی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام هەر هەموو رێکخراوەکان بەبێ هەڵاواردن کار دەکەن بۆ داواکردنو دابین بوونی مافی سەرجەم رەگەزو چینو توێژە جیاجیاکانی نەتەوەکەمان. کەوابوو

هەر بەم پێوەرە بۆ سەرخستنی پەیامو بڕیارو ڕاسپارەکانی کۆنفرانسەکەمان هاوکاریو پشتیوانی سەرجەم ئێوەی ماف زەوت کراومان پێویستە.

**٣:** هەروەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، بەشێک لە هۆکارەکانی مانەوەی خاکو نەتەوەکەمان بە داگیرکراویو بندەستیو بێدەسەڵاتیی سیاسییە، هەر هۆکارە دەرەکییەکان نین، بەڵکوو خۆشمان وەک سەرجەم چینو توێژو حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان بەشێکین لەم هۆکارانە. کۆنفرانسەکەشمان لە ڕوانگەیەکی خەسارناسانەوە زۆر بە شەفافی ڕادەگەیەنێ کە نەبوونی گوتارێکی سیاسیی هاوبەشو نەبوونی هاوپەیمانیو بەرەیەکی کوردستانی لە نێوان حیزبە سیاسییەکانی کوردستان کە بێگۆمان نوێنەرایەتی زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵانی کوردستان دەکەن، هۆکاری سەرەکیی نێوخۆییە بۆ مانەوەی ئەم هەلومەرجە نالەبارە.

**٤:** ئێستا کە لەسەر بنەمای خەسارناسی ئاماژەمان بەو خاڵە جەوهەرییە کردوە کۆنفرانس داوا لە سەرجەم چینو توێژەکانی کوردستان دەکا کە پشتیوانی بەهێزمان بن بۆ لێک نزیک کردنەوەی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانو پاڵپشتو هاندەر بن بۆ پێک هێنانی یەکگرتوویيو گوتاری هاوبەش لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا.

**٥:** کۆنفرانس بە سەرنجدان بە لە سێدارەدانو زەوت کردنی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان بە دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران، داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکا، بێدەنگو بێ هەڵوێست نەبنو بەهەر شێوازێکی مومکین لە بەرانبەر ئەم تاوانانەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەنگ هەڵبڕنو بە وڵامدانەوەی پێویست، خاوەندارییەتی لە ڕۆڵەکانیان بکەنو نەهێڵن خوێنیان بەفیڕۆ بچێ.

**٦:** کۆنفرانسەکەمان لەم باوەڕە دایە کە دەست پێ کردنی قۆناخێکی نوێ لە پێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو ڕۆژاوا نابێ لەسەر بناغەی پشت گوێ خستنی تاوانەکانی ئەو ڕێژیمە دەرحەق بە گەلانی ئێرانو بە تایبەتی نەتەوەی کورد بێ. پێویستە ریکخراوەکانی لاوانو هەموو حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە ئاستی کوردستانو جیهاندا، کاری هاوبەشو جیددی بە مەبەستی لەقاودانی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیو ڕاکێشانی پشتیوانی جیهانی بۆ لای خەباتی حەقخوازانە لە کوردستان ڕابکێشن. لەم پێوەندییەدا چاوەڕوانیمان ئەوەیە خەڵکی کوردستان وەک هەمیشە پشتیوانمان بن.

بژی کورد، پایدار بێ کوردستان!
یەکەم کۆنفرانسی لاوانی ڕۆژهەڵات
٢٩ی سەرماوەزی ٢٧١٣ی کوردی(١٣٩٢ی هەتاوی)
٢٠ی دێسامبری ٢٠١٣ی زایینی



# پەیامی یەکەم کۆنفرانسی لاوانی ڕۆژهەڵاتی بۆ حیزبو لایەنە سیاسیەکان



له لایـەن «هـەڵـگـورد کـامـیـارانی» نوێنەری لاوانی یاری کورد پێشکەش کرا!

هێزە خەباتکارو تێکۆشەرەکانی کوردستان!

لە کاتێکدا ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکەم کۆنفڕانسی خۆیان بەڕێوە دەبەن کە دۆخێکی نوێ، هاوکات گرینگو چارەنووس‌ساز لەگەڵ کۆمەڵیک گۆڕان لە ناوچەکەدا ڕوویان داوە. ناوچەکە، ئێران، کوردستانو بزووتنەوەی رزگـاری‌خـوازی کـوردو هێزە پێشکەوتن خوازەکانی لەگەڵ قۆناغێکی نوێی خەباتو گۆڕانی سیاسی بەڕەوڕوو بوونەتەوە. ئەمە لەکاتێک دایە کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان جۆرێک لە قەیرانی سیاسی هەست پێ‌دەکرێ کە پێویستە بە هەنگاوی جیددی هەڵبگیرێتەوە لە پێناو ئامادەکاری بۆ چارەسەرو وەڵام دانـەوە بەم دۆخە هەستیارە.

بە باوەڕی ئێمە ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و، بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پۆتانسیەلێکی بەهێزی هەیەو جوولەو چالاکی‌یە سیاسی‌یە مەدەنی‌و جەماوەری‌یەکان زیندوویی بزاڤی کوردی لەم بەشەی نیشتمان دەسەلمێنن.

کـورد لـە رۆژهـەڵاتـی کـوردسـتـان خـاوەنـی تـوانـای جـۆراوجـۆرو نوخبەو کاراکتێری زۆر ئەکتیڤە. بـەڵام بـەداخـەوە حـیـزبو رێـکـخـراوە سیاسی‌یەکانی کـوردسـتـان تـا ئێستا یەکگرتوو و یـەک وتـار نـەبـوون. پـڕش‌و بڵاویی هێزە سیاسی‌یەکان جۆرێک لە دڵـسـاردی‌و نائۆمێدی‌و ركـوودی سیاسیی لێ‌کەوتۆتەوە.

بۆیە ئێمە وەک لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە سەرجەم حیزبو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان‌و تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داواکارین کە کار بۆ یەکیەتی‌و یەکگرتوویی بکەن‌و بە کاری هاوبەش‌و کۆبوونەوە لە دەوری یەک‌و سازدانی بەرەیەکی کوردستانی یان ڕێککەوتنێکی سیاسیی گشتگیر، لە لایەک ئیرادەو ئومێد بۆ خەڵکی کوردستان بگەڕێننەوەو هێزی لە بن‌نەهاتووی خەڵک‌و بزووتنەوەی کورد کە پارچە پارچەو لاواز بووە بخەنەوە سەریەک. لە لایەکی‌ترەوە بەم یەکیەتی‌و ڕێککەوتنە سیاسی‌یە دەتوانن وەڵامدەرەوەی ئەم دۆخە تازەی کوردستان بن‌و بەم جۆرە کاریگەرییان لەسەر دەرباز کردنی بزووتنەوەی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان لەم قەیرانە سیاسی‌یە هەبێ. بە یەکیەتی‌و هاودەنگیی حیزبو رێکخراوە ساسی‌یەکان‌و دروست بوونی بەرەیەکی یەکگرتوو بە وتارێکی هاوبەش، سەنگ‌و قورسایی کورد بەرامبەر بە داگیرکەران‌و وڵاتانی بڕیار بەدەستی جیهانی هەڵ‌دەکشێ.

هیواداریـن حیزبو رێکخراوە سیاسی‌یەکانی رۆژهـەڵاتـی کوردستان پەیامی یەکەم کۆنفڕانسی لاوانـی رۆژهـەڵات ببیستن‌و پێشوازی لێ‌بکەن‌و بە یەکڕیزی ریزەکانیان وەڵامـی بەجێ‌و شیاوی پێ بـدەنـەوە.

سەرکەوێ خەباتی نەتەوەی کورد لە پێناو سەروەریی‌و رزگاریی نەتەوەیی‌دا!

بژی کورد، بژی کوردستان!

یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان

٢٩ی سەرماوەزی ٢٧١٣ی کوردی(١٣٩٢ی‌هەتاوی)

٢٠ی دێسامبری ٢٠١٣ی زایینی

# پەیامی یەکەم کۆنفرانسی لاوانی ڕۆژهەڵات بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی




**لە لایەن «فیروز مامۆیی» وتەبێژی کوردستانی ڕێکخراوی لاوانی پێشڕەو پێشکەش کرا!**

لاوان وەک بڕبڕەی پشتو کۆڵەکەی هەر کۆمەڵگایەکی مرۆییو توێژی داهێنەری دوارۆژ، بەردەوام لە قۆناغە هەستیارو چارەنووس سازەکاندا ڕۆڵی بنەڕەتییان گێڕاوە. ئەگەر چاوێک لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێهەم بکەین بۆمان دەردەکەوێ نەریتو دەسەڵاتی زاڵ بە شێوەی بەرنامە بۆداڕێژراو هەوڵی داوەو دەدا کە لاوان لەم بکەربوونە دیاریکەرە دوور بخاتەوەو بیان کات بە مۆرەیەکی جێبەجێکاری بڕیارو بۆچوونە پەسەندکراوە باوەکانی خۆی کە لە کۆتاییدا بە قازانجی نەریتو مانەوەی کەموکوڕیی دەبێ کە لە ئاکامدا دەبێتە هۆی کۆسپو لەمپەر بۆ هاودەنگی لاوانی جیهان.

دەزانین کە ئێران موزائیکێکی گەورە لە گەلانی خاوەن مێژووە کە بە سەدان تایبەتمەندی، سەلیقەی سیاسی، مێژوییو کولتووری ئەو پێکهاتەیان نەخشاندوە. لەنێو ئەم موزائیکەدا سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکانو ڕابردووی پڕ لە ستەمو پێشێلکارییەوە لاوان بەردەوام دیاریکەر بوون، لەم نێوەدا بەتایبەت ڕۆڵو پێگەی لاوی کورد بەشێوەیەکی بنەڕەتی دیاریکەر بووەو هەیە. لە مێژووی هاوچەرخدا دەتوانین ئاماژە بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلان لە **١٩٧٩** بکەین، هەروەها ڕاپەڕینی جەماوەریی **١٩٩٩** و دەیان مانگرتنو چالاکیی بەردەوامی دیکە لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات لە لایەن لاوانی کورد کە لە پێناو جێگیرکردنی دێمۆکراسیو دادپەروەری بە ڕێگەی پێکەوەژیانی ئاشتیانەو گەڕاندنەوەی ڕێز بۆ هەر تاکو پێکهاتەیەک هاتووەتە ئاراوە. بێگومان گەلی کوردی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران نزیک بە چوار دەیە خەباتو خۆڕاگری، سەرباری هەموو توانەوەو جیاکارییەکان توانیویەتی ورەو هیوا بە داهاتوو و هەروەها هێنانەدیی ژیانێکی نوێ لە نێو کۆی لاوانی گەلانی دیکە لە ئێران دروست بکاتو هەمیشەش پشتو پەنای ئازادیخوازانی لاوی غەیرە کورد بێ کە ئەوە شایانی ئاوڕدانەوەی جیددیترە لە لایەن لاوانو کۆمەڵگاکانی جیهانەوە.

کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان!

هەروەک ئاگادارن نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بە درێژایی مێژوو سەرەڕای دەردو چەرمەسەری خۆی، کەوتوەتە بەر لێشاوی چەوساندنەوە، زیندان، ئەشکەنجە، سێدارەو ئاوارەیی لەو نیشتمانەن. بەڵام مخابن ئەم گەلە چەوساوەیە بە گوێرەی توانا و بە ئەوپەڕی هێزی خۆی بە مەبەستی بەرگری لە مافو زێدەکەی لە بڕگە جیاجیاکانی مێژوودا هێناوەتە ئاراوە.

دەسەڵاتدارانی کۆنە پەرەست و بیر تەسکی سیستمە یەک لە دوای یەکەکانی وڵاتی ئێران، لە ڕەزا شاوە بگرە تا حکوومەتی ئاخووندی هەر کاتێک بزووتنەوەیەکی ڕزگاری خوازی سەری هەڵ دابێ، هەوڵیان داوە بە پیلانگەلێکی جۆراوجۆر سەرکوتی بکەنو بە پێک هێنانی فەزایەکی ترسو هەڕەشە لە کوردستان، هەر چەشنە خەباتو تێکۆشانێکیان بە شیوەیەکی بێبەزەییانە و بە توندترین شێوە سەرکوت کردوە.

بەداخەوە ئەگەرچی کوردستان کەوتوەتە ژێر چەپۆکی داگیرکەران، کۆمەڵگای نێونەتەوەییو وڵاتان بە تایبەت ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو ڕێکخراوی جیهانی مافی مرۆڤو ڕێکخراوە پێوەندیدارەکانی دیکە لەمەڕ داگیرکەرانو بە تاڵان بردنی کوردستان لە لایەن داگیرکەرانەوە بێدەنگی دەنوێننو هیچ چەشنە هەڵویستێکی کردەییان لێوە نەبینراوە.

ئەوەش لە حاڵێک دایە کە ئەم مەسەلەیە بە نۆرەی خۆیو لەسەردەمی تێکنۆلۆژیو ماس مێدیادا جێگای بایەخو هۆگری مافی نەتەوەییو مافی مرۆڤە، بەڵام ئەوە جێی سەرسووڕمانە کە لە لایەن ڕێکخراوە نێونەتەوەیەکانەوە بێدەنگی لی دەکرێ.

جێی خۆیەتی کە لەم پێوەندییەدا لە ڕێکخراوە جیهانییەکان ئەم پرسیارانە بکرێ، بۆچی دەبی بەم شێوەیە بێ؟

ئێوە کە بەردەوام باس لە بەرگری لە مافی نەتەوە ژێردەستەو چەوساوەکان لە سەرانسەری جیهان‌دا دەکەن، بۆچی دەبێ نەتەوەی کورد وەک چەوساوەترین نەتەوەی ئەم جیهانە لە بیر بکرێ‌و بە فەرامۆشی بسپێردرێ؟ ئایا بەرژەوەندی‌یەکانی ئێوە نەگەیشتۆتە ئاستێک کە ڕێگەتان پێ بدا دان بە ڕەوایی بوونی مەسەلەی نەتەوەیی کورد دابنێن؟ چۆنە ئەوە نابینن ڕۆژ نیە لاوانی کورد لە ئێران‌و کوردستان‌دا بە هۆکارگەلێکی جۆراجۆر دەستبەسەرو ڕەوانەی زیندان دەکرێن‌و لە بەناو دادگا بێدادەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران‌دا بە تۆمەتبار کردنێکی بێ بنەما مەحکووم بە زیندان‌و ئیعدام دەبن؟

لە سەدەی **٢١** کە سەدەی بایەخدان بە مرۆڤ‌و مافەکانیەتی، بە سانایی لە ژیانی مرۆڤگەلی بێتاوان تەنانەت منداڵگەلێکی ژێر تەمەن **١٨** ساڵ چاو دەنووقێنن‌و بێبایەخی دەکەن. باشە ویژدانە زیندوو و مرۆڤ تەوەرەکانی ئێوە چی لێهاتووە؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە تەنیا هێندێک ئاوڕ لە خواستە سەرەتاییەکانی مرۆڤی کورد بدەنەوە کە مرۆڤگەلێکی ئاشتی‌خوازو دێمۆکڕاسی خوازن؟

ئێمەی لاوان‌و نەوەی ئەم نەتەوە سەربەرزو خۆڕاگرە کە بە چەندین دەیەیە کەوتووینەتە بەر تیغی بێڕەحمانەی شەڕی دوژمنانمان، دەنگی ماف‌خوازی خۆمان لەم وتارەدا بەرز دەکەینەوەو بە گوێی کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤ دۆست‌و نێونەتەوەییەکانی دەگەیەنین‌و داواکارین کە هاواری ئازادی خوازی ئێمە ببیستن.

ئێمە وەک لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێمان وایە بە یەکگرتوویی‌و هاوبەشی‌و ڕاوێژی بەردەوامـمان دەتوانین هەوێنێکی جێی دڵنیایی بین بۆ داهاتووی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی ئەم ناوچەیەو لەو پێناوەش‌دا یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵات بە دروشمی ‹یەکڕیزیی لاوان بەرەو داهاتوویەکی گەش› دەبەستین. هیواداریـن ئەم کۆنفڕانسە وەک یەکەم هەوڵی یەکانگیری لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەیەکی نزیک‌دا بگوازرێتەوە بۆ ناوەوەی وڵات‌و لەوێ بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە هەوڵی هێنانە دیی خەون‌و ئامانجەکانی لاوە بەش‌خوراوەکانی وڵاتەکەمان‌دا بین.

بێگومان کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە پشتگیریی خۆی دەتوانێ ئێمە دڵگەرمتر بکات‌و یارمەتیمان بدا لە بەردەوام بوونمان لە پێناو داکۆکی کردن لەسەر مافی ئازادیی تاکەکەسی، ئازادی سیاسی‌و کەرامەتی ئینسانیی هەموو لاوێک، تا بە هەموو شێوەیەک بتوانین پێش بە پەرەپێدانی شەڕو ناعەداڵەتی‌و پێشێلکارییە سیستماتیکەکان بگرین.

یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٢٩ی سەرماوەزی ٢٧١٣ی کوردی(١٣٩٢ی‌هەتاوی)

٢٠ی دێسامبری ٢٠١٣ی زایینی



# بڕیارو ڕاسپاردە پەسندکراوەکانی یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵات!

پاش هەوڵو ماندووبوونێکی زۆری هەموو ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات بەو هەموو ئایدۆلۆژیە جیاوازانەوەو بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی تەسکی ڕێکخراوەیی‌و لە دەرەنجامی چەندین کۆبوونەوەی یەک لەدوای یەک‌و ئاڵ‌وگۆڕی بیروڕا، بەخۆشی‌یەوە یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کەشێکی دۆستانەدا ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی **٢٩**ی سەرماوەزی **٢٧١٣**ی کوردی بەرامبەر بە **٢٠**ی دێسامبری **٢٠١٣**ی زایینی لە شاری هەولێری پێتەختی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوە چوو. ئەو کۆنفڕانسە کە چەندین تەوەری جۆراوجۆری لەخۆ گرتبوو، باس‌و موناقشەیەکی زۆری تێدا کرا کە سەرەنجام ئەو بڕیارو ڕاسپاردانەی خوارەوەی تێدا پەسند کران. بەو هیوایە هەموو لایەک بتوانین بە باشی ڕەچاویان بکەین!

**١:** لاوان بەبێ هیچ هەڵاواردنێکی لایەن‌و ڕێکخراوەیی، خوازیاری یەک گوتاریی سەرجەم لایەنەکان بۆ بەرژەوەندی‌یە نەتەوەیی‌یەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**٢:** کۆنفڕانس هەوڵ دەدا بۆ یەک گوتاری سەرجەم ڕێکخراوەکانی لاوان، ژنان‌و...، لە سەرجەم پارچەکانی کوردستان لە پێناو ڕزگاری‌و سەربەخۆیی‌و دادپەروەری کۆمەڵایەتی‌دا.

**٣:** کۆنفڕانس دەبێ کار بۆ زیاتر بە جەماوەری کردنی مافی دیاری کردنی چارەنووس بکا لە نێو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**٤:** کۆنفڕانس بۆ ئیدانەکردنی شەپۆلی لە سێدارەدان، کوشتارو بێ‌سەروشوێن کردنی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات دەبێ ڕێ‌و شوێنی یاسایی‌و مەدەنی‌یە نێودەوڵەتی‌و نێونەتەوەیی‌یەکان بگرێتەبەرو هەروەها کاری جیددی بکا لەنێو لاوانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێعترازە مەدەنی‌یەکان دژ بە سێدارە، بە جەماوەری‌تر بکرێ.

**٥:** کۆنفڕانس بە لەیەک نزیک کردنەوەی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا گەیشتن بە بەرەیەکی کوردستانی دەبێ وەک ئەرکی خۆی چاوی لێ‌بکا.

**٦:** کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵات، ئیرادەی پۆڵایین‌و خەباتی بێ‌وچانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی نیشتمان بەرز دەنرخێنێ‌و خۆی بە پشتیوان‌و هاوخەباتیان دەزانێ.

**٧:** کۆنفڕانس داوا دەکا لاوانی ناوچەکانی کرماشان‌و ئیلام‌و ئەو ناوچانەی کە کوردی ئێرانی تێ‌دایە زیاتر بەشداری خەباتی نەتەوەیی‌و ڕزگاری نیشتمانی نەتەوەکەیان بکەن.

**٨:** کۆنفڕانس هەوڵ دەدا بۆ پشتگیری هەرچی زیاتری بەندکراوانی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و گەیاندنی دەنگیان بۆ جیهانی دەرەوە.

**٩:** کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵات یەکگرتووانە خوازیارە لە ساڵی نوێ‌دا چوارەم کۆنفڕانسی لاوانی هەر چوار پارچە بە بەشداری هەموو لایەک بەڕێوەبچێ‌و هەر کەس‌و لایەنێک هەوڵی بەلاڕێ‌دا بردنی ئەو کۆنفڕانسە بدا، مەحکووم دەکا.

**١٠:** کۆنفڕانس خوازیارە هەموو لایەک هەوڵی جیددی بۆ پشتگیری‌و ڕۆشنگەری سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لەنێو لاوانی کورددا بدرێ، ئێمە وەک لاوانی کورد ماددە هۆشبەرەکان بە چەکی کاریگەر لە پێناو لەنێوبردنی بیری نەتەوەیی کوردو هێزی کۆمەڵایەتی دادەنێین‌و بە هەموو هێزو تواناوە دژی دەوەستینەوە.

**١١:** کۆنفڕانس هەوڵی هێزە توندڕەوە ئیسلامیەکان لە ڕۆژهەڵات بۆ بەلاڕێدا بردنی لاوان بە توندی مەحکووم دەکاو خوازیارە لاوان لەو پێوەندی‌یەدا چاو کراوەتر بن.

**١٢:** کۆنفڕانس پشتگیری لە خەباتی نەتەوەیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان‌و بۆ پاراستن‌و ڕێزگرتن لە بەهاو سەروەری‌یە نەتەوەییەکان بە ئەرکی هەموو لاوێکی کورد دەزانین.

**١٣:** کۆنفڕانس ڕێگرتن لە شێواندنی مێژوو و کولتووری کوردو ناساندنی بە نەوەی نوێ بە ئەرکی سەرجەم ڕێکخراوەکانی لاوان دەزانێ.

**١٤:** کۆنفڕانس داواکارە ڕۆژی **١٢**ی جۆزەردان کە تێیدا **٥٩** لاوی کورد لە سێدارە دراون وەک ڕۆژی لاوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیاری بکرێت.

**١٥:** کۆنفڕانس داواکارە ریکخراوەکانی لاوان لە چوارچێوەیەکی هاوبەش‌و لە ژێر چەتری دامەزراوەیەک‌دا کار بکەن‌و ئەو دامەزراوەیە هەوڵ بدا بە شێوەیەکی ڕێک‌و پێک بە پێی میکانیزمی گونجاو لە دەرکردنی گۆڤار، کاروچالاکی

وەرزشیو هونەریو... هاوبەش، لاوانی ڕۆژهەڵات لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە.

**١٦:** کۆنفڕانس خوازیارە لە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بە پێی پڕەنسیپە نێو نەتەوەییەکانی مافی پەنابەری سیاسی، مافەکانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی نیشتەجێی هەرێم زیاتر دەستەبەر بکا.

**١٧:** کۆنفڕانس داواکارە بە هەموو شێوەیەک ڕووبەڕووی کولتووری پیاوسالاریو عەشیرەییو هەروەها کوشتنی ڕەگەزی مێینە لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر ناوی نامووس، شەرەفو...، مەحکووم دەکا.

**١٨:** کۆنفڕانس هەوڵی چەندین ساڵەی NGOو ڕێکخراوەکانی نێوخۆی ڕۆژهەڵات بەرز دەنرخێنێو خوازیارە لاوان لە کارو چالاکی ئەو NGO سەربەخۆیانەدا بەشداری بکەن.

**١٩:** پێویستە شەڕی براکوژی بە هەر پاساوێک بێ، دووبارە نەبێتەوەو هەر لایەنێک دووبارەی بکاتەوە پێویستە شەرمەزار بکرێ بە تایبەتی لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕێگری لەو کارە ئەرکی سەرجەم ریکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییە.

**٢٠:** کۆنفڕانس سیاسەتی تواندنەوەی زمانی کوردی لە لایەن داگیرکەرانەوە مەحکوومو پێشنیار دەکا پرسی زمانی ستانداردی کوردی بێتە ئاراوە.

**٢١:** کۆنفڕانس خوازیارە لاوانی کورد لە هەندەران لە پێناو ویستو داخوازییەکانی کورددا هەوڵی زیاتر بدەن.

**٢٢:** کۆنفڕانس هەوڵو تێکۆشانی کەمپەینی پشتیوانی لە گیراوانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان بەرز دەنرخێنێو داواکارە لە دەسەڵاتی قەزایی ئەو بەشە وەک ئەرکێکی نیشتمانی ئەو گیراوانە ئازاد بکا.

**٢٣:** پابەندبوونی هەموو ڕێکخراوەکان بە پرەنسیپە دێمۆکڕاتیکەکان وەک مافە مەدەنی، سیاسیو هەموو مافەکانی پەسندکراو لە جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان.

**٢٤:** کۆنفڕانس سەرجەم سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی مەحکوومو داوای ڕووخاندنی داموو دەزگاکانی لە کوردستان دەکا.





# پەیامی کۆتایی یەکەم کۆنفرانسی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان




**لە لایەن ‹‹ سەید جەلال ساڵحی›› جێگری سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوان دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش کرا!**

## لاوانی خۆڕاگرو بە ئەمەگی رۆژهەڵاتی کوردستان!

هەموو لایەک ئاگادارن کە پاش بڵاوبوونەوەی راگەیەندراوی لێژنەی ئامادەکاری یەکەم کۆنفرانسی لاوانی رۆژهەڵاتو پێشوازی کەم وێنەی لاوانی نیشتمان لە یەکگرتوویی‌و یەکڕیزی هەمووان، بە خۆشی‌یەوە ئەمڕۆ **٢٩**ی سەرماوەزی **٢٧١٣**ی کوردی کۆنفرانسەکە بە بەشداری نوێنەری سەرجەم رێکخراوەکانی لاوانی رۆژهەڵاتو چالاکانی بواری لاوان‌و نوێنەری حیزبە سیاسی‌یەکانی رۆژهەڵات بە شێوەیەکی رێکوپێکو دوور لە هەر جۆرە بەرژەوەندی‌یەکی تەسکی رێکخراوەیی کارەکانی بەڕێوەبردو هەنووکەش کۆتایی کۆنفرانس رادەگەیەنین.

بەستنی کۆنفرانسێک بە بەشداری سەرجەم رێکخراوەکانی لاوان‌و ژمارەیەک لە لاوانی چالاک خۆی لەخۆی‌دا هەنگاوێکی گرینگە لە پێناو یەکڕیزی‌و تەبایی چین‌و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا. ئەم کۆنفرانسە لە حاڵێک‌دا بەڕێوە دەچوو کە خەباتی نەتەوەیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە قۆناغێکی دژوارو هەستیاردا تێ‌دەپەڕێ. لە لایەک رۆژ بە رۆژ گوشاری ئەمنیەتی‌و سەربازیی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر خەڵک‌و بە تایبەت لاوان زیاتر دەبێ‌و لە لایەکی دیکەوە رەوشی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئاست چاوەڕوانی‌و تواناکان‌دا نییە. ئەمەش وامان لێ‌دەکا کە بە چاوی رەخنە لە رابردوو و هیوا بە داهاتوو هەوڵی رزگارکردنی بزووتنەوەی کورد لەو قۆناغە و بەرەوپێش بردنی خەباتی نەتەوەیی-دێمۆکراتیکی گەلەکەمان بدەین. بۆ ئەوەی کە بتوانین ئەم ئامانجەمان بپێکین، پێویستە بەر لە هەر شتێک لە خۆمانی لاو دەست پێ‌بکەین، چونکە لاوان بە مەکینەی وەجم‌وجۆڵ خستن‌و گۆڕانکاریی کۆمەڵگا دەژمێردرێن.

## کیژان‌و کوڕانی لاو لە کوردستان‌و دەرەوەی وڵات!

کەم نین ئەو کێشەو گرفتانەی کە ئەمڕۆ لاوانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستیانەوە دەناڵێ. سەرەکی‌ترین گرفتیش هەڵس‌وکەوتی نابەجێی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ توێژی لاوانە. لاوان لەگەڵ حکوومەت بۆ زاڵبوون بەسەر چارەنووسی خۆیان‌و دەستڕاگەیشتن بە ئازادی‌یەکان لە ململانێ‌یەکی دژواردان. ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی کورد بە هۆی بیروباوەڕی سیاسی‌و چالاکیی مەدەنی لە گۆشەی بەندیخانەکان خزێندراون یان بە ناڕەوا گیانیان لێ ئەستێندراوە. مەبەستی حکوومەت لەم گوشارانە بۆ هەمووان ئاشکرایە ئامانجی تەنیاو تەنیا دوورخستنەوەی لاوان لە داواکردنی مافەکانیان‌و خەباتی نەتەوەیی‌و ئازادی‌خوازانەیە.

لاوانی کورد لە رووی فکری‌و سیاسییشەوە گوشاری زۆریان لەسەرە. ئاسەواری سیستمی تۆتالیتێری کۆماری ئیسلامی بەسەر هەموو بنچ‌و بنەماکانی کۆمەڵگاوە دیارە. حکوومەت هەوڵی زۆر دەدا کە کۆمەڵانی خەڵک‌و بە تایبەتی چالاکوانان بە هاندان یان هەڕەشە بۆ لای خۆی رابکێشێ. گرفتێکی سەرەکیی دیکەش، سەرهەڵدان‌و چالاکی‌یەکانی گرووپە توندئاژۆخوازە ئیسلامی‌یەکان لە کوردستانە. چالاکیی ئەو تاقم‌و گرووپانە لەحاڵێک‌دا خەریکە خۆ دەگرێ کە حکوومەت ناراستەوخۆ پشتگیریان دەکاو حیزبە سیاسی‌یەکانیش

بەهۆی کەمتەرخەمی لە بەرانبەریان‌دا سیاسەتی بێ‌دەنگیان گرتووەتە بەر. لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە رووی کۆمەڵایەتییشەوە ئاستەنگی بڕست‌بڕو دژواریان لەپێشە. حکوومەت بە گرتنەبەری سیاسەتی خۆیی بوون‌و بێگانە هەڵس‌وکەوت لەگەڵ خەڵک‌و بە تایبەت لاوان دەکا. ئەو لاوانەی سەربە دەسەلات نەبن‌و لەگەڵ چاوەڕوانی‌یەکانی ڕێژیم‌دا خۆیان نەگونجێنن، دەکەونە بەر هێرش‌و لە ئیمتیازە ئابووری، ئیداری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان بێ‌بەش دەکرێن. بێکاری‌و گوشاری ئابووری بڕستی لە لاوان بڕیوەو زۆرجار هانیان دەدا بەرەوپیلی کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌و بەتایبەتی مادە هۆشبەرەکان بچن. هەروەها جاروباریش ناتوانن خۆیان لەبەر ئەو هەموو قورساییەی ژیان‌دا ڕابگرن‌و ناچار دەبن تەرکی نیشتمان بکەن کە ئەمەش دەیان کێشەو گرفتی دیکەیان بۆ ساز دەکا. ئەو کێشانەی بە کورتی باسمان کردن، دەیان گرفتی دیکە بۆ کۆمەڵگاو لاوان دێننە پێش کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی نەرێنی‌یان لەسەر کۆمەڵگا دەبێ.

### لاوانی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان!

وەکوو دەزانن، ئەمساڵ ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خانەخوێی کۆنفرانسی ساڵانەی لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستانن. ئەم کۆنفرانسە هەنگاوێکی گرینگە لە پێناو یەک‌دەنگی‌و هاوپشتی نەتەوەیی‌و هەوڵێکە بۆ کەم‌ڕەنگ کردنەوەی سنوورە سیاسی‌یە دەستکردو جوغرافیاییەکانی نێوان بەشە جیاوازەکانی کوردستان. پێویستە ئێمەش هەوڵ بدەین بە پاراستنی بێ لایەنی، هەموو لایەنەکان لەو کۆنفرانسەدا بەشدار بن. هیوادارین نوێنەرانێک لە لاوانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بتوانن لەم کۆنفرانسەدا بەشدار بن. لە کۆتایی‌دا جەخت لەسەر هاودەنگی زیاتر لە نێوان خەڵک‌و هێزە سیاسی‌یەکان دەکەینەوە. چاوەڕوانین ئەم کۆبوونەوە هاوبەشەمان ڕێگە خۆشکەر بێ بۆ هاوکاری‌و هاوئاهەنگی زیاتری هێزو لایەنە سیاسی‌یەکانی کوردستان کە لاوان دینامۆی گەشەپێدانی ڕۆحی پلۆڕالیزم لە نێوئاخنی بزاڤی نەتەوەیی کوردن‌و بە ئەرکی ئەخلاقی‌و نیشتمانی خۆیان دەزانن کە بەردەوام وەک پێشڕەوی یەک بوون‌و یەکگرتوویی لە ژینگەی سیاسی‌دا دەور بگێڕن. هیوادارین پارت‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی نێوگۆڕەپانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و باقی پارچەکانی کوردستانیش ڕێچکەی ئێمەی لاو بگرنە بەرو ستارتی دەستپێکی لێک نزیک بوونەوە لێ‌بدەن.

بەرزو پیرۆز بێ یەکڕیزی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!
سەرکەوێ خەباتی لاوان لە هەر چوارپارچەی کوردستان!
نەمری بۆ سەرجەم لاوانی شەهیدی ڕێگای ڕزگاری کوردستان!

یەکەم کۆنفرانسی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
٢٩ی سەرماوەزی ٢٧١٣ی کوردی(١٣٩٢ی هەتاوی)
٢٠ی دێسامبری ٢٠١٣ی زایینی





# سەدەیەک تێکۆشانی هێمنانەی گەلانی ئێران لە پێناو وەدیهێنانی ئازادیدا!






رەحمان پیرۆتی

سەدەی بیستەم، سەدەیەکی پڕ لە قەیران و رکابەری و بەگژیەکداچوون، هەڵگیرسانی دوو شەڕی گەورەو ماڵوێرانکەری جیهانی لەنێوان زلهێزەکان، خستنەگەڕی چەکی کۆمەڵکوژ، لەبەریەک هەڵوەشان و دارمانی ئیمپراتۆرەکان و هاتنە کایەی دەیان حکوومەتی نەتەوەیی، ئەو دەستەودەست کردنی دەسەڵات، پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیای پیشەیی، نیزامی، ئابووری و پەرەسەندنی پێوەندی و هاوکاری ئاسایشی بە گشتی سەرو سیمایەکیتریان بە جیهان بەخشی. گوتاری بەربەرەکانی بۆ دێمۆکراسی لە بەرامبەر دیسکۆرسی سیاسی هێژموونیک دەرکەوت و رێسامەند لەسەر بەرتەسک بوونەوەی دەسەڵاتی تاک، سەروەری یاسا، پلۆرالیزم و بەشداری خەڵک لە حکوومەت، ململانێی سالم، گۆڕان و نوێبوونەوە پێداگری کرد.

ئێران وڵاتێکی پان و بەرینە کە لە بواری سامانی سروشتییەوە دەوڵەمەندو لە ڕووی جوغرافیایی و ژیۆپۆلێتیکی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست شازە، بەڵام بە ئاوڕدانەوەیەک لە فاکتەرە سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و، جوغرافیاییەکان و سەرنجدان لە بێگانەبوونی کەشی سیاسی وڵات لەگەڵ ویست و داخوازی خەڵک، لەم بەهرەو هەڵکەوتوویی سروشتییە کەڵکێکی ئەوتۆو لە بەرژەوەندی خەڵک وەرنەگیراوە، بگرە وەک نەهامەتێک بۆتە سامانگەی سیستمی سیاسی بە مەبەستی زیاتر چەوساندنەوەی خەڵک.

گەلانی ئێران لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لە رێگای نارەزایەتی مەدەنی و بەرتەسک کردنەوەی پانتایی دەسەڵاتی دەوڵەتی قاجار توانیان بەرەو قانوونمەندکردنی دەوڵەت و دامەزرانی خانەی دادو پارلمان هەنگاو بنێن کە هەڵگری مێژوویەکی سەد

ساڵەیە. ئەم حەرەکەتە کە بە «شۆڕشی مەشرووتە» ناسراوە؛ کۆمەڵگای نەریتی ئێرانی کردە خاوەن گوتارێکی سیاسی—ڕووناکبیری‌و، ڕای گشتی لەگەڵ ڕێکخراو و سازمانی مەدەنی ئاشنا کردو، خۆپیشاندانی جەماوەری سازمان‌دراوی کردە جێگرەوەی ڕێپێوانی تەقلیدی‌و کوێرکوێرانە. لەڕاستی‌دا بزووتنەوەی مەشرووتە، بناغەی ڕەوتی سیاسی مۆدێرن‌و سیاسەت‌وەرزی ئاگایانەیە لە ئێران. هەر لەو کاتەوە، چەشنێک لە مەدەنی بوون لە شێوەی خەباتی گەلانی ئێران بە دژی دەسەڵاتە پاوان‌خوازە یەک بەدوای یەکەکان بەدی دەکرێ. ئەم وتارە، بەشێک لەم ڕەوتە مەدەنی‌یە دەخاتەڕوو.

پێشەکی:

ئەو سەردەمانەی کە تایبەتمەندی‌یەکانی لە سەرەوە ئاماژەیان پێدراو دەکرا کەڵکی پێویست لەو بارودۆخە وەربگیرێ، وڵاتی ئێران ببوو بە مەیدانی ڕمبازێنی حکوومەتە بەهێزە جیهانی‌و ناوچەییەکان بە تایبەت بریتانیا و ڕووسیە. ڕکابەری‌و ململانەی دوو زل‌هێزی داگیرکەری بریتانیاو ڕووسیە بێ‌گوێدان بە حکوومەتی پاشایەتی ئێران‌و لەبەرچاو گرتنی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان‌و سەرەتایی‌ترین بەرژەوەندی گەلانی ئەم وڵاتە، ببوو بە هەوێنی سەرەکی قەتیس‌مانەوەی وڵات.

حکوومەتی چاونەزێری ڕووسیە بەپەلە پڕووزەو پشوو هەڵماڵاوی بۆ هەرچی زیاتر دابین کردنی بەرژەوەندی سیاسی— ئابووری‌و ئەمنیەتی خۆی بەرەو ناوچەکانی قەفقازو ئاسیای ناوەندی هروژمی دەبردو لە هەوڵی پڕکردنەوەی کەلێن‌و کولێنی ئەو ناوچانە دابوو بۆ زیاتر گەمارۆدان‌و پچڕینی بەرژەوەندی‌یە هەمەلایەنەکانی خۆی.

بریتانیای گەورە لە لایەک بۆ بەرژەوەندی خۆی‌و لە لایەکی‌تر بۆ داکۆکی لە کۆڵۆنیەکەی واتا وڵاتی هێندوستان هەوڵی زاڵ بوون بەسەر ئێرانی دەداو بارودۆخەکەی ئاوا لێک دەدایەوە کە لە ئەگەری زاڵ بوونی ڕووسیە بەسەر ئێران‌دا، بەرژەوەندی بریتانیا دەکەوێتە مەترسی‌یەوە. بریتانیا خاکی ئێرانی کردبوو بە پێگەی بەرگری‌و داکۆکی لە تۆڕی بەرژەوەندی کۆڵۆنیەکانی‌و بە تایبەت هێندوستان لە ناوچە؛ کە بە بەکارهێنان‌و پشتیوانی هێزی دەریایی، تەواو لەسەر پرۆسە سیاسی‌یەکانی ناوچە کاریگەر دەبوو.

لەو کاتە هەستیارەدا کە جیهان شایەتی وشیاری‌و پەرەگرتنی هەستی نەتەوایەتی‌و سەربەخۆخوازی گەلان بوو، ڕێژیمی پاشایەتی ئێران بە دەسەڵاتێکی لاوازو ئاتاج نەتەنیا توانای بەڕێوەبردنی وڵاتی نەبوو، بەڵکوو بچووکترین شتی لە لایەن داگیرکەرانەوە بەسەردا دەسەپا؛ سەرۆک وەزیرانی کابینەی دەوڵەت دەبوو ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لە لایەن حکوومەتە بیانی‌یەکانەوە ڕەزامەندی لەسەر بدرێ، تا شۆڕشی مەشرووتە بەشێک لە بەرپرسان ڕاستەوخۆ لە لایەن چەند وڵاتی داگیرکەرەوە دیاری دەکران، دەوڵەتی بێلژیک وەزیریماڵیەو بەرپرسی گومرگەکانی دیاری دەکرد.

لە نیوەڕاستی سەدەی نۆزدە، برەوسەندنی پێوەندی نێوان ئێران‌و وڵاتانی ڕۆژئاوایی، بیری ڕیفۆرمیستی لە زەینی بژاردەو چینی نوخبەی ئێرانی پەروەردە کرد. لەڕاستی‌دا ئەوە بەرهەمی کردەوەو زەحمەتی کەسانێکی وەکوو «قائیم مەقام» «ئەمیر کەبیر» یا «سپەسالار» بوو کە بەستەری گۆڕانکاری نوێ‌خوازانەیان لە ئێران دابین کردبوو.

زۆرێک لەو کەسانەی کە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی شۆڕشی مەشرووتە پشتگیری‌یان لە بەرتەسک کردنەوەی دەسەڵاتی سەڵتەنەتی کرد، لە چینی نوخبەی وڵات بوون کە بۆ ماوەیەک لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی ژیابوون‌و مێتۆدی دەسەڵاتداریتی‌و حکوومەت‌داری ئەوانیان بۆ ئێران تەجویز دەکرد. هەندێ





مەجلسی میللی ۱۲۹۰

پڕەنسیپی پێشکەوتوو و وشەگەلێکی مۆدێڕنی وەکوو «یاسای بنەڕەتی»، «سەڵتەنەتی مەشرووتە» و «خانەی داد» بەرهەمی بیردۆزی ئەو چینە نوخبەو خوێندەوارە بوو کە لەگەڵ شێوە چالاکی مەدەنی گەلانی‌تر ئاشنا بوون‌و بە شوێن مێتۆد-گەلێکەوە بوون بۆ ئەنجامدانی گـۆڕانـکـاری‌و ریـفـۆڕم لە ئـێـران‌دا.

دەسپێکی بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی ئێران «بـزووتـنـەوەی تەنباکو» لە ساڵی **١٢٧٥**ی هەتاوی‌دا بوو. دژایەتی کـردن لەگەڵ پێدانی مافی تایبەتی تیجارەتی تەنباکو بە هێزە بیانیەکان بەستێنێکی دروست کرد تا بۆ یەکەم جار نویٚ‌خوازان‌و پێشەوایانی ئایینی بە پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵک لە دژی ئیستبدادی نێوخۆیی‌و ئیستعماری دەرەکـی راپـەڕن. دواتـر گریٚ‌بەستی رێگای ئاوی بەندەرەکان (گومرگەکان) لەنێوان دەوڵەتی بێلژیک‌و ئێران‌و پاشان گریٚ‌بەستی نەوتی ئێران‌و بریتانیا ئەو هاوپێوەندی‌و هاوکاری‌یەی زیاتر کردو هەڵگەڕانەوەو دژکردەوەی جـەمـاوەری مسۆگەرو حەتمی کرد.

ئـەم دژکـــردەوە، بزووتنەوەیەکی سەراسەری‌و رێفۆڕم خوازانە بوو کە بە مەبەستی هێنانە گۆڕی داخوازی‌یە سەرەتاییەکان هاتە کایەوەو بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموون‌و تاقیکاریەکانی گەلانی سەرکەوتووی جیهان‌و بەهۆی ئەو رایەڵە پێوەندی‌یە کولتووری‌و ئاڵ‌و وێرانە کە لە نێوان گەلانی ئێران‌و گەلانی‌تر پێک‌هاتبوو، بەردی بناغەی بزووتنەوەیەکی مۆدێڕنی دامەزراند. سەرهەڵدانی خەڵک سەرەتا لە شارە گەورەکان دەستی پیٚ‌کردو بەرەبەرە بۆ شوێنەکانی‌تر تەشەنەی سەندو وڵات یەک پارچە بووە ناڕەزایەتی مەدەنی‌و خۆپیشاندانی جـەمـاوەری دژ بەو گریٚ‌بەستانەی کە تەنیا دابین‌کەری بـەرژەوەنـدی زل‌هـێـزەکـان بـوون. هەر چەندە گەلانی ئێران بە گشتی ئەزموونێکی ئەوتۆیان لەسەر ئەم شێوازانەی خەبات واتا خۆپیشاندان، مانگرتن‌و خەباتی پەرلەمانی نەبوو، بەڵام زۆر ژیرانە لە سەرەتایی‌ترین داواکاریەکانەوە دەستیان پیٚ‌کردو داخوازی‌یەکانی خۆیان بەشێوەی پێشکەوتوو و هێمنانە لە رێگای گونجاو وەک ریٚ‌پێوان‌و مانگرتن‌و، بە کەڵک وەرگرتن لە کاریگەری کەسانی دەست رۆیشتووی نێوکۆمەڵ بۆ دەسـەڵات بـەرز کـردەوەو سـەرەڕای ئـەوەی کە وەڵامێکی ئەوتۆیان دەست نەدەکەوت، بەڵام شێلگیرانە پێداگری‌یان دەکرد.

بـزووتـنـەوەی ئـازادی‌خـوازی گەلانی ئێران دوو تایبەتمەندی سـەرەکـی تـێـدا بـەدی دەکـرا:

یـەکـەم: یـەک‌ڕیـزی‌و بـەشـداری هەموو چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگا.

دووهـــــەم: شـێـوە خەباتێکی هێمنانەو دوور لـە توندوتیژی‌و خوێن رشتن لە لایـەن خەڵکەوە.

لە بەرامبەردا، رێژیمی پاشایەتی تا ئەو جێگایەی توانی خۆی لە داخوازیەکان گێل دەکردو بیٚ وەڵامی دەهێشتنەوە. حکوومەت گـویٚ‌ڕایـەل نەبوو هیچ، بەڵکوو بە رەشەکوژی‌و ترس‌و تۆقاندن لە رێگەی دەست‌و پێوەندەکانی‌یەوە هەوڵی سەرکوتی بزوتنەوەکەشی دەدا؛ خەڵکیش جگە لە یەک‌ڕیزی‌و یەکگرتوویی‌و بەگژ دەسەڵات‌دا چوونەوە رێگایەکی‌تریان لە بـەردەم‌دا نەمابوو، بۆیە دژکـردەوەی رێژیم نەتەنیا ئەو حەرەکەتەی خاو نەدەکردەوە، بەڵکوو دەبوو بە هاندەرو مەودای کاریگەری بزووتنەوەکەی بەربڵاوتر دەکـرد.

ئەو بارودۆخە دەرەنجامی راستەوخۆی داماویی رێژیمی پاشایەتی ئێران بوو کە هەستی بە بەرپرسیارەتی لە ئاست ئەو هەموو قاتی‌و قڕیەی گەلانی ئێران نەدەکرد. سەرباری ئەوەش سەرانەو باجی ساڵانەی رێژیم هێندەی دیکە ژیانی بە خەڵک تاڵ کردبوو؛ ئەگەریش بۆیان نەدرابا بە زۆرەملی‌و لە رێگەی دەست‌و پێوەندەکانی رێژیم لە خەڵک دەستێندرا. لە ساڵانی سەرەتایی سەدەی



سپای بەختیاری‌یەکان بە سەرکردایەتی سەردار ئەسعەدی بەختیاری بەرەو تاران



محەممەد عەلی‌شای قاجار



ئەحمەد شای قاجار



سەردار ئەسعەدی بەختیاری

بیستەم، خەزێنەی دەوڵەتی قاجار زیاتر لە هەر کاتێکی‌تر خاڵی بوو، بەشێوەیەک کە زۆرجار بۆ خۆشگوزەرانی‌و سەفەری وڵاتانی ئوورووپا، بە وام پارەیان پێ‌دراوە.

شۆڕشی مەشرووتەو دەسەڵاتداریێتی قاجار:

ئەو زوڵم‌و زۆری‌و بێ دەرەتانی‌یەو چوونەسەری رادەی وشیاری گشتی بووە هۆی راپەڕینی گەلانی ئێران. خەڵک بەشێوەی مەدەنی‌و دوور لە توندوتیژی‌و لە هەر کاتێک‌دا کە بۆی رەخسابا داواکاریەکانی لەگەڵ دەسەڵات هێمنانە هێناوەتە گۆڕێ کە مێژووی بۆ زیاتر لە سەدەیەک دەگەڕێتەوەو هیچ کاتێک ئەم شێوە خەباتەی لەبیر نەکردووەو لە بیریشی ناکاو لێی لا نەداوە. مێژوو گەلێک رووداوی وای لەبیرە کە لە کات‌و ساتی تایبەت‌دا رێژیمەکان توندوتیژیان بەسەر خەڵک‌دا سەپاندووەو حکوومەتە سەرەڕۆکان بۆ خۆپاراستن لە داوا رەواکانی خەڵک بە جێگای وەڵامی رەوا بە ئاگرو ئاسن وەڵامیان داونەتەوەو خەڵکیش بۆ مان‌و بوونێتی خۆیان داکۆکیان لەخۆ کردوە.

ئەوکات موزەفەرەدین شا بە رواڵەت بەسەر ئێران‌دا حوکمی دەکرد کە لەڕاستی‌دا هیچ دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبوو و تەنیا وەک کێشکچی بەرژەوەندی داگیرکەران بەتایبەتی بریتانیا و رووسیە هەڵ‌دەسووڕاو هەڵوێستی دەگرت. ئەو چەشنە کردەوانە بوونە هەوێنی راپەڕینی گەلانی ئێران‌و لە چەند شار بە تایبەتی تاران، رێپێوانی خەڵک بەرەو باڵیۆزخانەی بریتانیاو مانگرتن لەم باڵیۆزخانەیە بوو بە دەسپێکی سەرەتایەکی نوێ. ئەو جووڵانەوە پرۆتێستۆیە بە یەکگرتوویی‌و بەشداری هەموو چین‌و توێژەکانی کۆمەڵ‌و بە هێنانە گۆڕی داخوازیەکان‌و بە شێوەیەکی فەرمی بارودۆخێکی باشترو گونجاوتری هێنایە کایە.

بەشێکی زۆر لە خەڵکی تاران بە رێپێوانی هێمنانەو بۆ گەیاندنی داواکانیان روویان لە کاخی دەرباری شا کرد کە بە تەقەی پاسەوانان وەڵامیان درایەوەو، لە ئاکام‌دا حەوت کەس کوژران‌و دەیان کەسی‌تر بریندار بوون. خەڵک ئازایانەو شێلگیرانەتر لە پێشوو جارێکی‌تر بە بڵاوکراوەو شەونامە داخوازییەکانیان دووپات کردەوە. بۆ ئاگاداربوونی زیاتر پێ بە پێی رووداوەکان دەچینە پێش.

هاوینی ساڵی **١٢٧٢**ی هەتاوی خەڵکی شاری مەشهەد دژ بە ئێحتکارو گرانی‌و برسێتی هێرشیان بردە سەر نانەواخانەو کۆگا دەوڵەتی‌یەکان‌و دواتر روویان لە زیندانەکان کردو دەرگای بەندیخانەیان شکاندو دەست بەسەرکراوەکانیان ئازاد کرد. لە چەند شاری‌تر وەک ئیسفەهان‌و شیراز ئەو کردەوەیە دووپات کرایەوە.

بزووتنەوەی ئازادی‌خوازانەی گەلانی ئێران تادەهات گرۆتینێکی زیاتر بەخۆ بگرێ، بەم پێیە مەترسی لەسەر کۆشکی پاشایەتی‌و حکوومەتەکانی داگیرکەر پەرەی دەستاند؛ داگیرکەرانیش بە مەبەستی بەشداری لە سەرکوتی بزووتنەوەو لەسەر پێ راگرتنی حکوومەتی پاشایەتی، هێزی زیاتریان رەوانەی ئێران دەکرد.

ساڵی **١٢٨٤**یش خەڵکی تاران هێرشیان بردەسەر باڵەخانەیەکی بانکی رووسیەو رووخاندیان؛ پاشان بڵاوەیان پێ‌کرا کە ئەو باڵەخانەیە لەسەر قەبرستانی موسوڵمانان ساز کرابوو. دەوڵەتی ئێران لە کاردانەوەی دەوڵەتی رووس وەلەرزین کەوت. بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو زەرەرو زیانانەی دەوڵەتی رووس، خەریک بوون بە هاوکاری پلانی دەوڵەتی بێلژیک، گومرگ‌و ماڵیات بەرز بکەنەوە کە لەگەڵ پرۆتێستۆی بازاڕیان بەرەوڕوو بوون. حکوومەت خەریک بوو بۆ چاوترسێن کردنی بازاڕیان چەند کەس لەدار بدا کە لەگەڵ هەڵوێستی توندی خەڵک بەرەوڕوو بوو. خەڵکی ناڕازی لە مزگەوتی شا و مەرقەدی شێخ عەبدولعەزیم مانیان گرت. دەربار پاشەکشەی کردو ناچار بوو سەرۆک وەزیران لەسەر کار لابدا. لێژنەیەک بە ناوی «مەجلیس» بۆ پێ‌راگەیشتن‌و گوێ ڕاگرتن لە داواکاری خەڵک پێک هات. داواکانی خەڵکی

ناڕازی ڕەنگو بۆنی سیاسی‌یان بەخۆوە گرتبوو و داواکاریەکان چوونە سەرو هەنگاو بە هەنگاو رادیکاڵ‌تر دەبوون.

لە ٢١ی بەفرانباری ١٢٨٤ی هەتاوی، خەڵکی شاری تاران پێشی کالیسکەی هەڵگری موزەفەرەدین شایان گرتو داوای کرانەوەی خانەی دادیان کرد کە شا بە ناچاری رازی بوو.

ساڵی ١٢٨٥ی هەتاوی بەشێکی زۆر لە بازاڕیان، خوێندکارانی ئایینیو خەڵکی‌تر کە ژمارەیان ١٤٠٠ کەس مەزندە کراوە لە باڵیۆزخانەی بریتانیا مانیان گرتو داوای حکوومەتی مەشرووتەیان کرد. شا لەوپەڕی لاوازیو داماوی دابوو کە بە ناچاری پاشەکشەی کردو بەڵێنی دا حکوومەتی مەشرووتە قەبووڵ بکات. ١٣ی گەلاوێژی هەر ئەو ساڵە فەرمانی مەشرووتەی واژۆ کرد. پاشەکشەی شا، گەلانی ئێرانی رازی نەکردو ناڕەزایەتی‌یەکان درێژەیان کێشا.

ـــ لە ٢٨ی خەرمانان بۆ ماوەی دە رۆژ شانۆنامەیەک لەژێر ناوی «تەورێز وەبیرهێنەرەوەی رۆژانی حەماسەو ئازادی خوازی» بڵاو کرایەوە.

ـــ مانگرتنی زستانی ساڵی ١٢٨٥ی هەتاوی، کرێکارانو کارمەندانی بەندەری بووشەهر بووە هۆی داخستنی ئەو بەندەرگایە.

ـــ هەر لەو ساڵەدا کارمەندانی تێلگرافخانەی تەورێز لەبەر دواکەوتنی مانگانەیان مانیان گرت. بە دوای ئەودا کارمەندانی چاپخانەی تاران بە پشتیوانی تەورێز دەستیان دایە مان گرتن.

ـ لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٢٨٦ی هەتاوی پۆلیسی تاران بەهۆی دواکەوتنی مووچەی مانگانەیان، بەرپرسی خۆیان بە بارمتە گرت. دوابەدوای ئەمە کارمەندانی بانکی قەرزی رووسیا و ئێرانیش بە نیشانەی ناڕەزایەتی مانیان گرت.

ئەم ناڕەزایەتی‌یانە دەرباری ناچار کرد لە ١٤ی رەزبەری ساڵی ١٢٨٥ی هەتاوی مەجلیس بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێران بە ٥٠ نوێنەر دامەزرێنێو یەکەم یاسای بنەڕەتی وڵات،

**مێژوو گەلێک رووداوی وای لەبیرە کە لە کاتو ساتی تایبەتدا رژێمەکان توندوتیژیان بەسەر خەڵکدا سەپاندووە حکوومەتە سەرەڕۆکان بۆ خۆپاراستن لە داوا رەواکانی خەڵک بە جێگای وەڵامی رەوا بە ئاگرو ئاسن وەڵامیان داونەتەوەو خەڵکیش بۆ مانو بوونێتی خۆیان داکۆکیان لەخۆ کردوە!**

● ●

هاوشێوەی دەستووری وڵاتی بێلژیک پەسند بکرێ. پاشان موزەفەرەدین شا نەخۆشی پێوە نووسا، ئاویلکەی مردنی دەهاتێ کە یاسای مەشرووتەی واژۆ کردو زۆری پێ‌نەچوو گیانی بە گیاندار سپاردو مرد. کوڕەکەی محەممەد عەلی‌شا هەر لەو ساڵدا(١٢٨٥ی هەتاوی) جێگای باوکی گرتەوەو لەسەر تەختی پاشایەتی پاڵی دایەوە.

محەممەد عەلی‌شا هەر کە دەستی بە تەختو تاجی پاشایەتی راگەیشت بە جێگای ئەوەی کە گوێڕایەڵی داخوازی خەڵک بێ، کەوتە بیری پیلان گێڕان. دەستەیەک بەکرێ گیراوی دەربار لە مەیدانی تۆپخانەی تاران کۆبوونەوەو بە دروشمدان بەرەو مەجلیس وەڕێ‌کەوتن کە پاسەوانانی مەجلیس رێگەیان پێ‌نەدان بچنە ناوەوەو بی شێوێننو پاشەکشەیان پێ کرا. محەممەد عەلی‌شا کە بینی لەو پیلانەدا سەر نەکەوت، سوێندنامەیەکی بۆ مەجلیس رەوانە کرد کە لەودا پشتیوانی خۆی لە حکوومەتی مەشرووتەو پاراستنی یاسا راگەیاند، کە ئەمەش زۆری نەخایاند. سێ مانگ دواتر پیلانێکی‌تری داڕشتو مەجلیسی دایە بەر تۆپ. لەو پیلانەش‌دا سەرنەکەوتو ناچار دەستی لە دەسەڵات کێشایەوە.

لە ٢٥ی جۆزەردانی ١٢٨٨ی هەتاوی محەممەد عەلی‌شا لە تاجو تەخت دوور خرایەوەو کوڕەکەی ئەحمەدشا کە تەنیا ١٤ ساڵ بوو لە جێگای باوکی دانرا، بەڵام جێ‌گۆڕکێی بابو کوڕ لە ناڕەزایەتی خەڵکی کەم نەکردەوە. دەربار تەنیا بە رواڵەتو بە ناچاری لەسەر بەشێک لە داخوازیەکانی خەڵکی نەیار، رەزامەندی نیشان دەداو بە کردەوە ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ بەدی نەدەهات. لاساری دەربارو چاوکراوەیی خەڵک بوو بەهۆی بەردەوامی بزووتنەوە.

ساڵی ١٢٨٨ی هەتاوی، خەڵکی شاری ئەنزەلی بە داری دەستیو دژ بە سیاسەتی داگیرکەرانو حکوومەتی دانراو، هێرشیان بردە سەر کۆنسولخانەی رووسیە. دواتر بەشێکی بەرچاو لە ژنانی شاری تاران وەک ناڕەزایەتی دژ بە سیاسەتی دەوڵەتی رووسیە لە مزگەوتی شا مانیان گرتو لە یەکەم رۆژی نەورۆزی سەری ساڵی ١٢٨٩ی هەتاوی خۆیان لە جێژن گرتن پاراست. هەر لەو سەروبەندەدا کۆنسولخانەی بریتانیا لە شاری ئیسفەهان کەوتە بەر هێرش. لە مەیدانی تۆپخانەی تارانیش ناڕەزایەتی‌یەکی بەربەرین بە دژی دەربار وەڕێ خرا. شارەکانی رەشت، تەورێز، لەنگەروود، رووسەر، ئەنزەلیو گشت شارو شارۆچکەو گوندانەی دەوروبەری ئەو شارانە بوونە مەیدانی رێپێوانو ناڕەزایەتی دژە حکوومەتی.

شۆڕشی مەشرووتە، هەر چەندە نەی توانی ئامانجانە گەورەکەی خۆی لە دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی وەلامدەر بەدی بێنێ، بەڵام بنەمایەکی پتەو بوو لە ژیانی سیاسی گەلانی ئێران بۆ جێگیرکردنی دیمۆکراسیو بوو بە سەرەتایەک بۆ تێپەڕبوون لە کۆمەڵگایەکی داخراو بەرەو کۆمەڵگایەکی مۆدێرنو کراوە.

رکابەریو کەڵەوەکێشی زلهێزەکان، بارودۆخی نێونەتەوەیی بەرەو قەیرانێکی

قووڵو مەترسیدار بردو زۆری نەخایاند شەڕی یەکەمی جیهانی هاتەکایەوە. هەرچەندە ئێران بێلایەنی خۆی ڕاگەیاندبوو، بەڵام هەڵگیرسانی شەڕی جیهانی سنووری بێلایەنی بەزاندو ئێران بە هۆی پێگەی ژیۆپۆلیتیکیو هیدرۆپۆلیتیکی تایبەت، لە چەند لاوە هێزی بیانی هاتە ناوەوەو داگیر کرا. هێزی نیزامیو سەربازی دەوڵەتی ئێران هیچ بەرگرییەکی پێ لە سەروەری وڵات نەکرا. زامو برینی کاتی شەڕ کەلێنێکی قووڵی دانا لە نێوان خەڵکو دەسەڵاتو گۆڕانێکی چاوەڕوان نەکراو لە بەردەم گەلانی ئێران هاتە پێش.

پەرەستاندنی هەستی نەتەوایەتی، لە دایک بوونی چەند دەوڵەتی نەتەوەیی، بەسەر یەک داڕمانی دەسەڵاتی سوڵتانی تورکانو دەرباری شای قاجار لە ئێرانو بەرز کردنەوەی هەستی ناسیۆنالیستی نەتەوەی فارس، بوون بە هەوێنی دروشمەکانی ڕەزا شاو ئەو پشتگیرییەی لە لایەن بریتانیاوە لێی کرا، کودیتای سەربازی ساڵی ١٢٩٩ی هەتاوی لێ کەوتەوە. کودیتای ڕەزا شا حاڵەتێکی تری لە گۆڕەپانی سیاسی ئێران هێنا کایەوەو بەم جۆرە قۆناغێکی‌تر دەستی پێکرد.

## ڕەزاخان، شەڕی سەنگەر بە سەنگەر:

ڕەزاخان ئەفسەرێکی نیزامی باوەڕمەند بە سەروەری ئێرانی مۆدێرن بوو. پاوانخوازیو ورەی بەرزی مەزن‌خوازی وای‌کرد بە گەڵاڵەیەکی ڕێکوپێکی سەربازیو یارمەتی حکوومەتی بریتانیا، دەسەڵاتی نیزامی بگرێتە دەستو ببێتە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی حکوومەتی قاجار. سەرەتای مانگی ڕەزبەری ١٣٠٢ی هەتاوی ڕەزاخان بە فەرمی داوای پۆستی سەرۆک وەزیرانی لە کابینەی حکوومەتی ئەحمەد شا کرد. ئەحمەد شا بە ناچارو لە ژێر کاریگەری هێژموونی سەربازی ڕەزا خان، داوای ناوبراوی قبووڵ کردو بە ماوەیەکی کورت پاش ئەم ڕووداوە، سەفەری بێگەڕانەوەی بەرەو ئورووپا دەست پێکرد.

ڕەزاخان وەک فەرماندەی هێزی چەکدارەکانو سەرۆک وەزیرانی وڵات، دوو ساڵ دواتر لە ڕۆژی ٢٢ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٠٤ی هەتاوی، لە مەجلیس بە فەرمی ئەحمەدشای لە دەسەڵات خست. ئەحمەدشا ناو و ڕەسمی لێوەرگیرایەوەو هەروەها دەنگ بە ڕەزاخان درا تا وەک شای ئێرانو بەرزترین پلەی وڵات فەرمانڕەوایی بکاو هەموو رایەڵەکانی دەسەڵات لە دەست بگرێ. دواتر بە دابو دەستووری تایبەت تاجی نایە سەرو بە فەرمی بوو بە شای ئێرانو هەلومەرجێکی تازەو کەشێکی داخراو دەستی پێکرد.

ڕەزا شا ئەگەر پێش بە دەسەڵات گەیشتنی بە بیرۆکەی هەستی ناسیۆنالیستیو وڵات پارێزی، زنجیرە پلەی دەسەڵاتی سیاسی پێوابوو و



تەنانەت ئیددیعای حکوومەتی کۆماری بەرز کردبۆوە، پاش بە دەسەڵات گەیشتنی، بە لەبیرکردنی ئەو چەمکانە، کەوتە بیری هێزێکی بەهێزی سەربازی تا هەر حەرەکەتێکی ئازادیخوازانەو هەستێکی نامۆ سەرکوت بکا.

سیاسەتی بەرژەوەندی تەوەری حکوومەتە زلهێزەکانو کەشو هەوای نێونەتەوەیی، بانگەشەی بۆ سیستمی «یەک نەتەوە، یەک وڵات» دەکردو بەهێز کردنی حکوومەتە ناوەندییە تازە بە دەسەڵات گەیشتووەکانو دامرکاندنی هەر هەستێکی ئازادیخوازانە، بەو بۆچوونە کە حکوومەتە ناوەندییەکان باشتر دەتوانن بەرژەوەندی داگیرکەران بپارێزن، گوتاری زاڵی ئەو سەردەم بوو.





مستەفا کەماڵ ئاتا تورک و ڕەزاخانی مێر پێنج

رەزا شا باوەڕی بە دیسانتراڵیزەکردنی دەسەڵاتو فرەنەتەوەیی‌و فرەکولتووری بوونی ئێران نەبوو و، بە چەسپاندنی حکوومەتێکی تۆتالیتێر هیچ ڕێگا و دەرەتانێکی بۆ گەلانی ئێران نەهێشتەوە تا هێمنانە داخوازیەکانی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی بێننە گۆڕێ. ڕەزا شا ئەفسەرێکی پلەبەرزی سەربازی بوو، بە کودیتایەکی نیزامی بە دەسەڵات گەیشتبوو و بڕوای بە حکوومەتێکی بەهێزی ناوەندی بوو. بەو لێکدانەوە کە ئێران یەک وڵاتەو خەڵکانی ئێران یەک نەتەوەن، بەربەرەکانی لەگەڵ هەرچەشنە بۆچوونێکی جیاواز دەکرد. ئـەوە بـوو بە یارمەتی‌و پشتیوانی داگیرکەران، هێزێکی سەربازی پۆشتەی ڕێک خستو بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی چەکمە، هەر جارەی بۆ لایەک هێرشی دەبردو هەر داخوازییەکی بە تێکدانی ئەمنییەتی نەتەوەیی‌و بەرژەوەندی گشتی لێک دەدایەوە. ئەم دۆخە داخراوە، کـاردانـەوەو هەڵگەڕانەوەی بەربڵاوی لە سەرتاسەری ئێران لێ‌کەوتەوە. لە تەورێز بزووتنەوەیەکی جەماوەری بە ڕێبەرایەتی «شێخ محەممەدی خیابانی» دەستی پێ‌کرد کە دوای بەرەنگارێکی زۆر دامرکا. لە باکووری ئێران بزووتنەوەیەکی ڕزگاری‌خوازی بە ڕێبەرایەتی میرزا «کوچک خان» هەڵگیرسابوو کە لە لایـەن هێزی سەربازی ڕەزا شـاوە هێرشی کرایە سەر. دوای بەربەرەکانێکی سەختو کەم وێنەو خیانەتی نێوخۆی شۆڕش، «کوچک خان» تووشی شکست هات.

بەو سەرکەوتنانە هێزی سەربازی ڕەزا شا وەرەی بەرز بۆوەو شاڵاوێکی بەرینی بردە سەر شۆڕشگێڕانی «محەممەد تەقی‌خانی پێسیان» لە شاری مەشهەد لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران. «محەممەد تەقی‌خانی پێسیان» خۆی کەسێکی بە توانای سەربازی بووو دوای تەواوکردنی زانستگەی ئەفسەری ئەزموونێکی سەربازی باشی وەدەست هێنابووو لە هێزی ئاسایشی نێوخۆدا پلەو پایەی بـەرزی پـێ‌دراو وەک کەسێکی بە توانا خۆی دەرخست بوو. «پێسیان» لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی‌و داگیرکرانی ئێران، بە ناچاری وڵاتـی جێ‌هێشت، لە کۆتاییەکانی شەڕدا گەڕایەوە ئێران‌و بۆ جارێکی‌تر لە بواری نیزامی‌دا دەسەڵاتی پێ‌دراوە. «پێسیان» بەوە ڕازی نەبوو، بە بیری ناسیۆنالیستی توندڕەوانەو پێک هێنانی کۆماری خراسان، لەسەر دۆستایەتی شۆڕەوی‌و دژایەتی بریتانیا پێ‌داگری دەکـرد. ئـەو خواستو کـردەوانـەی «محەممەد تەقی‌خانی پێسیان« بۆ ڕەزا شا تەحەممول نەکرا. ڕەزا شا ڕازی بە دابـەش کردنی دەسـەڵات نەبوو، هەربۆیە بە هاوکاری بەشێک لە عەشیرەتی ناوچەیی لایەنگری دەوڵەتو یارمەتی حکوومەتی بریتانیا، شاڵاوێکی بەرفرەوان‌و بێ‌بەزەیانەی کردە سەر شۆڕشی «پێسیان»و دوای شەڕێکی سەختو بەربەرەکانێکی زۆر «محەممەد تەقی‌خانی پێسیان» کـوژراو ئاو بە ئاگری شۆڕش داکرا.

ساڵی **١٣٠٣**ی هەتاوی شۆڕشێکی‌تر لە باشووری ئێران‌و لە خووزستان بە ڕێبەرایەتی «شێخ خەزعەل» بە دروشمی «سەربەخۆیی بۆ گەلی عەڕەب» ڕێک خرا. هەڵکەوتوویی شۆڕشی «شێخ خەزعەل» لە ناوچەیەکی نەوتاوی، شاڕێگەی ئاوی‌و دراوسێ‌یەتی وڵاتانی عەڕەب، مەترسی گەورەی خستە دڵی ڕەزا شا و زلهێزە هەرێمی‌یەکان. ڕەزا شا بە پەلە هێزێکی زۆری ڕێک خستو بۆ دامرکاندنی شۆڕشی «شێخ


ئیسماعیل خانی شکاک، ناسراو بە سمکۆ و شۆرشگیرانی لە ورمێ


محەممەد تەقی خانی پێسیان





شێخ خەزعەل

خەزعەل» رووی لە خووزستان کرد کە لەگەڵ بەرەنگاری قورسی چەکدارانی شێخ بەرەوڕوو بۆوە. پاش بەرگری‌یەکی زۆر، شێخ توانای بەربەرەکانی نەماو خۆی لە مەیدان دەرچووو لایەنگرانی بڵاوەیان کرد. بەم جۆرە کۆتایی بە شۆڕشی «شێخ خـەزعـەل» هات.

«ئەبولقاسم لاهوتی» یەکێکی‌تر لەو سەرکردە شۆڕشگێڕانەی ئازەری بوو کە بە دژی رێژیمی پاشایەتی پەهلەوی، لە سۆفیانی نیزیک تەورێز راپەڕی. «لاهوتی» کەسایەتی‌یەکی شۆڕشگێڕو تێ‌گەیشتوو بـووو زۆر زوو وەک سەرکردەیەکی بە توانا خۆی دەرخستو سەرکردایەتی حەرەکەتێکی ناڕەزایەتی گرتە دەست. دواتر لێژنەیەکی پێک هێنا کە ئەو لێژنەیە تا کۆتایی شۆڕش رێبەرایەتی بزووتنەوەکەی کرد. ئەو بزووتنەوە لە نێوەڕۆکدا لە بزووتنەوەی «محەممەد تەقی‌خانی پێسیان» نێزیک بوو، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ئەو، شۆڕشی «لاهوتی» پێگەیەکی بەهێزتری بوو. زۆری نەخایاند کە لە لایەن هێزی سەربازی رەزا شـاوە هێرشی کرایە سەرو بە دەردی بزووتنەوەکانی‌تر چوو. «لاهوتی» خۆی رای کردو لە شۆڕەوی گیرسایەوەو تا کۆتایی تەمەنی خەریکی خزمەت بە شێعرو ئەدەبی نەتەوەکەی بوو.

هاوکات، بزووتنەوەیەکی ئازادی‌خوازانە لەسەر بنەمای نەتەوەیی لە ناوچەی کوردستان سـەری هەڵدا. بەهۆی شوناسی نەتەوەیی‌و داخوازی سیاسی، زۆر زوو رەگـو ریشەی لەنێو کۆمەڵ داکوتاو بوو بە شۆڕشێکی جەماوەری. شۆڕشی کوردستان خاوەن سەرکردەیەکی بلیمەت‌و بە تواناو شۆڕشگێڕ، «سمایل ئاغای شکاک» ناسراو بە «سمکۆ» بوو. سمکۆ، بە هەست کردن بە بێ‌بەشی نەتەوەکەی، چالاکانە هاتە مەیدان‌و بە هێنانە گۆڕی داخوازی نەتەوەیی‌و سازدانی هێزێکی شۆڕشگێڕ زۆر زوو بوو بە چقڵی چاوی نەیاران. بەشێک لە دەسەڵاتی حوکمڕانی لە ناوچەی کوردستانی گرتە دەست‌و چەند ساڵێک بەوپەڕی توانایەوە لەم ناوچەیەدا حوکمی گێڕا. بەهۆی پێگەی بەهێزی کۆمەڵایەتی‌و هێزی شۆڕشگێڕی چەکدار، حکوومەتی ناوەندی هەر ئاوا بە سانایی نەی دەتوانی لە مەیدانی خـەبـات دووری بـخـاتـەوە. هێزی چەکداری رێژیم چەند جارێک هێرشی کردە سەر شۆڕش بە رێبەری سمکۆ، بەڵام سەرنەکەوت. حکوومەت بە دوای مەزەندە کردنی هێزو توانای ئەو شۆڕشە بوو کە تەنیا هێزی شۆڕشگێڕی مەیدانی خەبات مابۆوە. ئەوە بوو کە دەوڵەت بە هێزێکی زۆری سەربازی‌و شەڕێکی بەربڵاوو بە لارێ‌دابردنی هێندێک لە عەشیرەتەکانی ناوچەو تەنانەت چەند لە خزمانی «سمایل ئاغا» هێرشی کردە سەرو پاش بەربەرەکانێکی کەم وێنە چەند مانگێک پاشەکشەی پێ‌کرد بۆ سنووری تورکیەو ناوچەکە کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی.

سمکۆ تا ساڵی ١٣١٠ی هەتاوی لە تورکیەو باشووری کوردستان بە نهێنی‌و نیوە نهێنی هەوڵی داو لە بیری گەشاندنەوەی ئاگری شۆڕش دابوو، بەڵام دواتر لە شاری شنۆ کەوتە بۆسەی وتووێژ لەگەڵ رێژیمی رەزا شا، کە پاشان خیانەتیان پێ‌کردو تێرۆر کرا.

راپـەریـن‌و شۆڕشەکانی گەلانی ئێران، هەوڵەکانی رووسیاو بریتانیاو زل‌هێزەکانی‌تر لە قۆستنەوەی هەلی ئاڵۆزی ئەو ناوچانە، دەست تێ‌خستنیان لە هەموو کێشەیەک کە کاریگەری لەسەر بەرژەوەندی‌و سیاسەتەکانیان هەبوو، هەروەها تەوژمی گوشاری کۆمەڵانی خەڵک بۆ بەجێ‌گەیاندنی چاکسازیەکان، هەڵوێستی دەوڵەتی ئێرانیان زیاترو زیاتر لاواز کرد. لە ئاکامدا کەشێکی تۆقێنەر باڵی بەسەر وڵاتدا کێشاو هەستی ئازادی‌خوازی‌و شۆڕشگێڕی کپ کرا. رەزا شا توانی مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکاو تا هەڵگیرسانی شەڕی دووهەمی جیهانی حوکم بگێڕێ. بریتانیا ئەو کات جڵەوی دەسەڵاتی سیاسی جیهانی لە دەست دابووو ژێرانە چاودێری هۆگری رەزا شا و بەرپرسانی دەوڵەتەکەی بۆ بـەرەی ئاڵمان دەکـرد تا ئەوە کە بە

بەستنی پەیماننامەی بازرگانی نێوان ئێرانو ژاپۆن بەو ئاکامە گەیشت کە دەسەڵاتدارانی ئێران، سەرەڕای ڕاگەیاندنی بێلایەنی، بە کردەوە هاوکاری ئاڵمانییەکان دەکەن. ئەم هۆکارانە بوونە هۆی ئەوە کە دەوڵەتانی ئەمریکا، بریتانیاو رووسیە گوشاری خۆیان بۆ لە دەسەڵات خستنی ڕەزا شا زیاد بکەنو ناوبراو ناچار بە دەست لەکارکێشانەوە بکەن. لە دوماییدا، ڕەزا شا لە دەسەڵات لادراو بۆ دورگەی «مووریس» دوور خرایەوەو کوڕەکەی محەممەدڕەزا جێگای گرتەوە.

محەممەدڕەزا شا و، ململانێی بەردەوام:

دوای رووخانی ڕەزا شا بۆ ماوەیەک کەشو هەوایەکی دێمۆکراتیک دێتە ئاراوە کە بەرهەمی راستەوخۆی رووخانی سیستمی زاڵو شپرێوی دەسەڵاتی ناوەندی بوو. ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە ئاڵوگۆڕەکانی سەڵتەنەتی ٣٧ ساڵەی محەممەد ڕەزا شا دەری دەخا کە مەودای پاشایەتی ئەو دەبێ بە دوو قۆناغی جیاواز دابەش بکرێ.

دەورەی یەکەم، لە خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی تا کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ و، دەورەی دووهەم، لە پاش کودیتاوە تا شۆڕشی ١٣٥٧.

لە دەورەی یەکەم کە دوازدە ساڵی خایاند، شا دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبوو.

**ڕاپەڕینو شۆڕشەکانی گەلانی ئێران، هەوڵەکانی رووسیاو بریتانیاو زلهێزەکانیتر لە قۆستنەوەی هەلی ئاڵۆزی ئەو ناوچانە، دەست تێخستنیان لە هەموو کێشەیەک کە کاریگەری لەسەر بەرژەوەندیو سیاسەتەکانیان هەبوو، هەروەها تەوژمی گوشاری کۆمەڵانی خەڵک بۆ بەجێگەیاندنی چاکسازیەکان، هەڵوێستی دەوڵەتی ئێرانیان زیاترو زیاتر لاواز کرد!**

بێدەرەتانیو داماوی شا لە چەند هۆکاری نێوخۆییو دەرەکی سەرچاوەیان دەگرت:

یەکەم: شا ئەوکات ٢١ ساڵ تەمەنی بووو خاوەن ئەزموونێکی ئەوتۆ لە حوکمڕانیو بەڕێوەبەری وڵاتدا نەبوو.

دووهەم: بازنەی هێزو ئیمکاناتی بەرتەسک بوو.

سێهەم: دەبوایە سیاسەتێکی جیا لە ڕەزاخانی باوکی بگرتایە بەر، چونکە بە لایەنگری لە هیتلێری نازی تاوانبار کرابوو.

چوارەم: ئێران لە لایەن وڵاتانی بەرەی یەکگرتووەوە داگیر کرابوو، کە براوەی شەڕیش هەر ئەوان بوون. ئەگەر چەپو ڕاست بە دژی بەرزەفڕی هیتلێری ئاڵمانی سێ گۆشەیەکیان پێک هێنابوو، بەڵام لەو وڵاتانەی کە دەبوونە پێخوست، هەر یەکە بە سیاسەتی جیاواز بە دوای بەرژەوەندی خۆیدا دەخولایەوە. لەسەر ئەو بنەمایە، وڵاتی ئێرانیش سێ شێوە ئیدارەی هەبوو. لە ناوەند ئامریکا زیاتر ڕۆڵی دەگێڕا، بریتانیا لە باکوور بەدوای مڵو مۆی نەوت دابوو و شۆڕەویش لە ڕۆژئاوای ئێران بارگەوبنەی داخستبوو.

لەو ماوەدا ئازادییەکی ڕێژەییش لە وڵات هاتبۆوە ئاراوە کە هاوکات بوو لەگەڵ بووژانەوەو پێک هاتنی دەیان حیزبو ڕێکخراوی گەورەو بچوکی نوێ کە لە کەشو هەوای کراوەی ئەوکات مەودای سەرهەڵدانیان بۆ ڕەخسا بوو و چالاکانە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداریان دەکرد. لایەنەکان لە مەجلیس دەنگیان دەبیستراو ڕەنگیان دەبیندرا، بەڵام بە دەگمەن وەبیر بەرژەوەندی نەتەوەکەی خۆیان دەکەوتن، هەر یەکەی سازی بە یەکێک لێدەدا. حکوومەتی ئێران لەو ماوە کورتەدا دوازدە کابینەی دەوڵەتی گۆڕی.

دامەزرانی کۆماری نەتەوەیی کوردستان و ئازەربایجان:

بە پێی گرێبەستی داگیرکردنی نیزامی ١٩٤٢، رووسیە دەبوو هێزەکانی خۆی لە



میرزا کوچێک خانی جەنگەلی





ماوەی شەش مانگ پاش کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی، لە خاکی ئێران بباتە دەر. رووسیە ئەم بڕیارەی کردەیی نەکرد. ستالین خوازیاری مافی تایبەتی لە نەوتی ئێران بووو بۆ خستنە ژێر گوشاری دەوڵەتی ناوەندی، پشتگیری سەرهەڵدانی جەماوەری لە ناوچە جیاجیاکانی ئێرانو دامەزراندنی دەوڵەتی ناوچەیی لە کوردستانو ئازەربایجان کرد. بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوەییو بە کەڵک وەرگرتن لە بۆشایی دەسەڵاتی ناوەندیو بە قۆزتنەوەی هەلی پشتگیری کران لەلایەن هێزەکانی شۆڕەوییەوە، هەر کام لە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانو فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان، دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراند؛ کۆماری دێمۆکڕاتیکی کوردستان بە پێتەختی مەهابادو کۆماری ئازەربایجان بە ناوەندێتی تەورێز. ئەم حکوومەتانە بە دامەزراندنی دەزگای بوروکڕاتیکو ساماندانی بارودۆخی نێوخۆیی، بۆ ماوەیەکی نەچەندان درێژخایەن دەسەڵاتێکی دێمۆکڕاتیکیان بەڕێوە برد. ئەم دەسکەوتە لە لایەک بۆ خەڵکو بزووتنەوەی سیاسی نەتەوەیی گەلانی ئێران رووداوێکی یەکجار گرینگو پڕ بایەخو لەلایەکی‌تر یەکجار بەژان بوو بۆ دەسەڵاتی ناوەندیو حکوومەتە پشتیوانیەکان.

لە ژێر کاریگەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بە گوشاری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو پاش بەڵێنی دەوڵەتی ئێران بۆ دامەزرانی کۆمپانیای هاوبەشی نەوتی ئێرانو رووسیە، هێزەکانی رووسیە ئێرانیان بەجێهێشتو، لە ئاکامدا کۆمارەکانی کوردستانو ئازەربایجان بێ‌یارمەتیو یاریدەدەر مانەوە. بارودۆخی نێوخۆیی ئەو دوو حکوومەتانە لە هیچ بارێکەوە ئەوەندە لەبار نەبوو تا مانەوەی ئەو دەسەڵاتانە مسۆگەر بکا. هێزی سەربازی «محەممەد رەزا شا»ش ئەوەندەی لە باران دابوو تا بە لاسایی کردنەوەی رەزاخانی باوکی هەر جارەو هێرش بۆ لایەک بەرێو دەنگی ئازادی‌خوازانو هێزە پێشکەوتن خوازەکان کپ بکات. ئەوە بوو بە یارمەتی ئەمریکاو بریتانیاو بە فەرمانی «محەممەد رەزا شا» هێرش کرایە



سەر کۆماری ئازەربایجان و کۆماری کوردستان. بە رواڵەت بنچینەکانی ئەو دوو کۆمارە تێکەوە پێچرا. بە هەزاران کەس لە ئەندامانی فیرقەی ئازەربایجان کوژران و دەربەدەر بوون. «جەعفەری پیشەوەری»ش کە رێبەرایەتی فیرقەی ئازەربایجانی دەکرد رای کرد و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئازەربایجان کەوتە دەست هێزی سەربازی شا.

هاوکات لە چەند لاوە هێزی نیزامی بەرەو ناوەندی کۆماری کوردستان واتا مەهاباد لە جموجۆڵ دابوون. بە پێی سیاسەت و رێبازی گشتی کۆماری کوردستان و شەخسی سەرکۆمار «قازی محەممەد»، پێشمەرگە وەک هێزی چەکداری کۆماری کوردستان خۆی لە شەڕ و بەربەرەکانی پاراست. لە کارنامەی یازدە مانگەی حکوومەتی کوردستان دەردەکەوێ کە باوەڕی تەواو بە لێک تێگەیشتن، پێک هاتن و دانان بە راوبۆچوونی جیاواز هەبووە. سەرۆک کۆمار هەر بۆ ئەو مەبەستە چەند جارێک سەردانی تارانی کردووە لەگەڵ بەرپرسانی ئەو کاتی ناوەند وتوویژی کردوە. پێشەوا هەردەم ئامادەیی خۆی بۆ چارەسەری کێشەکان بە شێوەیەکی هێمن و ئاشتییانە دەربڕیوە. نوێنەری مەهاباد لە پەرلەمانی ئێران کە برای پێشەوا «قازی محەممەد» بوو تا دوایین ساتەکان لە کۆبوونەوەکانی پارلەمان بەشداری دەکـردو داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانی دەهێنایە بەر باس.

رێژیمی دیکتاتۆری شا نە باوەڕی بە دابەش کردنی دەسەڵات هەبوو و نە لەگەڵ کەشێکی ئازاد و دێمۆکراتیکدا هەڵی دەکـرد. ئەوە بوو کە هێرشی بۆ سەر کوردستان دەست پێکرد و بێ خۆڕاگری و لە ماوەیەکی کەمدا ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی کۆماری کوردستان لە لایـەن رێژیمی شاوە داگیر کرانەوە. چەند رۆژ دواتر بەشێکی بەرچاو لـەو کەسانەی لە کۆماری کوردستاندا رۆڵ و نەخشیان هەبوو دەست بەسەر کران کە سەرکۆماریش لە




نێویاندا بوو. رێژیم بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک و نیشاندانی زەبروزەنگ، «قازی محەممەد» سەرکۆماری کوردستانی لەگەڵ دوو هاوڕێ و هاوخەباتی واتە «سەدری قازی»و «سەیفی قازی» لە دادگایەکی سەربازی فۆرمالیتە بە ئێعدام مەحکووم کردو لە بەرەبەیانی ١٠ی خاکەلێوە لە گۆڕەپانی چوارچرای مەهاباد حوکمەکەی جێبەجێ کرد. لە سێدارەدرانی پێشەوا «قازی محەممەد»، ئـەوی لەنێو دڵ و بـیـری خەڵک دوور نەکردەوە ئەو رێبەرە مەزن و بلیمەتەی لە دڵی نیشتمانپەروەران و خەڵکی کورددا بە نەمری هێشتۆتەوە.

سەردەمی سەرۆک وەزیری «محەممەد موسەدیق»، یەکێک لە کێشە خوڵقێنترین و پڕهەراوهوریاترین سەردەمەکانی دەسەڵاتداریتی محەممەدرەزا شا بوو. جیا لە رێڕەوی ئابووری و پرسەکانی پێوەندیدار بە سیاسەتی دەرەوە کە بە ئاقارێکی جیاوازتر لە دەوڵەتەکانی پێشووتردا تێدەپەڕین، موسەدیق هەوڵیدا لە ئاستی نێوخۆییش لە خەستی ئیستبدادی حاکم لەسەر کەشی سیاسی وڵات کەم بکاتەوە. لەلایەک ناوبراو بە بەرتەسک کردنەوەی دەسەڵاتی دەربـار، گوشارێکی چەند رەهەندی خستبووە سەر شاو، لەلایەکیتر بە دابین کردنی بەستەری سیاسی شیاو بۆ چاپەمەنی ئازاد، هەوڵی فەرهەنگ سازی و

کرانەوەی کۆمەڵگای بەرەو مۆدێرنیتە دا.

ئەم دەورانە بە کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ کۆتایی هات کە تێیدا بە دەست تێوەردانی راستەوخۆی ئەمریکاو ئینگلیز، محەممەدرەزا شا کە لە ژێر گوشاری هێزموونیکی دوکتۆر موسەدیقەوە بەناچار وڵاتی بەرەو هەندەران بەجێ هێشتبوو، گەڕێندرایەوە سەر کورسی دەسەڵات.

پاش کودیتا، ئەمریکاو ئێران پەیمانێکی یەکیەتی ستراتێژیکی نایەکسانیان بەست کە ئەمریکا تێیدا باڵادەست بوو. لەمەوبەدوا، کە دەوری دووهەمی دەسەڵاتداریتی محەممەد رەزاشا دەستی پێکرد، بۆ ماوەی چارەگە سەدەیەک جگە لە یەک دوو ساڵی کۆتایی، ناوبراو هەموو رایەڵی دەسەڵاتی نیزامی و ئیداری خستبووە ژێر رکێفی خۆی و تەنانەت مـەودای بە سـەرۆک وەزیرەکانیش نەدەدا دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان هەبێ.

بێگومان کودیتای ١٣٣٢ی هەتاوی دەسپێکی سـەردەمـێـکـی نـوێ لە مێژووی سیاسی هاوچەرخی ئێرانە کە دەرەنجامەکەی دارمانی دەوڵەتی نەتەوەیی دوکتۆر موسەدیق و حاکمیەتی دیکتاتۆری تۆتالیتێر لە ئێران بوو. بە سەرکەوتنی کودیتا، دەست بەسەرکرانی سیاسەتمەداران، هەڵوەشاندنەوەی ئەحزاب و داخستنی زۆرێک لە رۆژنامەو بڵاوکراوەکان بووە دەستووری کاری

دەوڵەتی نوێ. هاوکات لەگەڵ داخرانی کەشی سیاسی وڵات، بزووتنەوەی مەدەنیو ئازادیخوازی گەلانی ئێران هەنگاوی جیددیتری هەڵدەگرت.

راوەســـتـــان لــە بــەرامــبــەر کودیتا:

یەکەم رێپێوانی دژ بە دەسەڵاتی کودیتاچی، پێنج روژ پاش سەرکەوتنی کودیتا لە زانکۆی تارانو بە پشتیوانی لە دوکتۆر موسەدیقو بۆ پرۆتێستۆی دادگایی کردنی ناوبراو رێک خرا. دوابە دوای ئەوەو لە مانگی موحەرەمدا، تاران شایەتی خۆپیشاندانێکی بەربڵاوتر بوو کە لە **٢٢**ی رەزبــەر، واتە **٢٥** رۆژ پــاش کودیتا، بۆ مەحکووم کردنی هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی حاکم ئەنجام درا و خۆپیشاندەران بەدانی دروشم بــەدژی سەرلەشکەر «زاهــیــدی»، پشتگیری خۆیان بۆ دەوڵەتی موسەدیق دووپات کردەوە. ناوەندی خۆپیشاندان بازاڕی تاران بوو، بەڵام دواتر تا مزگەوتی شا و «سەبزە مەیدان» درێژەی کێشا. چەند رۆژ دواترو لە شەوی **٢٥**ی رەزبەر، خۆپیشاندانێکیتر رێک خرا کە بە دەست تێوەردانی هێزەکانی شارەوانیو هێزی دژە شۆڕشی پێتەخت سەرکوت کرا، هەرچەند دامرکاندنی ئەو حەرەکەتەو سەرکوتی خۆپیشاندەران نەی توانی ببێتە لەمپەری کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکانی دواتر.

دەست پێکرانی پرۆسەی دادگایی دوکتۆر موسەدیق کە لە روانگەی زۆرینەی خەڵک تەنیا شانۆیەکی سیاسی بوو، دژبەرانی حاکمیەتی بۆ وەڕێ خستنی شەپۆلێکی تازە لە ناڕەزایەتیەکان بەدژی حکوومەتی نیزامی هان دا. رۆژی **١٩**ی خەزەڵوەر، تەورێز شایەتی تێک هەڵچوونی پڕژوبڵاو بوو بە شێوەیەک کە رەوتی ئاسایی کاری ناوەندە خوێندکاریەکان، زانکۆ، زانستگا، قوتابخانەکانو هەروەها بازاڕ بە تەواوی شێوا. لەم خۆپیشاندانەدا، بەشێک لە دژبەران کە بە زیاتر لە پەنجا کەس خەملێندراون، دەست بەسەر کران. تاران دۆخێکی هاوشێوەی هەبوو. لە **٢١**ی خەزەڵوەر رێپێوانو مانگرتنێکی بەربڵاو بە دەست پێشخەری تەڤگەڕی بەرەنگاری نەتەوەیی «نهچت مقاومت ملی» و بەشداری خوێندکاران ساز کرا کە دەست بەسەکرانی ژمارەیەک خوێندکارو خۆپیشاندەری لێکەوتەوە. هەواڵی ئـەم خۆپیشاندانە لە مێدیا بیانییەکان دەنگی داوە. رۆژنامەکانی جیهان، بەکاربردنی توندوتیژییان لەلایەن دەسـەڵاتـی کودیتاچییەوە مەحکوومو رێژیمی پەهلەوییان بە توندی سەرکۆنە کرد. هەر ئەو رۆژە لە بازاڕی تاران گرژیو ئاڵۆزی ساز بووو بەشێکی بەرچاوی کاسبکارانو پیشەوەران نەتەنیا دووکانو بازاڕیان داخست، بەڵکوو بە ئەنجامدانی رێپێوانو خۆپیشاندان، دروشمیان بەدژی دەوڵەتی کودیتا وتەوە. ئەم حەرەکەتە بە کوژرانی دوو کەسو دەســت بەسەرکرانو بریندارکردنی ژمـارەیـەکـیـتـر کۆتایی پـێهـات.

بابەتێکیتر کە لەو رۆژانەدا، بارودۆخەکەی بەرەو گرژی زیاتر برد، بڵاوکراوەیەکی دەرباری بوو کە تێیدا ئاماژە بە سەردانی «نیکسۆن»، جێگری سەرکۆماری ئەمریکا، بۆ تاران لە ١٨ی سەرماوەز کرابوو. جگە لەمە، هاتنەوەی «سێر دەنیزرایت» کارداری کاتی باڵوێزخانەی بریتانیا بۆ تارانو بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکی هاوبەش لەمەڕ دامەزراندنەوەی دووبارەی پێوەندی فەڕمی نێوان دوو وڵات، رای گشتی تـەواو وروووژانـــد. رۆژی **١٤**ی سەرماوەز، خوێندکارانی زانکۆی تاران، خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان بەڕێوە برد. رۆژی دواتر، ئاستی خۆپیشاندان بەرفراوانتر بووو بە پەیوەست بوونی خەڵکی سڤیل سنوورەکانی زانکۆی بەزاند. هێزە ئەمنییەتییەکان رووبەڕووی خۆپیشاندەران بوونەوەو ژمارەیەک خۆپیشاندەر بریندارو دەست بەسەر کران.

رۆژی خوێندکار:

رۆژی **١٦**ی ســەرمــاوەزی **١٣٣٢**ی هــەتــاوی، لــەلایــەک خوێندکاران هاوشێوەی رۆژانی رابردوو ئامادەکارییان بۆ ئەنجامدانی رێپێوانێکیتر لەنێو زانکۆو شەقامەکانی دەوروبەری دەکردو لەلایەکیتر بەرپرسانی دەوڵەتی بە مەبەستی دابین کردنی کەشێکی شیاو و ئارام کردنەوەی دۆخی وڵات بۆ پێشوازی



له جێگری سەرکۆماری ئەمریکاو له ئاستانەی هاتنی ناوبراو بۆ تاران، له ئامادەباشی تەواو دابوون‌و بەنیاز بوون تا بەر بە ئەنجامدانی خۆپیشاندان بگرن. حکوومەت لە کردەوەیەکی کەم وێنەدا، زانکۆی بە هێزی ئەمنییەتی پڕچەک‌و پۆشتە گەمارۆ دابـوو. خوێندکاران‌و مامۆستایان بە تێگەیشتن‌و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە، هەوڵیان دەدا بیانوو نەدەنە دەست هێزە ئەمنییەکان، بەڵام هێرشی سەربازانی دەستەی «جانباز» بۆ سەر زانستگای فەننی تەواو دۆخەکەی شڵەژاند. خوێندکاران لە حاڵی بەرگری‌و پاشەکشەدا بوون کە کەوتنە بەر دەستڕێژی گوللەو سێ خوێندکار بە ناوەکانی «مێهدی شەریعەت ڕەزەوی»، «مستەفا بۆزۆرگ نیا» و «ئەحمەد قەندچی» شەهیدو ژمارەیەکی زۆریش بریندارو دەست بەسەر کران. هەر ئەو ڕۆژە فەرمانداری نیزامی، ژمارەیەک ڕۆژنامەو بڵاوکراوە، وەک «فـەرمـان»، «سیـاسـی»، «ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست»، «ئازەرین» و «مەرجان»ی بە شێوەی کاتی داخست.

لـە ڕۆژانـی دواتـر، خوێندکاران کلاسەکانی دەرسیان بایکۆت کرد، لە تاران‌و زۆرێکیتر لە شارە گەورەکان، ڕێپێوان‌و خۆپیشاندان ئەنجام دراو بە ڕێو ڕەسمی جۆراوجۆر یادی شەهیدانی ١٦ی سەرماوەز بەرز ڕاگیراو ئەم ڕۆژە، بە ڕۆژی «خوێندکار» ناودێر کرا. ئەم ڕووداوە بوو بە مۆتۆڕی موحەرەک‌و بزووتنەوەیەکی پێشەنگی بەرهەم هێنا کە قەت لە حەرەکەت نەوەستا.

هەستانەوەی بەرەی نەتەوەیی(جبهەی ملی):

ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی حەرەکەتی «بـەرەی نـەتـەوەیـی» بۆ دووبارە هەستانەوەو زیندووبوونەوە لە شەقامەکانی تاران، بە ڕێک خرانی خۆپیشاندانێکی جەماوەری دەستی پێکرد، چالاکی تەبلیغاتی کراو بەیاننامەی سیاسی‌و وێنەی موسەدیق بە بەربڵاوی بڵاو کرایەوە. لە پاش کاردانەوەکان بە کودیتای ١٣٣٢، ئەوە یەکەم سەرهەڵدانی جەماوەری

**سیاسەتی بەرژەوەندی تەوەری حکوومەتە زلهێزەکان‌و کەش‌و هەوای نێونەتەوەیی، بانگەشەی بۆ سیستمی «یەک نەتەوە، یەک وڵات» دەکردو بەهێز کردنی حکوومەتە ناوەندییە تازە بە دەسەڵات گەیشتووەکان‌و دامرکاندنی هەر هەستێکی ئازادیخوازانە، بەو بۆچوونە کە حکوومەتە ناوەندییەکان باشتر دەتوانن بەرژەوەندی داگیرکەران بپارێزن، گوتاری زاڵی ئەو سەردەم بوو.**

**ڕەزا شا باوەڕی بە دیسانتراڵیزەکردنی دەسەڵات‌و فرەنەتەوەیی‌و فرەکولتووری بوونی ئێران نەبوو و، بە چەسپاندنی حکوومەتێکی تۆتالیتێر هیچ ڕێگا و دەرەتانێکی بۆ گەلانی ئێران نەهێشتەوە تا هێمانە داخوازییەکانی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی بێننە گۆڕێ!**

● ●

بەربڵاو بوو کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا ڕەنـگ دانـەوەی تـەواوی هەبوو.

شۆڕشی سپی:

لە مانگی ڕەزبەری ١٣٤٠ی هەتاوی، بۆ مەحکووم کردنی دۆخی داخراوی سیاسی وڵات لـە زانـکـۆی تـاران خۆپیشاندانێکی بەرفراوان بەڕێوە چوو کە ڕووبـەڕووی مستی ئاسنینی هێزە تایبەتەکانی حکوومەت بـۆوە. پاش هێرش کرانە سەر شوێنی حەوانەی خوێندکاران، لە ئاستی سەراسەریدا لایەنگری‌و پشتیوانی لەم حەرەکەتە کرا.

سەرەتای دەیەی ١٣٤٠ی هەتاوی، ئێران مەیدانی ڕکابەری‌و بەربەرەکانی بوو. لە تاران‌و زۆرێک لە شارەکانیتر کۆمەڵانی خەڵک ڕژانە سەر شەقام‌و لە چەند شوێن پێکدادانی خوێناوی‌و دۆخێکی مەترسیداری لێکەوتەوە. بەشێکی بەرچاو لە مامۆستایان‌و فەرمانبەرانی دەوڵەتی بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین سەبارەت بە کەم بوونی مووچە ڕێپێوانیان ئەنجام دا کە لەگەڵ دژکردەوەی ڕێژیم ڕووبەڕوو بـوون. ئەرتەش بە پشتیوانی هێزی تایبەت تەقەی لە خۆپیشاندەران کرد کە کەسێک کوژراو کەسێکیش بریندار بوو. لە ژێر گوشاری دەرەکی‌و بەتایبەتی ئەمریکا، سەرۆک وەزیـران «شەریف ئیمامی» لەسەر کار لابراو لە جێگەی وی «عەلی ئەمینی» بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە ئەرکدار کرا. ئەم حەرەکەتە کە مەترسی ڕووخانی دەسەڵاتی پەهلەوی بەدواوە، سیاسەتمەدارانی ئەمریکایی خستە نیگەرانییەکی جیددییەوە. بۆ ڕەواندنەوەی ئەو مەترسییە، ئەمریکا پێشنیاری ڕیفۆرم‌و «ئیسلاحاتی ئەرزی» کرد.

شا بۆ بەڕێوەبردنی پرۆژەی ڕیفۆرم، شەش ئەسڵی دیاری کردو لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاویدا ئەم بەرنامە لە ڕیفراندۆمێکی جـەمـاوەریدا، دەنگی ئەرێنی وەدەست هێناو بە «شۆڕشی سپی» ناودێر کرا. وێڕای ڕیفۆرمی ئەرزی کە هەستەی ناوەندی داواکاری خەڵک بوو، ئەم بەرنامە لەخۆ دەگرێ: «نەتەوەیی کرانی لێڕەوارەکان، فرۆشتنی سەهمیەی کارخانە دەوڵەتییەکان بە کەرتی تایبەت، بەشدارکرانی کرێکاران لە داهاتی کارخانەکان، دانی مافی دەنگدان بە ژنان‌و دامەزراندنی سپای زانست» بوو.

سەرەڕای هات‌و هاواری دراماتیک‌و ئاکامی ڕیفراندۆم، «شۆڕشی سپی» لە لایەن زۆرینەی هێزە دژبەرە دیارەکانی دەوڵەت، بە ڕەش بینی‌و گومانەوە سەیر کرا.

کاپیتۆلاسیۆن:

لە ٢١ی ڕەزبـەری ١٣٤٢ی هەتاوی یاسای «دیاری کردنی دۆخی هێزەکانی

ئەمریکا» یان بەو شێوە کە لە ئێران ناوبانگی دەرکرد، «کاپیتۆلاسیۆن» لە پاڕلەمانی ئێران تێپەڕێندرا، کە بە پێی ئەو، بە نیزامیانی ئەمریکایی راسپێراو لە ئێران‌و کەس‌وکاریان پارێزراوی سیاسی دەبەخشی‌و تەواوی راوێژکارانی ئەمریکایی ئەرک‌دار لە ئەرتەشی ئێران لە چوارچێوەی یاسایی ئەو وڵاتە دەردەهاویشت، بە شێوەیەک کە ئەگەر ئەمان هەر تاوانێکیان ئەنجام دابا، لە بەرامبەر دادگاکانی ئێران وەڵامدەر نەبوون. گرێبەستی دیاری کردنی دۆخی هێزەکانی ئەمریکا لە وڵاتانی ئەندامی ناتۆ لە دەیەی ١٣٤٠ی هەتاوی رێک خرابوو. لەم گرێبەستەدا، ئەنجومەنی دادوەری ئەمریکا و وڵاتی میواندار یەکڕا، لەیەک کات‌و بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ لێکۆڵینەوەو بڕیاریان بۆ تاوانبار دەردەکرد. بەڵام لە نوسخەی ئێرانی ئەم یاسایە، بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر، وڵاتە یەکگرتووەکان ئیزن درابوو تا لە گشت بابەتەکان‌و لەمەڕ تەواوی فەرمانبەرانی‌دا تەنیا لە ئەنجومەنی دادوەری خۆی کەڵک وەرگرێ، مەگەر ئەوەی کە خۆی نەی هەوێ ئەو کارە بکات.

کاپیتۆلاسیۆن هەڵەیەکی کارەساتبار بوو. چالاکانی مەدەنی‌و روناکبیرانی ئایینی‌و غەیرە ئایینی ئێران، بە توندی‌و بە تانەوتەشەرەوە دژایەتی ئەم یاسایەیان کرد. لە ٢٦ی ئۆکتۆبر، یەک رۆژ پاش ئەوەی کە مەجلیسی ئێران وەرگرتنی وامی ٢٠٠ میلیۆن دۆلاری بۆ کڕینی چەک‌وچۆڵ لە ئەمریکا پەسند کرد، ئایەتوڵلا خومەینی بە یەکێک لە توندوتیژترین‌و ورووژێن‌ترین لێدوانە سیاسی‌یەکانی سەدە، ئەم یاسایەی پرۆتێستۆ کرد.

دەوڵەتی شا، بە توندی بەرامبەر لێدوانەکانی خومەینی دژکردەوەی نیشان داو، پاش گوشارێکی زۆر لە ٤ی خەزەڵوەری ١٣٤٣ی هەتاوی ناوبراوی بۆ تورکیە دوور خستەوە. توندوتیژی دەزگای سیاسی نێوخۆیی ئێران، بووە هۆی ئەوە کە میانەڕەوەکان رەخنەکانی خۆیان راشکاوانە دەربڕن‌و توندڕەوەکان پەنا بۆ دژایەتی نهێنی‌و کردەوەی پارتیزانی ببەن. ئەم یاسایە، دەسپێکی سەرەتایەکی نوێ بۆ پێوەندی ئەمریکاو ئێران بوو. بە گشتی لە دەیەی ١٣٤٠ی هەتاوی، رەوتی سیاسەتی پەهلەوی لە حاڵێک‌دا کە بە رواڵەت پڕکارو کاریگەر دەکەوتە بەر چاو، بەڵام بەڕوونی کێشەی زۆری هەبوو. لەهەر دوو ئاراستەی ریفۆڕم‌و سەرکوت، خاوەن کەم‌وکوڕتی بنەڕەتی بوو، کە بە تایبەت لە درێژماوەدا بە بن‌بەست گەیشتن.

لە کوردستانیش حیزبی دیمۆکرات بە نهێنی خەریکی چالاکی سیاسی‌و رێکخراوەیی بوو. حیزبی دیمۆکرات لە ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی بە رێکخستنەوەی هێزی چەکداری پێشمەرگە، پەردەی بێدەنگی دڕی‌و ئەم چالاکی‌یە نیوە نهێنی‌و نیوە ئاشکرایە تا ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی بەردەوام بوو. رێژیمی شا ترسی رێ‌نیشت‌و زۆری هەوڵ‌دا تا بۆ ماوەیەکی کورت چالاکی شۆڕشگێڕانی دیمۆکراتی لێ دوور بۆوە.

لە ئێران، لە سەرەتای دەیەی ١٣٥٠ی هەتاوی‌دا، هاوکات لەگەڵ چڕبوونەوەی ناڕەزایەتی‌یە جەماوەری‌یەکان کە دەرەنجامی بەرزبوونەوەی ئاستی تێگەیشتوویی خەڵک، کاردانەوەی «شۆڕشی سپی» و پەیڕەوی سیاسەتەکانی واشینگتۆن بوون، محەممەد رەزا شا بە پچڕانی پێوەندی خۆی لەگەڵ راستی‌یەکانی وڵات شێوازێکی نوێی لە سیاسەتی نێوخۆیی وڵات گرتە بەر. ئەو شێوازی پێشووتری خۆی کە ئاراستەیەکی نێوان سەرکوت‌و ریفۆڕم بوو، وەلا نا. ئەگەرچی ئەم ئاراستەیە تەنیا دەرمانێکی سارێژکەری رواڵەتی بوو، بەڵام بەهەرحاڵ، دەرفەتێکی بۆ چالاکی سیاسی خوڵقاند. شا پاش جۆزەردانی ١٣٥٠ی هەتاوی هەڵوێستێکی سەختی گرتەبەرو رایگەیاند کە رووبەڕووی هەر شێوە دژایەتی‌یەک لە نێوخۆی





ووڵات دەوەستێتەوە. بە باوەڕی ناوبراو ئەم هـاتوهـاواره بێبنەماو لەلایان نەزان و کۆمۆنیستەکانەوە وەڕێ خرابوو.

هێندەی پێنەچوو گەلانی ئێران بە دژی رێژیمی شا راپەڕین. ئەو راپەڕینە بە دەستی بەتاڵ، شێوەیەکی مەدەنی، سەردەمیانەو یەکگرتووانە لەسەر داخـوازی پیشەیی دامـەزراو دەستی پێکرد. راپەڕین بێپسانەوە لە **١٣٥٦**ی هەتاوی بە بەشداری سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ بە تایبەتی رێکخراوە سیاسی، پیشەیی، مەدەنی و فەرهەنگی‌یەکان پەرەی گرت. بەشێک لەو رێکخراو و سازمانانەی کە پاش کودیتای **٢٨**ی گەلاوێژی **١٣٣٢**ی هەتاوی، لە دەرەنجامی سەرکوت و زەبروزەنگ، ببوون بە گرووپگەلێکی ژێرزەمینی و نیوەنهێنی، لە ساڵانی دوایـی بەر لە شـۆڕش و لە رێبەندانی **١٣٥٧**ی هـەتـاوی، بـە شێوەیەکی ئاشکرا دەرکەوتن و کۆمەڵانی خەڵکیان وەجـموجـۆڵ خست. لە رێبەندانی **١٣٥٧**ی هەتاوی‌دا شۆڕشی گەلانی ئێران بە ئاکام گەیشت و دەسەڵاتی پاشایەتی محەممەد رەزاشا هەرەسی هێنا.

**دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی:**

تێگەیشتنی خەڵک باشترین و گونجاوترین کەرەستەی سەرکەوتنە و سەرکەوتنی سیاسی چەک و چۆڵ پێکی ناهێنێ، بەڵکوو سەرکەوتن لە بیرو بـاوەڕی بەهێزەوە سەرچاوە دەگرێ و دەسـەڵاتـی سیاسی لە رای گشتی وەردەگیرێ. سەرکەوتن بە مانای لێک تێگەیشتن و گەیشتن بە داخوازی‌یە رەواکـان و پێکەوە ژیـان و هەست کردن بە گیانی بەرپرسیارەتی و بینینی جیاوازی‌یەکان و گرێدانی تواناکان و بەڕێوەبردنی ئەرکە کۆمەڵایەتی‌یەکان بۆ بەرژەوەندی گشتی، لە گۆڕەپانی کێبڕکێی گونجاو بـە مەبەستی بووژانەوەو بەرەوپێش بردنی ووڵات.

گەلانی ئێران بە دروشمی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ئازادی، خەڵک سالاری و خزمەت بە گـەل و نیشتمان بـەرەو پیری خەبات و خەباتگێڕان رۆیشتن. بە دەستی بەتاڵ و شێوە خەباتێکی مەدەنی و سەردەمیانە بەگژ تانک و تۆپی رێژیمی سەڵتەنەتی شادا چوونەوە. لە مێژووی هـاوچـەرخدا، شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی **١٣٥٧**ی هەتاوی بە یەکێک لە شۆڕشە مەزنەکان دەژمـێـردرێ؛ بەو تایبەتمەندی‌یە کە هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگا چالاکانە تێیدا بەشدار بوون و تا تێکەوەپێچانی یەک جارەکی حکوومەتی محەممەد رەزا شا لە خەبات لە پێناو رووخاندنی سڵ نەبوونەوە.

لە ئاکامداو سەرەڕای چاوەڕوانی زۆر، شۆڕشی **١٣٥٧**ی هەتاوی لە بنیاتنانی دەسەڵاتێکی دێمۆکراتیک ناکام ماوە. گەلانی ئێران لەسەر ئـەو بـاوەڕە بوون کە بە سەرکەوتنی شۆڕش بە ئامانجی دروشمەکانیان لە سێبەری ئـازادی و عـەداڵـەتـی کۆمەڵایەتی دەگـەن و دەحەسێنەوە، بەڵام زۆری نەخایاند شۆڕش دەستی بەسەر داگیراو پشت لە هەموو دروشمەکان کرا.

**نا بۆ کۆماری ئیسلامی:**

فۆڕم و تایبەتمەندی‌یەکانی سیستمی سیاسی ووڵات، یەکێک لەو بابەتانە بوو کە جێگای باس و مشت‌ومڕی زۆر بوو. خومەینی و موتەهەری باسیان لە کۆماری ئیسلامی دەکرد کە لە پشتیوانی مەزهەبی‌یە پاوان‌خوازو ئیدیۆلۆژیکەکان بەهرەمەند بوون و لە رێپێوانە بەربڵاوەکانی پێش شۆڕش، وێڕای ئازادی و سەربەخۆیی ببوو بە دروشمی سەرەکی و زاڵی بزووتنەوە. حیزبە چەپەکان، کۆماری دێمۆکڕاتیکی خەڵقیان پێشنیار کرد. بەشێک لە هێزە نەتەوەیی‌یەکان بیریان لە کۆماری نەتەوەیی دەکـردەوە. «موهەندیس بازرگان» کـۆمـاری دێمۆکراتیکی ئیسلامی پێشنیار کرد. بزووتنەوەی کورد داوای خودموختاری بۆ کوردستان دەکردو لەمەڕ سیستمی سیاسی ووڵات جەختی لەسەر ئازادی، دێمۆکڕاسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەکـــردەوە. جیاوازی بۆچوونەکان و بەربڵاوی ئاڵترناتیڤەکان، ئەنجام‌دانی رێفڕاندۆمی سەراسەری بۆ یەکلایی کردنەوەی پرسەکە پێویست کرد.

هـاتـنـەبـەربـاسـی دروشـمـەکـانـی ئازادی‌خوازانە، ئەو بابەتەی وورووژاند کە پێویستە رێفڕاندۆم چەند بەربژاری هەبێ، بەڵام خومەینی لە لێدوانێکی راشکاوانەدا، ئـەو راپرسی‌یەی بەرتەسک بە دوو بەربژاری بەڵێ و نەخێر لەسەر سیستمی «کۆماری ئیسلامی» کرد. زۆربەی رێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستان و بەشێک لە رەوتە سیاسی‌یە چەپەکان؛ وێـڕای رووناکبیرانی ئـازادی‌خـواز لە بەرامبەر دیکتەکرانی سیستمی سیاسی هەڵوێستیان گـــرت و راپـرسـی‌یـان بـە نادێمۆکڕاتیک وەســف کــرد.

نـاڕوون بوونی نێوەڕۆکی کۆماری ئیسلامی، مکانیزمەکانی دابین کردنی مافی نەتەوە ژێردەستەکان و پرسی خودموختاری کوردستان لە گرینگترین بابەتەکانی پرسیار وورووژێن لە سیستمی ئێحتماڵی کـۆمـاری ئیسلامی‌دا بوون، کە لە ئاکامدا بایکۆت کردنی رێفڕاندۆمی **١٠**ی خاکەلێوەی **١٣٥٨**ی هەتاوی لێکەوتەوە. زۆربەی خەڵکی کوردستان، بەشێکی بەرچاو لە گەلی تورکەمەن و هەندێک لە هێزە چەپەکان بەشداری‌یان لە رێفڕاندۆمدا نەکرد. سروشتی بوو لە کەشێکی ئینقلابی و لە نەبوونی ئاڵترناتیڤێکی‌تر بۆ دەسەڵاتداری دێمۆکڕاتیک، وەڵامـی «بەڵێ بۆ کۆماری ئیسلامی» لە سندووقەکانی



**سولەیمان و عەبدوڵڵا موعینی**



www.lawan.com

Lawan j: 51 -52 Salî 2713î kurdî

دەنـگـدان بێتەدەر، بـەڵام سـەرەڕای ئـەوەش وەڵامـی «نەخێر»ی هێزە دێمۆکراتو دێمۆکراسیخوازەکان، لە پاشەکشە پێکردنی ئیستبدادو سەرەڕۆیی ئیسلامی ئینقلابی کاریگەری تەواوی بوو، و بە یەکێک لە خاڵە وەرچەرخانەکانی مێژووی هاوچەرخی دێمۆکراسیخوازی مـەدەنـی لە ئێران لە ئـەژمار دێ.

کۆماری ئیسلامی وەکوو نوسخەی نوێی تۆتالیتاریزمی ئایینیو، بەر لە هەموو شتێک مەزهەبی شیعەی کردە بنەمای یاسای بنەڕەتی وڵات. دەیەی یەکەمی دەسەڵاتدارێتی کرد بە دەیەی کوشتاری خوێناویو سەرکوتی هەموو نەیارانی سیاسیو ئایینی. شەڕی ئێرانو عێراق، شەڕو سەرکوت کردنی کورد، ئازەری، بەلووچو عەرەبی خووزستان، کوشتنی زیندانیانی سیاسی ناڕازی دوای شۆڕشو شۆڕشی فەرهەنگی، رووداوی گرینگی ئەو دەیە بوون. لە بەرامبەردا، قەبووڵ نەکردنی حکوومەتی دینی، دژکردەوەی چـەکـداریو حـەرەکـەتـە نـاڕازیـیـە مەدەنییەکانی وەکوو بەشداری نەکردن لە ریفراندۆمی کۆماری ئیسلامیو کۆچی مەریوان، بە سەختی دەسەڵاتی ناوەندییان خستە ژێر مەنگەنەوە.

کۆچی مێژوویی مەریوان:

هاوینی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، خەڵکی خۆڕاگری مەریوان، لە رۆژانی ٣٠ و ٣١ی پووشپەر تا ١٣ی گەلاوێژ، لەدژکردەوەیەک لە بەرامبەر رەشەکوژییەکانی رێژیمی کـۆمـاری ئیسلامی، بە شێوەیەکی یەکگرتوو و جەماوەری، شاریان بەجێ هێشتو لە کەمپی «کانیمیران» لە ١٢ کیلومێتری مەریوان نیشتەجێ بوون. ئەو کەمپە بۆ مـاوەی چەند حەوتوو بوو بە ناوەندێکی سیاسی، خۆڕاگریو شۆڕشگێڕیو سەرنجی هەموو خەڵکی کوردستانو تەنانەت بیروڕای گشتیی کۆمەڵگای ئێرانو ناوچەی، بۆلای خۆی راکێشا. لە درێژەداو بۆ پشتیوانی کردن لەو هەڵوێستەی خەڵکی مەریوان، چەندین رێپێوان لە سنە، سەقزو بانە ساز کراو رۆژانە هەزاران کەس بە پێوانی رێگایەکی ١٨٠ کیلومێتریو بە دانی دروشمی نەتەوەییو شۆڕشگێڕانە، پشتگیری ئەو بزووتنە مەدەنیو مۆدێڕنەیان دەکرد. تەنانەت لە زۆر شوێنی ئێران وەکوو تورکەمەن سەحراو بەلووچستانیش هێزە دێمۆکراسیخوازەکان، پشتیوانی خۆیان لە خەڵکی کوردستان راگەیاند.

لەحاڵێکدا کە کۆماری ئیسلامی بە گورزی سەربازی، حەولی پاکتاوکردنو پاکسازی کوردستانی دەدا، کۆچی مەریوان وەکـوو حەرەکەتێکی تەواو سەردەمیانە، مۆدێڕنو ناتوندوتیژ لە لەقاودانی ماهییەتی نادێمۆکراتیکی کـۆمـاری ئیسلامیو رەوایـیـپـێـدان بـە هێزە بەرگریکارەکانی کـورد رۆڵی کاریگەری هەبوو و لە هەمان کـاتـدا جەختی لەسەر جیهانبینی ئاشتیخوازانەی نەتەوەی کورد کردەوە.

دەیـەی دووهەمی دەسەڵاتدارێتی کـۆمـاری ئیسلامی بـوو بە دەیـەی بێدەنگی کۆمەڵگای ئێرانو لە لایەکیتر تیرۆر کردنی کەسایەتییە نەیارەکانی نێوخۆی وڵاتو ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات. رێکخراوە سیاسییەکان یەک بـەدوای یـەکـدا هەڵوەشێندرانەوەو ئەو حیزبو لایەنانەی دژایەتی ئەو سیاسەتەیان دەکرد، دەربەدەر یا زیندانی کران یا تەواو لەنێو بران. لە کۆتایی ئەو دەیەیەو لە ساڵەکانی ٧٦ و ٧٨، لە دەرەنجامی بەدەسەڵات گەیشتنی رێفۆرم خوازان، جموجۆڵێک لە هەناوی بزووتنەوەی مەدەنی سەری هەڵداو دروشمەکانی یاسا گەرایی، دژایەتی لەگەڵ ئیستبدادی دینیو سەرەڕۆیی سیاسی، گوتاری کۆمەڵگای مەدەنیو رێفۆرمی سیاسی کـردە پیناسەی خۆی. حەرەکەتی رێفۆرمخوازان، کە لەڕاستیدا دژکردەوەیەک بوو بۆ ئەو قەیرانە ئیدیۆلۆژیکە قووڵەی کە رێژیم تێی کەوتبوو، بەهۆی ناکارامەیی











پێکهاتە سیاسیو حقووقی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی، پلان‌دارێژی هەڵەو پاشگەزبوونەوەی سەردەمدارانی بزووتنەوە لە دروشمەکانیان، نەتەنیا لە وەدی‌هێنانی دروشمەکان‌دا سەرنەکەوت، بەڵکوو تێچوویەکی زۆریشی بۆ لایەنگرانی بەدواوە بوو.

هەژدەی پووشپەڕ(١٨ تیر):

کارنامەی کۆماری ئیسلامی، لە ١٨ی پووشپەڕ **١٣٧٨**ی هەتاوی، لە ڕەوتی حەرەکەتی ئێعتڕازی خوێندکارانی زانکۆی تاران، ڕووداوێکی ڕەشی‌تریشی تێدا تۆمار کرا. ڕاپەرینو هەڵگەڕانەوەی خوێندکاران کە لە ١٨ تا **٢٣**ی پووشپەڕ، بۆ ماوەی شەش ڕۆژ، تارانی وەلەرزە خست؛ بە بیانووی داخرانی ڕۆژنامەی «سەلام»، ئۆرگانی بەشێک لە «ڕیفۆڕمخوازان»ی حکوومەتی دەستی پێ‌کردو بە هێرشی دڕندانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بۆ خەوگەی خوێندکاران، خێرا لە چوارچێوەی زانکۆدا دەرکەوتو لە شەقامەکانی دەوروبەر، شێوەی شۆڕشێکی خوێندکاری بەخۆوە گرت.

لە نیوەشەوی ١٨ی پووشپەڕ، بەکرێ‌گیراوانو هێزە ئەمنییەتی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی ناسراو بە هێزە «لیباس شەخسی»یەکان، لە پەلامارێکی شەوانە، خەوگەی خوێندکارانیان وێران کرد، ژمارەیەک خوێندکاریان لە قاتی سێو چواری بیناکە فڕێ دایە خوارێ، هەندێکیان بریندار کردنو بە دەستڕێژی گوللە خوێندکار «عێزەت ئیبراهیم نژاد»یان شەهید کرد.

هێرشی هێزە «لیباس شەخسی»یەکان بۆ سەر خەوگەی خوێندکاران، نارەزایەتی خوێندکارانی لە تەوەری «ڕیفۆڕمخوازی» حکوومەتی دەرهاویشتو فۆڕمی شۆڕشێکی جەماوەریو سەرهەڵدانێکی خوێندکاری تەواو عەیاری بەدژی تەواوییەتی کۆماری ئیسلامی پێ‌دا. پێشینەی شۆڕشگێڕیو پۆتانسیەلی خەباتگێڕانەی بزووتنەوەی خوێندکاری، درێژەکێشانی ئەو هەڵوێستەو پشتیوانی لێ‌کرانی لەلایەن خوێندکارانی زانکۆی تەورێز، دڵەڕاوکێی خستە نێو دڵی دەسەڵاتدارانو بۆ سەرکوتی ئەم بزاوتە، تێکڕای ڕەوتە سیاسی‌یەکان هاوئاهەنگ هەوڵیان دا.

پاش سەرهەڵدانو سەرکوتی بزووتنەوەی خوێندکاری لە پووشپەڕی **١٣٧٨**ی هەتاوی لەلایەن حکوومەتەوە، ڕێبەری بزووتنەوەی ڕیفۆڕمخوازی رووی کردە تاکتیکی سیاسی «گوشار لە خوارێو چەنەلێدان لە سەرێ‌ڕا» و دواتر بە لەدەست‌دانی کۆنتڕۆڵی حەرەکەتو نارەزایەتی‌یە خوێندکاری‌یەکان، سیاسەتی «هێمنایەتی پوویا»یان تەعقیب کرد. ئاکامی ئەو سیاسەتە، کەشێکی ساردی سیاسی لە وڵاتو ڕکوودو لاواز بوونی بزووتنەوەی خوێندکاری بۆ دەورەیەکی کاتی بوو. جگە لەمە، پاش سەرکوتی خەستی خوێندکاران لە کووی زانکۆو دواتر لە سەرتاسەری زانکۆکانی وڵات، گوشارە سیاسیو ئەمنییەتی‌یەکان ڕۆژ بە ڕۆژ بۆ سەر خوێندکاران زیاتر بوو.

دەیەی سێهەمی دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی، بوو بە دەیەی سەرهەڵدانو شکستی ڕەوتی ناسراو بە ریفۆڕمخوازی دەوڵەتیو چەند بەرەیەکی قووڵ لە دەزگای حاکمییەتو سەرەنجام قۆرخ کردنی سەرلەنوێی دەسەڵات لە لایەن توندڕەوترین باڵی دەسەڵات. دروشمەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ئازادیو خەڵک سالاری لەبیر کرانو، بیرۆکەی ناردنە دەرەوەی شۆڕشو ئاژاوەگێڕیو ئیدیۆلۆژی تەعەهودو دەمارگرژی مەزهەبی بووە گوتاری زاڵ. کۆماری ئیسلامی بنەمای سیاسەتی دەرەکی لەسەر چەند خاڵێکی دژایەتی لەگەڵ ڕۆژئاوا بە گشتیو ئەمریکا بە تایبەتی، سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر

نەخشەی جیهان، دەست تێوەردان لە کاروباری وڵاتانی جیهان بە گشتیو ناوچەیی بە تایبەتی، یارمەتیو پشتیوانی لە گرووپە تیرۆریستییەکان داڕشتوە. دروشمی پیتاندنی ئۆرانیۆمو دەست وێڕاگەیشتنی بە چەکی ناوکی بووە هۆی تەریک بوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دا. لەنێوخۆش قەیرانی ئابووریو بەرزبوونەوەی ئاستی پێداویستی ڕۆژانەی گەلانی ئێران نارەزایەتی زۆری دروست کرد. هەڵسوکەوتی ڕێژیم دژ کردەوەی وڵاتانی ڕۆژئاواو گەمارۆی ئابووریو چوار بڕیارنامەی سزادانی لێکەوتەوە.

**بزووتنەوەی سەوز:**

بە دوای هەڵبژاردنی **٢٢**ی جۆزەردانی **١٣٨٨**ی هەتاوی، دەیەمین دەورەی سەرۆک کۆماری بارودۆخێکی تازە لە ئێران هاتە ئاراوەو نارەزایەتی هەموو چینو توێژی کۆمەڵگای لێکەوتەوە. پاش هەڵبژاردنو بە تاڵان بردنی دەنگی خەڵک لە لایەن دەسەڵاتی بناژۆخوازەوە، خەڵک بە دروشمی «دەنگی من کوا»، داوای پێداچوونەوە بەسەر ئاکامەکانی هەڵبژاردنیان دەکرد. دەسەڵات بۆ پاشەکشە پێکردنی خۆپیشاندەران لە کەرەستەی زەبرو زەنگ کەڵکی وەرگرت. بە ترساندن، لێدان، زیندانیو کوشتنی خەڵکی ناڕازی پاشەکشەیان نەکردو ئەمانیش پتر لەسەر داواکانیان پێداگریان کرد. خەڵک بە دیتنی رادەی درندەیی دەسەڵات، پاش ماوەیەک دروشمو داخوازییەکانیان رادیکاڵتر بوونەوەو لەو مەودایەدا «مەرگ بۆ دیکتاتۆر» لەهەر دروشمێک پتر دەبیسترا. خەڵک داوای ئازاد کردنی هاوسەنگەرانو زیندانیانی سیاسییان دەکردو تابۆبوونی «وەلایەتی فەقیە»یان شکاند. خاڵێکی گرینگیتر کە بوو بە یەکێک لە داخوازییە سەرەکییەکانی خۆپیشاندەران، پێداچوونەوە بەسەر یاسای بنەڕەتی وڵات بوو. یاسایەک کە بە بۆچوونێکی ئیدیۆلۆژیکو بەرتەسک بنەماکانی داڕشتراوە. ئەم یاسایە بە هیچ چەشنێک مافی نەتەوە جیاوازەکانی ئێرانی تێدا رەچاو نەکراوەو دانی پێدا نەنراوە. یاسای بنەڕەتی ئێستای ئێران وەڵامدەری ویستی ئازادی خوازانەی خەڵکی ئێران نییە. خەڵکێک کە سەلماندوویانە بۆ بەشدار بوون لە مافی چارەنووسی خۆیان ئامادەن هەر شێوە تێچوویەک بدەن، بەدوای جێگیر کردنی دیمۆکراسیو مافی شارۆمەندین، کە چوارچێوەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لەو قابلیەتە مەعزورە.

**مانگرتنی گشتی خەڵکی کوردستان:**

مانگرتنی گشتی خەڵکی کوردستان لە رۆژی **٢٣**ی بانەمەڕی **١٣٨٩**ی هەتاوی، خاڵێکی وەرچەرخان لە بزووتنەوەی مەدەنیو ناتوندوتیژی کوردستان لە رووبەڕووبونەوەیەکی واقیعی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بوو. پاش ئەوەی کە لە رۆژی **١٩**ی بانەمەڕ پێنج تێکۆشەری سیاسییو مەدەنیی لە سێدارەدران، خەڵکی کورد لە رۆژی پێنجشەمە **٢٣**ی بانەمەڕ لەسەر داخوازی حیزبە سیاسییەکانو بە پشتیوانی رێکخراوە مەدەنییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو مانیان گرت.

گومانی تێدا نییە کە ئەو هەڵوێستە ئێعتڕازییەی خەڵکیش لە بەراورد لەگەڵ هاوچەشنەکانی پێشوو، بەربڵاوو بەرچاوتر بوو. هاودەنگیو یەکڕیزی ڕێژەیی بزووتنەوەی سیاسی، لەناکاو بوونو دڵهەژێن بوونی کارەساتی لە سێدارەدانی ئەم چالاکە سیاسییانە کە شوێنەواری زۆری لەسەر ڕای گشتی کوردستان داناو هەروەها پشتیوانی بەهێزی مێدیایی بە تایبەت لە لایەن مێدیای کوردییەوە بە گرینگترین هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەو حەرەکەتە دەناسرێن.

**مەریوان:**

**٢٦**ی خاکەلێوەی **١٣٩٢**ی هەتاوی، خەڵکی شاری مەریوان بۆ مەحکووم کردنی بێڕێزی بەرامبەر بە جلی کوردی







ژنانە، رژانە سەر شەقامو بەرامبەر بە حوکمدرانی سێ تۆمەتبار بە لەبەرکردنی جلی سووری ژنانەو گەڕاندنیان بەنێو شاردا لە لایەن دادگایەکی ئەو شارەوە دەنگیان هەڵبڕی. ئەم کردەوە، وەکوو نیشانەیەک لە بێڕێزی یاسا و رێساکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە کولتووری نەتەوەی کوردو ژنو مافە ئینسانییەکانی لێکدرایەوەو لەلایەن چالاکانی مەدەنیو خەڵکی یەکسانیخوازی شاری مەریوان بە توندی پرۆتێستۆ کرا. رۆژی سێشەممە **٢٧**ی خاکەلێوە، ژمارەیەک لە خەڵکی شاری مەریوان بە لەبەرکردنی جلی کوردی رەنگ سوورو هەڵگرتنی پلاکاردگەلێک، حوکمو شێوازی بەڕێوەبردنی حوکمەکەیان مەحکووم کرد. لە درێژەی دژکردەوەکان، هەڤدە نوێنەر لە پارڵەمانی ئێران، بە واژۆکردنی بەیاننامەیەک، وەزیرەکانی دەوڵەتو دادپەروەرییان لەمەڕ ئاکامە نەخوازراوەکانی ئەم شێوە دووبەرەکی نانەوانە ئاگادار کردەوە.

لەلایەکیتر، چالاکانی شوناسخواز لە فەیسبووکو فەزای سایبێر، بە راگەیاندنی کەمپەینەک دژی سووکایەتی کردن بە ژنو جلی کوردی وەستانەوەو رەخنەیان لە دابەشکاری رەگەزی، پیاوسالاریو یاسا نایەکسانەکانی دژ بە ژنان لە یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا گرت.

خەباتی مەدەنی، ئاکارو ئاکام:

خەڵکی وەزاڵە هاتوو لە دەسەڵاتی سیاسی هەنووکەیی ئێران جگە لە بەردەوام بوون لەسەر داخوازییەکانیان رێگایەکیتریان لەبەردەمدا نەماوە. سەرەڕای ئەوەی کە رێژیم زۆر بێبەزەیانە لەگەڵ ناڕازیان هەڵسوکەوت دەکا، بەڵام مامەڵەی لۆژیکیو عەقڵانی خەڵکی ئازادیخواز بە چەشنێک بووە کە توانای پاشەکشە کردن بە زەبرو زەنگی هەبێ. بەشداری بێوێنەی ژنان، گەنجان، خوێندکارانو بازاڕیان بە پاڵپشتی رێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ، پیشەییو کولتووری نیشاندەری ئیرادەی خەڵکە بۆ بەردەوامیو درێژەپێدانی نارەزایەتییەکان. خەڵکی ناڕازی وەک نیشانیان داوە تا گۆڕینی نیزامی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامیو دامەزراندنی حکوومەتێکی دێمۆکراتیک درێژە بە چالاکی دەدەن. یەکگرتووییو هاوهەڵوێستی سەرجەم چینو توێژەکانو خوڵقاندنی کەشی دیالۆگو وتوویژ بۆ هێنانە گۆڕی داخوازییەکانیان دەتوانێ ئەم هاوپشتییە بەهێزتر بکاو گشت لایەک دەبێ هەوڵی بۆ بدا.

شتێکی ئاساییە هەر یەک لەو رێکخراوانە داخوازیو بۆچوونی جیاوازیان هەبێ، بەڵام بە رەچاو کردنی بەرژەوەندی گشتی دەبێ خاڵە هاوبەشەکان بەهێز بکرێن. ئەرکی ئەو رێکخراوانە ئەوەیە کە کۆمەڵانی خەڵک لەسەر بەرژەوەندی گشتی ئەرکدار بکەن چونکە تەنیا چەکی یەکڕیزیو هاوپشتییە کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەچۆکدا دێنێت. بە پێچەوانە چەکی رێژیم تەنیا سەرکوتی بێبەزەیانەیە، بەڵام ئەگەر نەی توانی بە ئیدیعای شێواندنی فەزای ئەمنییەتو بەرژەوەندی نەتەوەیی یەکڕیزی خەڵک تێک بدا، دەبێ پاشەکشە بکاو حکوومەت بەدەستی خەڵکەوە بدا. رێژیم ناتوانێ چیتر بە بیانووی دابین کردنی ئاسایشی نەتەوەیی مافی خەڵکو دادپەروەری کۆمەڵایەتی پێشێل بکا و بیکات بە دەروازەیەک بۆ سەرکوتی زیاتری خەڵک.

تاقیکاریەکانی وڵاتانیتر لەمەڕ شێوە چالاکی مەدەنیو هێمنانە، سەرکەوتنی تۆمار کردووەو لە سەراسەری ئێرانو جیهان لایەنگری زۆری هەیە. گەلانی ئێرانیش لەو بوارەدا بە ئەزموونی زیاتر لە سەد ساڵ، دەوڵەمەندن. هەر لە سەردەمی شۆڕشی مەشرووتەوە هەتا ئێستا، کۆمەڵگای ئێرانی، گەلێک قۆناغی دیاری کراوی ئەرێنی پێواوە کە هەرکامەیان بە پێی هەلومەرجی تایبەتی خۆی کاریگەر بوونە لەسەر رەوتی دێمۆکراتیزاسیۆنی وڵات.

رێکخراو و یەکیەتیی کرێکاری، فەرهەنگیو پیشەیی بە درێژایی تەمەنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بووژانەوەی ئەوتۆیان بەخۆوە نەدیوە. ئەگەریش بوونێکیان بووبێ تەنیا لە شارە گەورەکان بووەو ناوچەو شارە بچووکەکان کە لە ناوەندە سیاسیو ئابوورییەکان لە رێکخستن، خاوەن ئەزموونێکی ئەوتۆ نین. مەرجێک بۆ بەشداری زیاتری خەڵک لە نارەزایەتییەکان بەهێز کردنی یەکیەتییو رێکخراوەکانی مەدەنییە. دەبێ رێبەرانو رێکخەران بۆ راکێشانی خەڵکو بەهێز کردنی رێکخراوو یەکیەتییە مەدەنیو هەموو پێکهاتەکانی چالاک بن. ئەم یەکیەتیو رێکخراوانە دەبێ لە ئاست رەخنەی رێژیم پارێزراو بن. ئۆپۆزیسیۆنیش دەبێ یارمەتی ئەم رێکخراوانە بداو لە تواناکانی بۆ رێک خستنو بەهێزتر کردنیان کەڵک وەربگرێ. ئەرکی ئەو رێکخراوە لە رێگای فێر کردن، بارهێنان، چالاک کردنو بیروڕا گۆڕینەوە لەگەڵ چالاکوانانی مافی مرۆڤ، رێژیم لاواز بکەنو خەڵک لە سیاسەتو کردەوەی رێژیم ئاگادار بکەنەوە. بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێ کە ریکخراوە مەدەنییەکان بە روانگەی رێفۆرمخوازانە، هەوڵ دەدەن لە رێگەی ریفۆرم لە نێوخۆی سیستمی دەسەڵاتدا بە ئەسپایی هەنگاو بۆ دەستەبەرکردنی دێمۆکراسی هەڵبگرنو لە هەمبەر کۆسپەکانی سەر رێگا بە هەڵسوکەوتی شیاو و دانوستان کاتالیزۆری دەستەبەرکردنی مافی کۆمەڵایەتی بن. مەبەستی سەرەکی لە سەرهەڵدانو دامەزراندنی ئەو چەشنە رێکخراو و یەکیەتییانە چاودێری بەسەر دەسەڵاتە تا پێش بە لادانو لاساریەکانی بگیرێ.

سەرچاوەکان:

١: تاریخ مشروطه ایران، احمد کسروی، جلد اول

٢: ایران بین دو انقلاب، یرواند آبراهامیان، ت: احمد گل محمدی، نشر نی

٣: موسسه مطالعات تاریخ معاصر ایران، ١١٠ روز بحرانی، بررسی اجمالی

٤: جنبش دانشجویی، ٢٨ مرداد تا ١٦ آذر هجری شمسی




دوو دیمانەی کورت لەگەڵ دوو تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان له ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاویدا، بەڕێزان خدر عەبدوڵڵاهی(خله قەزا) و ئەحمەد نستانی، لەسەر ژیانو بەسەرهاتی ژیانیان له سەنگەری خەباتو تێکۆشانی پێشمەرگایەتیدا:

دیمانەکان: سیامەند شێخەپوور

لاوان: تکایه خۆت به گۆڤارەکەمان بناسێنەو چەند پرسیارێکیش لەسەر ژیانو بەسەرهاتی پێشمەرگایەتیت لێدەکەین، وەڵاممان بدەرەوە؟!

وەڵام: زۆر خۆشحاڵم که ئەم دەرفەتەتان پێدام بۆ ئەوەی بتوانم باسێکی کورتی ژیانو بەسەرهاتی پێشمەرگایەتی خۆمتان بۆ باسو بگێڕمەوە تاکوو لانیکەم جیلەکانی ئێستاو داهاتوو بزانن که رۆڵەکانیان هەرکات خزمەتێکیان بە نیسبەت گەلو نەتەوەکەیان لەدەست هاتبێ، تەنەخییان نەکردووەو حازربوون بۆ هەموو گیان فیداییەک له پێناو گەلو نیشتمانەکەیاندا. من ناوم «خدر عەبدوڵڵاهی» ناسراو به «خله قەزا»، له یەکێک له گوندەکانی شاری رەبەت به ناوی دۆڵەتوێی گەورکان لەدایک بووم.

لاوان: ساڵی چەند لەدایک بوویو تەمەنت چەندو خوێندەواریت هەیە؟

وەڵام: زۆر چاکم لەبیر نیە، بەڵام نزیکەی ساڵی ١٣٢٧ی‌هەتاوی لەدایک بووم. ئێستاش تەمەنم ٦٦ ساڵە، بەهۆی بارودۆخی ئەو کاتەی ئێرانو رێژیمی پاشایەتی نەم توانیوە بچمە بەر خوێندن، بۆیە خوێندەواریم نیە.

لاوان: ساڵی چەند هاتووی بۆ نێو ریزەکانی پێشمەرگەو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیت لەبەر کردوە؟ چۆن بوو حیزبت ناسی؟ له رێگای چە کەسانێکەوە پێوەندیت به حیزبەوە گرت؟ کێ هاندەرت بۆ که بوویت به پێشمەرگە؟ پلەو پایەت له نێو حیزبدا چی بووە؟!

وەڵام: له ساڵی ٤٦و٤٧ هاتوومەته نێو ریزەکانی حیزبو بوومە پێشمەرگە، هەر ئەوکات دەستم کرد به خەباتو چەکی پێشمەرگایەتیم له شان کردوە. لەرێگای هەر دوو شۆڕشگێڕی به وەفاو به توانا «فایەق موعینیو سمایلی شەریفزادە» پێوەندیم به حیزبەوە کردووەو هەر ئەو دوو تێکوشەرو شۆڕشگێڕە



هاندەری سەرەکی بوون بۆ پێوەندی کردنم بە ریزەکانی شۆڕشەوە. تەنیا پێشمەرگەیەکی سادە بووم، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا پلەی کادریم پێدراوە.

لاوان: لەو ماوەی کە پێشمەرگە بوویت قەت پەشیمان نەبوویەوە کە بڵێی واز لە خەبات دێنم، چونکە بێگومان ژیانی پێشمەرگایەتی کەندوکۆسپی زۆری تێدایە؟ تەنیا پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکرات بووی یان لە لایەنی دیکەشدا خەباتت کردوە؟
وەڵام: لە کاتێک کە رێچکەو رێبازو ژیانی پێشمەرگایەتیو شۆڕشم هەڵبژاردو لەو رۆژەوەش تاکوو ئێستا هیچ دوودڵو پەشیمان نیم لە رێبازەکەم لەگەڵ ئەوەی ناخۆشیو کۆسپو تەگەرەی زۆریشم هاتووەتە پێش، بەڵام ئەم کۆسپانە هۆکار بوون بۆ مانەوەم لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا. تەنیا لە ناو ریزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا بوومەو پێوەندیم بە هیچ لایەنێکی دیکەوە نەکردوە.

لاوان: ئەندامی یەکیەتیی لاوان بووی! کە ئەندام بووی ساڵی چەند بووی بە ئەندام، چ ئەرکێکت لەنێو ریزەکانی لاواندا بەڕێوە بردوە؟
وەڵام: بەهۆی بارودۆخی ئەو کاتەوە نەم توانیوە پێوندی بە یەکیەتیی لاوانەوە بکەم، تەنیا چەکی پێشمەرگایەتیم هەڵگرتووەو لە شاخدا خەریکی خەباتکردن بووم دژی دوژمن کە لە لایەن دوژمنانی گەلی کوردەوە بە سەرماندا سەپێندرابوو.

لاوان: پەیامت بۆ لاوانی ئێستا لە هەر چوار پارچەی کوردستان چیە؟ چە داواکارێکت هەیە لە لاوان؟
وەڵام: من لە لایەن خۆمەوە داواکاریم لە لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستان ئەوەیە کە درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی بدەن، بەڵام لەم رۆژگارەدا خەباتو پێشمەرگایەتی بە خوێندنو خۆێندەواری بەڕێوە دەچێ، هیوادارم کە لاوان رێچکەی خوێندن بگەنەبەرو بە قەڵەم درێژە بەو رێبازو خەباتە بدەن.

لاوان: هەر وەک ئاگادارن رۆژێکی تایبەت بە پێشمەرگ(٢٦ی سەرماوەز) هەیە چە وتەیەکت هەیە بۆ ئەو رۆژە پیرۆزە؟
وەڵام: بەڵی، پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی هەموو پێشمەرگەیەکی بەوەفاو قارەمان دەکەم، هیوادارم ئەو هاوڕێ شەهیدانەی کە لە رێی شۆڕشو خەباتدا گیانیان بەخشیوە، رێگایان بەرنەدەینو هەروا درێژەدەری رێبازەکەیان بین هەروەکوو چۆن بە ئاسوودەییەوە سەریان ناوەتەوە رۆحیشیان شادبێ. هەروەها هیوادارم ئەم تێکۆشەرانەی ئێستا بە دڵێکی وەفا و سۆزەوە خزمەت دەکەن، ریزەکانی خەباتو تێکۆشان بەر نەدەن.

لاوان: ئایا ژیانی هاوبەشت پێک



هێناوە یان نا؟ بەرهەمی ژیانتان چییە؟ لەکوێ لەدایک بوون؟

وەڵام: بەڵێ ژیانی هاوبەشم پێک هێناوەو شەش منداڵیشمان هەیە، خاوەنی دوو کوڕو چوار کچین. هەمووشیان لە شۆڕش‌و شاخدا چاویان بە دونیا هەڵێناوەو هاتوونەتە دونیا. لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم کە ئەم دەرفەتەتان پێمدا تا بتوانم بەکورتی باس لە ژیان‌و خەباتی خۆم بکەم لە ڕێگای گۆڤارەکەتانەوە.

لاوان: سەرەتا داواتان لێ دەکەین خۆت بە خوێنەرانی گۆڤاری لاوان بناسێنە ناوت چیەو خەڵکی کوێی‌و لە کوێ لەدایک بووی‌و ساڵی چەند؟ ئاستی خوێندەواریت چەندە؟

وەڵام: ناوم «ئەحمەد مەولانی» ناسراو بە «ئەحمەد نستانی» خەڵکی گوندی نستان سەربە شارۆچکەی ڕەبەتی گەورکایەتی. ساڵی ١٣٢٤ی‌هەتاوی لە گوندی نستان لەدایک بووم، خوێندەواریم تا پۆلی شەشی سەرەتایی هەیە.

لاوان: ساڵی چەند هاتووی بۆ نێو ریزەکانی حیزب‌و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیت پۆشیوە؟

وەڵام: ساڵی ١٣٤١ی‌هەتاوی لە گوندی نستانێ پێوەندیم بە سلێمانی موعینی ناسراو بە «فایق ئەمینی»ەوە کردو هەر لە گوندی نستانێ دەگەڵ چوار کەسی دیکە لە شانەیەکی تەشکیلاتی‌دا سازماندەیی کراین. لە بەهاری ١٣٤٣ی‌هەتاوی بەهۆی فشاری زۆری سازمانی ئەمنی ئەو کات هاتم بۆ کوردستانی عێراق‌و لە گوندی سوونێ سەر سنووری ئێران کە بارەگای حیزبی دێموکراتی لێ‌بوو، بە ڕەسمی بووم بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

لاوان: پلەو پایەو بەرپرسایەتی‌یەکانت لە حیزبی دێموکراتدا چ بوون؟

وەڵام: لە جووڵانەوەی ٤٦ و ٤٧ وەکوو جێگری خاڵە مینەشەم دیاری کرام لە ناوچەی گەورکایەتی ڕەبەت، لە پاییزی ١٣٤٧ لە دوای شەهید بوونی خاڵە مینەشەم وەکوو بەرپرسی یەکەم دیاری کرام، دوای گەڕانەوەی ٤٦ و ٤٧ کە گەڕاینەوە باشووری کوردستان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی مەکتەبی سیاسی ئەو کاتی پارتی دێمۆکراتی کوردستانی عێراق بۆ ماوەی ٣ ساڵان وەکوو «ئامر بەتالیۆن» بەرپرسایەتیم پێ‌درا، بەڵام هەر لە ژێر ناوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران‌دا.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران (١٣٥٧)، ڕاگەیاندنی ئاشکرای خەبات‌و تێکۆشانی حیزبی دێمۆکرات بەرپرسایەتی‌یەکانم ئەوانەی خوارەوە بوون کە دەرکەی زیندانی ڕەزایە لەلایەن خەڵکی ڕەزایەوە شکاو ئێمە دەگەڵ کەریم نستانی هاتینەوە مەهاباد.

**١: بووم بە ئەندامی شووڕای نیزامی مەهاباد.**

**٢: بەرپرسی شووڕای نیزامی سەردەشت.**

**٣: بەرپرسایەتی بنکەی سنووری لە بێورانی سەرێ.**

**٤: جێگری لکی ٢ی مینەشەم.**

**٥: فەرماندەی لکی ١ی هێزی موعینی.**

**٦: فەرماندەی هێزی شەهیدانی وێردی.**

**٧: فەرماندی لکی ١ی شەهید محەممەد نستانی.**

**٨: جێگری هێزی مینە شەم.**

**٩: فەرماندەی هێزی مینەشەم کە هێزی مینەشەم گۆڕا بە هێزی زمزیران، فەرماندەی هێزی زمزیران، لە کۆنگرەی ٨ بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرام.**

**١٠: فەرماندەی هێزی قەندیل، بۆ ٣ دەورە ئەندامی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی.**

**١١: فەرماندەی هێزی سامرەند، لە کۆنگرەی ١٠ و١١ جێگری کۆمیتەی ناوەندی، لە کۆنگرەی پازدە ئەندامی کۆمیسیۆنی چاودێری بەسەر پێڕەوی نێوخۆی حیزب، بەرپرسایەتی ناوەندی ٢ی کوردستان بۆ ماوەی ٣ ساڵان، لە ئێستاشدا ئەندامی کۆمیسیۆنی چاودێری بەسەر پێڕەوی نێوخۆی حیزب.**

لاوان: لەو ماوەی پێشمەرگایەتیتدا زۆر کەندوکۆسپو لەمپەری جۆراوجۆرت تێپەڕ کردوون، ئایا ئەوانە هەموو ڕۆژێک لە ڕۆژان نەبوونە هۆی پەشیمانیت لەسەر درێژەدانی خەبات‌و تێکوشان دا؟

وەڵام: نەخێر پەشیمان نیم، لە ڕۆژی یەکەمڕا کە هاتوومە نێو ریزەکانی حیزبی دێمۆکرات زیاتر باوەڕم بە کوردایەتی بووەو تا ئێستاش ئەو باوەڕەم هەر لە جێگای خۆیەتی، هیچ کەندوکۆسپێکی سەر ڕێگای تێکوشانم نەی توانیوە باوەڕی قووڵم بە کوردایەتی لاواز بکا، هەربۆیە پەشیمان نیم.

لاوان: ڕۆژێک وەکوو ڕۆژی پێشمەرگە لە مێژووی حیزبدا باسی دەکرێ‌و هەموو ساڵێکیش مەراسمی بۆ دەگیرێ‌و یادی ئەو ڕۆژە بەرز ڕادەگیرێ،



چ پەیامێکت هەیە بۆ ئەو ڕۆژە؟
وەڵام: بەبێ ئەو ڕۆژەش وەکوو ڕۆژێکی مێژوویی که هەموو ساڵێ مەراسمی بۆ دەگیرێ‌و ڕێزی تایبەتیم بۆی هەیە، بەڵام دەبێ هەموو لایەکمان قەبووڵی بکەین له نێو خەبات‌و تێکۆشانی حیزب‌دا پێشمەرگە سەدان‌و بگرە هەزاران سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. ئەگەر له حەق نەگوزەرێین هەرکات هێزی پێشمەرگە هەلی خەبات‌و تێکۆشانی بۆ ڕەخسابێ له شێوەکانی دیکەی خەبات‌و تێکۆشانیش تەنەخی نەکردوەو خۆی نشان داوە. جارێکی دیکە پیرۆز بێ ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان.

لاوان: ئەندامی یەکیەتیی لاوان بووی؟
وەڵام: بەداخەوە ئەندامی یەکیەتیی لاوان نەبووم، بەڵام هەرکات داوای هاوکاریان لێ‌کردبم ئەوەندەی له توانامدا بووبێ هاوکاریم کردون.

لاوان: پەیامت بۆ لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستان چیە؟
وەڵام: هیوادارم لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستان یەک بگرن بۆ بەدەست هێنانی ئامانجە پیرۆزەکانیان‌و بە دڵنیایی‌یەوە یەک گرتنی لاوان بە گشتی دەستەبەربوونی سەرکەوتی گەلەکەمان له هەر چوارپارچەی کوردستانە.

بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٧ ــ ٤٦ یەکێک لەو بزووتنەوانەی گەلەکەمان له ڕۆژهەڵاتی کوردستانە که نزیک به ساڵ‌و نیوێکی خایاندو بەرگری‌یەکی سیاسی‌و چەکدارانەی باشیان کردو به خوێنی خۆیان ئەم مێژووە پڕشنگدارەیان بۆ خۆیان‌و گەلەکەیان تۆمار کرد، شایانی باسە که ئەم بزووتنەوەیە ئەومان پێ‌دەڵێ که ڕێبەرانی ئەوکات به هەموو کەندوکۆسپەکانی بەردەمیان، ڕێبەرانێکی ڕۆشنبیرو خوێندەوارو خاوەن کەسایەتی‌و ئۆتۆریتەی سیاسی بوون‌و لەگەڵ ئەمڕۆ بەراورد ناکرێن، به واتایەک زۆر له سەردەمی خۆیان لەپێشتر بوون، هەربۆیە حکوومەتی پاشایەتی ئێران به هەموو توانایەوە هەڵی لەنێو بردن‌و کپ کردنی ئەم بزووتنەوەیەی دا. دیارە ئەو شانازی‌یە گەورەیە لاپەڕەیەکی زێڕینی پڕشنگداری مێژوویی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە، حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک له ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

هەر بەرزو بەڕێز بێ یادو ناویان‌و ڕێگایان پڕ ڕێبوار بێ!



# قاسملوو لە ڕێبازی‌دا زیندووە!

**کۆمار بەهاری**

ڕۆژی **٢٢**ی پوشپەڕی **١٣٦٨** لە ئاپارمانێک لە وییەن پایتەختی وڵاتی ئوتریش، دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، عەبدوڵڵا قادری‌ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی‌و بەرپرسی کاروباری حیزب لە ئوورووپا، دوکتۆر فازڵ ڕەسووڵ کوردێکی باشووری کوردستان‌و دۆستی دوکتۆر قاسملوو بە پێی پلانێکی لەپێش‌دا داڕێژراو کەوتنە بەر پەلاماری تیرۆرستەکانی کۆماری ئیسلامی‌و بەداخەوە هەرسێکیان شەهید کران.

لە ئینسان کوژەکانی ڕێژیمی ئاخوندییش یەکیان بە بریندار کە هەر بەهۆی تەقەی خۆیان بریندار ببوو و هەروەها یەکیشیان بە ساغی کەوتنە دەستی پۆلیسی ئوتریش‌و بازداشت کران، بەڵام ئەوانی دیکە توانیان خۆیان دەرباز بکەن. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک بەسەر ئەو ڕووداوەدا سەرەڕای فشاری زۆری بیروڕای گشتی‌و هێزە ئازادی خوازەکانی ئێرانی‌و جیهان بەداخەوە سەروسەودای نهێنی‌و پێوەندی شەرماوی دەوڵەتی ئوتریش لەگەڵ ڕێژیمی ئاخوندەکان ئەو دوو کەسەش کە گیرابوون ڕادەستی کاربەدەستانی ڕێژیمی ئاخوندی کرانەوەو جگە لەوە ماوەیەک دواتر وەزیری دەرەوەی ئوتریش ناچار بوو دان بەوە دابنێ کە ئەو کارەساتە لەلایەن کەسانی سەربە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیەوە بەڕێوە چووە، ڕەسمەن هیچ هەنگاوێکی دیکە نەهاوێژراو هەتا ئێستاش ڕاستی‌یەکان هەروا بە ڕانەگەیەندراوی ماونەوە، کە لەم بارەوە دەنگی ڕەخنەو ناڕەزایەتی بیروڕای گشتی بە دژی سیاسەتی دەوڵەتی ئوتریش هەروا درێژەی هەیە. هەرچەندە کردەوە تیرۆرستی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی تەمەنی ئەو قاسملووو هاوڕێ‌یانی لە چەند بارەوە جێی سەرنج‌و لێوردبوونەوەی تایبەتی‌یە.

یەکەم: دوکتۆر قاسملوو وەک سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، لە ساتێک‌دا کەوتە بەر هێرشی ئینسان کوژانی کۆماری ئیسلامی کە بە ناوی چاوپێکەوتن‌و دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ چارەسەری ئاشتی خوازانەی مەسەلەی کوردستان چووبووە وییەن‌و لەگەڵ بەناو نوێنەرانی ڕێژیم دانیشتبوو هەتا بۆچوونەکانی حیزبی دێمۆکرات لەبارەی خودموختاری لە کوردستانەوە بە گوێی دەمڕاستەکانی ڕێژیم بگەیەنێ. بەڵام هەروەک دیترا ئەوان بە مەبەستێکی دیکەوە بۆ بەڕێوەبردنی پلانی تیرۆرستیانەی خۆیان هاتبوونە کۆبوونەوەکە. ئەو کارەساتە نیاز پاکی‌و سەداقەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بۆ چارەسەری مەسەلەی کوردستان لەلایەک‌و نادروستی‌و ناپاکی بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامیی لە لایەکی دیکەوە بە ڕوونی نیشان دا.

دووەم: ڕێژیمی ئاخوندی بەو مەبەستە گەلاڵەی شەهیدکردنی دوکتۆر قاسملووی داڕشت‌و بەڕێوەی برد کە پێی وابوو بە نەمانی ڕێبەری جووڵانەوەی شۆڕشگێڕی کوردستان‌و حیزبی دێمۆکرات بە تەواوی لێک بڵاو دەبێ. ئەو بۆچوونە میراتێکە کە لە ڕێژیمە دژی گەلی‌یەکانی پێشوو بە ڕێژیمی ئاخوندی گەیوە. گەرچی ئەو پیلانەی ڕێژیم بەڕێوەچووە، بەڵام مەبەستە دژی گەلی‌یەکانی قەت نەهاتە دی. ئەوە کە دەڵێن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە تیرۆری دوکتۆر قاسملوو نەی‌توانی جووڵانەوەی ئازادی خوازانەی گەلی کورد لەنێو باو تووشی شکستی بکات، دروشم نیە، بەڵکوو ڕاستی‌یەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەمڕۆ پاش تێپەڕبوونی **٢٤** ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا بۆ هەموو لایەک چ دۆست‌و چ دوژمن ڕوون‌و ئاشکرایە. هەر دوا بە دوای شەهید بوونی دوکتۆر قاسملوو و هاوڕێ‌یانی‌دا، هەرچەند ئەندامان‌و لایەنگران‌و پێشمەرگەکانی حیزب‌و بە گشتی هەموو خەڵکی کوردستان بۆ لەدەست دانی ئەو ڕێبەرە مەزنە تەمی خەم دایگرتن‌و شینیان گێڕا، لەدەست چوونی ئەو ڕێبەرە زانایەیان بە خەسارەتێکی گەورە زانی، بەڵام ڕق‌و قینی شۆڕشگێڕانەیان زیاتر گلپەی ئەستاندو بەهەموو هێزو توانایانەوە بەگژ داخ لەدڵان‌و خوێن ڕێژان‌دا چوونەوە.

هاوپێوەندی‌و هاودەنگی خەڵک‌و پێشمەرگەو وەشاندنی زەبری پەیتا پەیتاو جەرگ‌بڕی قوتابیانی دوکتۆر قاسملوو لە بەکرێ‌گیراوانی ڕێژیم لە ساڵەکانی ڕابردوودا ئەمساڵیش شاهیدێکی باش بۆ ئەوەی دوژمن تێ‌بگا کە بە شەهیدکردنی سەربەستی ویستان، سەربەستی نامرێ.

لە ساڵڕۆژی کۆچی ناوەختی سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، شەهید دوکتۆر قاسملووو کاک عەبدوڵڵا قادری‌ئازەردا وێڕای هەزاران سڵاو لە گیانی پاکیان‌و ڕێز دانان بۆ بیروباوەڕو هەستی گەل دۆستی‌و شۆڕشگێڕیان، یادیان دەکەینەوەو چەپکە گوڵی وەفاداری دەخەینە سەر گۆڕەکەیان، هەر لەو کاتەدا پەیمان‌و بەڵێنیان لەگەڵ دووپات دەکەینەوە کە ئاوات‌و ئامانجیان، ڕێبازو ئامانجمان بێ‌و، هەتا گەیشتن بە داوا ڕەواکانی گەلی کورد کە دوکتۆر قاسملووو کاک عەبدوڵڵاو هەزاران شەهیدی دیکە کە گیانیان بۆ فیدا کردوە، ساتێک لە خەبات‌و تێکۆشان ناوەستین.



www.lawan.com

ژمارە: ٥٧-٥٨ ساڵی کوردی(٢٧١٣)

# بوونی بکەرانو بەڕێوەبەرانی کوشتاری ساڵی ٦٧ لە کابینەی «تدبیرو امید»ی رووحانیدا








وەرگێڕان لە فارسییەوە: باوکی ژیار

مانگەکانی گەلاوێژو خەرمانان وەبیرهێنەرەوەی یەکێک لەو جینایەتە بەسامو ترسناکانەیە کە لە دەورانی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامیدا ڕووی داوە. **٢٥** ساڵ لەمەوبەر لە مانگەکانی گەلاوێژو خەرمانانی ساڵی **١٣٦٧**ی هەتاویدا ڕێژیمی ئیسلامی دەستی بۆ جینایەتێک برد کە تا ئێستاش بەڵگەو ئاسەوارەکانی شاهیدێکی زیندوون بۆ دڵڕەقیو بێبەزەییو وەحشیگەرانەی بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامی.

پڕۆسەی کوشتو کوشتاری زیندانییە سیاسییەکان لە زیندانەکانی ئێران لە ڕۆژی هەینی **٢٨**ی گەلاوێژی ساڵی **١٣٦٧**ی هەتاویدا تەنیا ڕۆژێک دوای خواردنەوەی پیاڵەی ژەهرو ئاگربەست لە شەڕی دواکەوتووی ئێرانو ئێڕاقو بەپێی فەرمانی خومەینی ڕێبەری ڕێژیمی ئیسلامی دەستی پێکرد، لەم ڕۆژەدا پێوەندی زیندانییە سەرەکییەکانی ئێران لەگەڵ دونیای دەرەوەدا بە تەواوی پچڕاو لە ماوەی دوو مانگدا جینایەتێک خوڵقا کە تاکوو ساڵانێکیش کۆمەڵگای ئێرانی خستە نێو غەمێکی مەرگاوییەوە.

بەپێی فەرمانی خومەینی، کۆمیسیۆنێکی تایبەت بە سەرپەرشتی «ئایەتوڵڵا ئەشراقی» پێکهاتوو لە نوێنەرانی خومەینی، سەرکۆمار، دادستانی گشتی، دادگاکانی بەناو شۆڕش، وەزارەتخانەکانی خانەی دادوەریو ئیتلاعاتو ئیدارەی زیندانە سەرەکییەکانی پاراستنی زیندانییە سیاسییەکانی ئەوینو گەوهەردەشتی کەرەج پێک هاتو بوونە بەرپرسی پڕۆژەی کوشتاری زیندانییە سیاسییەکان.

لەم ڕۆژانەدا دەزگای کوشتارو جینایەتی ڕێژیمی ئیسلامی هەزاران زیندانی بە بیروباوەڕگەلێکی جۆراجۆری سیاسییەوە بردە ژێر پەتی سێدارەو بەپێی هێندێک راپۆرت لە نێوان پێنج بۆ شەش هەزار کەسی شۆڕشگێڕ لەم جینایەتە ترسناکەدا پاش خۆڕاگریو بەربەرەکانی لەسەر بیرو باوەڕەکانیان گیانیان لەدەست داو چوونە ریزی کاروانی نەمرانەوە.

ڕێژیم تەنیا پاش چواری سەرماوەزی هەر ئەو ساڵە بنەماڵەی قوربانییەکانی ئاگادار کردەوەو پاش ئەو ڕێکەوتە بوو کە خەڵکی ئێران لە ڕووداوی ئەم جینایەتە دژە مرۆڤایەتییەی لە زیندانەکانی ڕێژیمی ئیسلامی ئاگادار بوونەوە.

بە دوای ئەم جینایەتەی ڕێژیمدا هەزاران کەس لە زیندانییە ئێعدام کراوەکانیان بە کۆمەڵ لە گۆڕستانی خاوەران خستە ژێر خاکەوە، بەڵام ئەم پڕۆسەیە هاوکات لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بۆوێنە لە کوردستانیش بەڕێوەچوو، بە شێوەیەک کە ئەمڕۆ لەڕاستیدا نەک تەنیا لە گوڵزاری خاوەران، بەڵکوو دەبێ قسە لە گوڵزارانی خاوەران لە سەرتاسەری ئێراندا بکرێ.

تەنانەت ئەمڕۆش بەرپرسانی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی پێشگیری لە چوونی دایکانی جەرگ سووتاو بۆ سەر گڵکۆی ئازیزەکانیان دەکەنو، لە ڕۆژانێکی وەک ئەمڕۆدا دەوران دەوری گوڵزاری خاوەران بە مەئموورەکانیان لە بەرگی مەدەنیدا دەتەنن تاکوو نەکا

دایکێکی دڵسووتاو ئەگەر بۆ ساتێکیش بێ لەسەر گڵکۆی شەهیدەکانیان ئـارام بـگـرن‌و سوکناییان بێ.

تاقمێک لە بەرپرسان‌و ڕێکخەرانی ئەم جینایەتە سامناکە هەنووکە لە کابینەی حەسەن رووحانی دان. ئەو کەسانەی لە نزیکەوە گۆڕانکاریەکانی کۆماری ئیسلامی‌یان تەعقیب کردوە گومانیان لەوەدا نیە کە **٢٥** ساڵ لەمەوبەرو لە کاتی کارەساتی کوژرانی هەزاران کەس لە زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان‌و ناشتنیان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان‌دا، حەسەن رووحانی لە نزیکان‌و راوێژکارانی رەفسەنجانی‌و شەخسی خومەینی بووە.

لـە لایـەکـی‌تـرەوە ڕێـکـخـراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی **١٣٨٤**ی‌هـەتـاوی لە راپۆرتێک‌دا لە ژێر ناوی «تاوانی مـەرگ» بڵاوی کـردەوە، ئاماژە بە رۆڵی راستەوخۆی «مستەفای پوورمحەممەدی» کە لە لایـەن حەسەن رووحـانـی وەک وەزیری خانەی دادوەری (دادگستری) دیـاری کـراوە، دەکا کە لە رووداوی ئێعدامی هەزاران کەس لە زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان‌دا دەستی هەبووە. لە هاوینی ساڵی **١٣٦٧**ی‌هەتاوی‌دا، مستەفا پوورمحەممەدی، جێگری وەزیـری ئێتلاعات‌و ئەندامی هەیئەتێک بوو کە بەوە تاوانبارە کە لێکۆڵینەوەی لە هەزاران زیندانی سیاسی‌و گوللەباران کردوە.

هەروەها عەلی رەبیعی کە لە لایەن رووحانی‌یەوە وەک وەزیری کار داندراوە، لە فەرماندە یەکەکانی ئێتلاعاتی سپای پـاسـداران لە دەیـەی **٦٠**ی هەتاوی‌دا بووەو لە بکەرانی کوشتاری زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان لە ساڵی **١٣٦٧**ی هەتاوی بە ئەژمار دێ. عەلی رەبیعی دوابـەدوای ئەوە لە سەردەمی خاتەمی‌دا بووە سکرتێری بەرپرسی ئەنجومەنی باڵای ئاسایش‌و لەگەڵ حەسەن رووحانی‌دا پێکەوە وەشوێن کاروباری ئەمنیەتی‌یەوە بوون. ناوبراو لە زانکۆی وەزارەتی ئێتلاعات بە ناوی ئیمام باقر مامۆستای شەڕی دەروونی‌و

لە هۆکارانی قەتڵە زنجیرەییەکان بووە. ئەمەیە رووخساری راستەقینەی دەوڵەتی «تدبیرو امید»ی حەسەن رووحانی.

ئەمڕۆکە بە هـەوڵ‌و هیممەتی خەباتگێڕانی سیاسی‌و رزگاربووان لە

**ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٣٨٤ی‌هەتاوی لە راپۆرتێک‌دا لە ژێر ناوی «تاوانی مەرگ» بڵاوی کردەوە، ئاماژە بە رۆڵی راستەوخۆی «مستەفای پوورمحەممەدی» کە لە لایەن حەسەن رووحانی وەک وەزیری خانەی دادوەری (دادگستری) دیاری کراوە، دەکا کە لە رووداوی ئێعدامی هەزاران کەس لە زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان‌دا دەستی هەبووە. لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧ی‌هەتاوی‌دا، مستەفا پوورمحەممەدی، جێگری وەزیری ئێتلاعات‌و ئەندامی هەیئەتێک بوو کە بەوە تاوانبارە کە لێکۆڵینەوەی لە هەزاران زیندانی سیاسی‌و گوللەباران کردوە!**

● ●

کوشتارگەکانی ئەوین، رەجایی شەهر، عادڵ ئـاوا، دیزڵ ئـاواو بەندیخانەی سنەو شوێنەکانی‌تر، رەهەندەکانی ئەم جینایەتە دژە مرۆڤانەیە روون بۆتەوە. هەموو ساڵێک لە مانگەکانی گەلاوێژو خەرمانان‌دا دەیـان بۆنەو ڕێ‌و رەسمی یـادکـردنـەوەو دەیـان کەمپەین‌و بڵاوکردنەوەی بیرەوەری‌و

بەڵگە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهان‌دا بەڕێوە دەچێ. لەوەها بارودۆخێک‌دا پەردەپۆشی ئەم جینایەتانە لە لایەن دەست‌و پێوەندی‌گەلێکی وەک حەسەن رووحانی، مستەفا پوورمحەممەدی‌و عەلی رەبیعی‌و حاشا لێ‌کردنی رۆڵێک کە لەم جینایەتانەدا بوویانە، زۆر بە جوانی ماهیەتی راستەقینەی کابینەی حـەسـەن روحـانـی ئاشکرا دەکـا.

خەڵکی ئێران هۆکارە راستەوخۆو ناڕاستەوخۆکان، بەڕێوەبەران‌و قامک لەسەردانەرانی ئەم جینایەتە نە لەبیر دەکەن‌و نە دەشیان بەخشن. بوونی ئەم جینایەتکارە کارکوشتانە لە کابینەی حەسەن رووحانی‌دا ئەوە دەردەخەن کە ئەگەر خەڵک ئەو دەرفەتەیان پێ‌بدەن، دەچنەوە سەر ئەو ڕێیەی کە خومەینی بە کوشتارەکانی دەیەی شەست‌و بە ئەوپەڕی گەیاندنی لە ساڵی ٦٧دا پێی نیشان داون.

سەرەنجام ئەو رۆژە دێ کە بەڕێوەبەرانی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی بێنە بـەردەم دادگـای عەداڵەتی خەڵکی زەجردیتووی ئێران‌و محاکمە بکرێن‌و، ئەو نهێنی‌یە سەرداپۆشراوە جینایەتە لە ژمارنەهاتووانەی کە تووشی بوون زیاتر ئاشکرا بن‌و سزای خۆیان وەرگرن.

یادی گیان بەخت کردووانی کوشتاری ساڵی ٦٧و هەموو گیان بەخت کردووانی ڕێگای ئـازادی مرۆڤایەتی بەخێر!

# کۆماری کوردستان لە مێژوودا!



ئەحمەد مەکلاوەیی

کۆماری کوردستان کە ڕۆژی **٢**ی ڕێبەندانی **١٣٢٤**ی هەتاوی بەرامبەر بە **٢٢**ی کانوونی دووەمیی **١٩٤٦**ی زایینی لە ڕێو ڕەسمێکی بێوێنەو لەنێو چەپڵەڕێزانی ئاپۆڕای خەڵکو سروودی نیشتمانیدا کە بە دەنگی کوڕو کچانی قوتابی تامەزرۆی ئازادیو سەربەخۆیی قوتابخانەکانی مەهاباد گوترانەوەو پاراستنەکەشی هێزی شۆخو جوانی پێشمەرگە وەئەستۆی خۆی گرتبوو، تەواو پیاو ماقوڵانی شارو شەخسی مستەفا بارزانیو یارانیو سەرۆک عەشیرەتەکانی مەنگوڕ، مامەش، گەورک، زەرزا، هەرکی، شکاک، جەلالیو چەندین سەرۆک عەشیرەتی پشدەری وەک جوامێرئاغای تەنگژەو برایمئاغای برای لەوێ بوون، لە لایەن قازی محەممەد ڕاگەیاندرا، لە بواری حوکمڕانیدا، چ لە ئاستی کوردستانو، چ لە ئاستی ناوچەکەو چ لە ئاست ڕوانگەی وڵاتانی بیانی، بە یەکەم ئەزموونی دیارو بەرچاوی نەتەوەی کورد هاتۆتە ئەژمار.

لەو ڕۆژو کاتو ساتەدا کە کۆماری کوردستان لە لایەن قازی محەممەد ڕاگەیەندرا، قازی محەممەد زۆر بە جوانی باس لە زەرووریەتی یەکڕیزی نەتەوەی کوردو خۆراگریەکەی دەکات کە ئێستاشی لە گەڵدا بێ ئەو بیری نەتەوەیی ئەو کات لە هەموو کاتێک پەتوتر دەبێ کە نموونەکەشی ئەوەیە کە ئەو ڕۆژە قازی محەممەد لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا دەڵێ: «ئێمە هێزێکی میللیمان (نەتەوەییمان) تەشکیل داوە»، کە ئەگەر بە وردی لێکی بدەینەوە ئەم چەند وشەیەی ئەو نەمرە لە بارەی مەسەلەی نەتەوەییدا دەتوانرێ دەیان کتێبی لەسەر بنوسرێ.

ئەوە ڕۆژە کە کۆماری کوردستان پێک هات، لە شادیو خۆشی ئەو حکوومەتە، منداڵانی سەر لانکەی کوردستان بە گشتیی لەنێو بێشکەدا خەونی ئازادی کوردستانیان بینیو، لە خۆشیان دایان لە قاقای پێکەنینو، بە زەردەی سەر لێو و، ڕەنگی گەشو جوانیان، کە وەک نوور لە نێوچاوانیان دەباری، بەفرو بەستەڵەکی چوارچرایان شەق کردو، پڕ بە شار خۆشیان باراندو، دڵی خەڵکیان وەک گوڵ گەش کردو، بە تێکڕایی مانگی ڕێبەندانیان کردە مانگی بەهارو گوڵانو، وەک مامۆستا هێمن وتەنی: «سەد بەهار، نۆکەری ئەو زستانە بوو».

کۆماری کوردستان، هەر ئەو ڕۆژەی ڕاگەیەندرا، دەریخست کە ئیمانی بە دێمۆکراسیو یەکسانی ژنو پیاو هەیە کە دوو خوشک بە ناوەکانی ویلمەی سەیادیان، کە بەڕێوەبەری قوتابخانەی «پەروانەی کچان»ی شاری مەهاباد بوو، لەگەڵ خەدیجەی حەیدەری کە راوێژکاری هەر ئەو قوتابخانەیە بوو، یەکی وتارێکیان خوێندەوە کە لەوێدا ئامۆژگاری ژنانیان کرد کە بۆ پاراستنی کۆمارو کوردستان بنە هاوکاری براکانیانو دەست بە تێکۆشان بکەن کە لەوێدا گوتیان: ئەمڕۆ، دونیا موحتاجی کچو کوڕە کە بە خوشکو برایەتی دەست بدەنە دەستی یەک بۆ ڕزگار کردنی دایکی نیشتمان.

ئەوەی زۆر جێگەی تەقدیرە ئەوەیە کە حکوومەتی کوردستان دروست بوو، کومیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی میللی کە پێکهاتبوو لە چواردە وەزارەتخانە ڕاگەیاند.

کۆماری کوردستان کە سنوورەکانی تا مەهاباد، شنۆ، میاندواو، سەردەشت، بانە، سەقز، نەغەدە، بۆکان، ورمی، شاپوور، خۆیو، ماکۆ بوو، وەک باسی لێکراوە هێزەکانی بە گشتی بەهێزی پێشمەرگەو خەڵکی چەکدارەوە، گەیشتۆتە **٤٥٠٠٠** کەس، بەڵام لە شوێنی واشدا هەیە کە گوتراوە هێزی پێشمەرگەی **١٢٧٥٠** کەس بووەو، لە شوێنێکیتریشدا گوتراوە کە **١١١٠٠** کەس بووە.

کۆماری کوردستان هەرچەند تەمەنی زۆر کەم بووە، بەڵام توانیویەتی کۆمەڵێک دەستکەوتی زۆر گەورەو باشو گرینگو بێوێنەی لە مێژووی خەباتی ڕزگای‌خوازی نەتەوەی کورددا لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، سەربازی، ڕووناکبیریو کۆمەڵایەتیدا بێنێتە دی.

کاریگەریی کۆماری کوردستان ئەوە بووە کە ڕێگەی بە کەمایەتییە ئاسۆریو ئەرمەنیو جوولەکەکانیش داوە کە لە کوردستاندا قوتابخانەی تایبەت بە خۆیان هەبێ.
جگە لەوانەش، وتارەکانی کە لە مزگەوتەکاندا دەخوێندرانەوە، بە پێی بڕیاری حکوومەتی کوردستان بە زمانی کوردی دەخوێندرێنەوە کە لەگەڵ ئەوەشدا کتێبخانەی گشتی کرابوونەوە تا خەڵک بەرەو ڕۆشنبیری بڕۆن.
لە بارەی ڕێکخراوو گرووپو پیشەدا گەلێک ڕێکخراوی جۆراوجۆر دروست ببوون، وەک ڕێکخراوەکانی یەکیەتیی جەوانانی دێمۆکراتی کوردستان کە یەکێک لە چالاکییەکانی ئەوەبوو کە توانی ڕۆژنامەی هاواری نیشتمان بڵاو بکاتەوە کە سەر نووسەرەکەی سەدیق ئەنجیری ئازەر بوو و تەنیا ٥ ژمارەی لێ بڵاو بۆوە.
هەرلەو کاتەدا بە هەوڵو هیمەتی قازی محەممەدو مینا خانمی هاوسەریو کۆمەڵیک ژنی چالاک یەکەم ڕێکخراوی ژنی کورد بە ناوی یەکیەتیی ژنان دامەزرا.
جگە لە وانەش لەو کاتەدا توانرا رادیۆ دەنگی کوردستان دابمەزرێ بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵک لە بارودۆخی کۆماری کوردستانو هەواڵە جیهانیەکان بە ئاگا بن. هەروەها جگە لە هێنانی سینەماو بایەخدان بە بواری ڕۆژنامەوانی، چەندین بڵاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤارو کتیب بڵاو کرانەوە کە خزمەتێکی گەورەیان بە بەرەوپێش چوونی باری فەرهەنگی نەتەوەکەمان کردو لەنێو کۆمەڵگا بینایەکانیش لە زۆر بوارەوە کاریگەری خۆی داناو هەر یەکەیان لە شوێنی خۆیاندا تایبەتمەندیو خەسڵەتێکی زیاترو دەوڵەمەندتریان بە کۆمەڵگای کوردەواری بەخشی کە چەندەیان بریتی بوون لە هاواری نیشتمان، کۆڤاری ئاوات، هەڵاڵە، ڕۆژنامەی کوردستان کە لەگەڵ ئەوانەشدا بۆ خزمەت کردن بە منداڵانی کورد، گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد بڵاو کرایەوە.
هەر لەو کاتەدا بۆ یەکەم جار ڕۆژمێری باخەڵی ڕەسمی کۆماری کوردستان چاپو بڵاو کرایەوە کە هەواڵی بڵاو کردنەوەکەی وەک مزگێنییەک پێش دەرچوونی لە لایەن هەندێک ڕۆژنامەی کوردستانەوە بڵاو کرایەوە،
لە بواری کشتوکاڵیو بازرگانییەوە کۆماری کوردستان بایەخێکی گەورەی بەم لایەنانەدا کە بە رادەیەکی زۆر باش چوونە پێشو خزمەتێکی باشی بەباش کردنی باری گوزەرانی گۆمەڵکای کوردەواری کرد.
لەبواری یاساییەوە وەک بنەمایەکی شارستانی، حکوومەتی کوردستان سەرچاوە یاساکانی هەمە جۆرو فرە لایەن بوونو، وەک کورد وتەنی: «کەڵ بە موو بەند بوو».
سەرەڕای ئەو هەموو کۆسپانەی کە لە دەرباری شاو دەرەوەی وڵات لە لایەن ناحەزو دوژمنانی کوردەوە بۆی دروست دەکران، کۆماری کوردستان بە تەواوی هەوڵی بەجیهان بوونی خۆی داو بە دروستی دەستی دۆستایەتی بۆ دراوسێو جیرانو دونیای دەرەوە درێژ کردو، زۆر ژیرانە هەنگاوی نا، بەڵام دوژمنەکانی ئەوەندە زۆر بوون کە بەداخەوە زوو جوانە مەرگیان کردو نەیانهێشت نەتەوەکەمان زیاتر لە بەرسێبەریدا بحەسێتەوە.
سەرچاوەکان:
بەڵگەو نووسراوەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان



Teachers and staff of the education office of Mahabad, 1946 Unknown/Courtesy Rafiq Studio



# تیفۆئید، تای تیفۆئید چیه؟





ئا: سروست مووساپوور

تای تایفۆئید بریتی‌یه له هه‌وكردنێكی توند كه هه‌ڕه‌شه له ژیانی مرۆڤ ده‌كاو هۆكاره‌كه‌شی به‌كتریای «سالمۆنێللا تایفی‌یه». ئه‌م هه‌وكردنانه زۆر ڕووده‌ده‌ن، بۆ وێنه له ویلایه‌ته یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكادا ساڵانه چوارسه‌د حاڵه‌ت ڕووده‌دا، حه‌فتا له‌سه‌دی به‌هۆی گه‌شت كردنه بۆ وڵاتانی دیكه. ئه‌م هه‌وكردنانه له وڵاته دواكه‌وتووه‌كان‌دا زۆر زیاتره.

دو جۆر تووش بوون هه‌ن به سالمۆنێللا: هه‌ڵگری سالمۆنێللاو كه‌سی تووش‌بوو پێی. سالمۆنێللا تایفی ته‌نیا له‌نێو مـرۆڤدا ده‌توانێ بژی، له كاتێكدا كه‌سانی تووش‌بوو به سالمۆنێللای تایفی ئه‌م به‌كتریایه هه‌ڵده‌گرن له‌نێو ڕیخۆڵه‌و خوێن‌دا، سـه‌ره‌ڕای ئه‌وه به‌شێك له‌و كه‌سانه ناوده‌برێن به «هه‌ڵگری سالمۆنێللا» چاك ده‌بنه‌وه، به‌ڵام به‌رده‌وام ده‌بن له هه‌ڵگرتنی به‌كتریایه‌كه. هه‌ر دوو جۆره‌كه واته كه‌سانی تووش‌بوو و هه‌ڵگره‌كان، به‌كتریایه‌كه بڵاو ده‌كـه‌نـه‌وه به‌هۆی پیساییه‌كانه‌وه.

له‌وانه‌یه تووشی سالمۆنێللا ببیت به‌هۆی خواردنی خوارده‌مه‌نی یان شله‌مه‌نیه‌ك كه ئاماده كرا بێ له لایه‌ن كه‌سێكی هه‌ڵگری سالمۆنێللاوه، شله‌مه‌نی یان خواردنێك پیس ببێت به ئاوی زێراب. سالمۆنێللا له‌و شوێنانه‌ش زۆره كه ده‌ست شۆری تێدا كه‌مه‌و ڕێژه‌ی پیس بوونی ئاوی تێدا زۆره.

تایفۆید ڕوو ده‌دا لـه زۆربـه‌ی ناوچه‌كانی جیهان بێجگه له ناوچه پیشه‌سازی‌یه گه‌وره‌كانی وه‌ك ویلایه‌ته یه‌كگرتووه‌كان‌و كه‌نه‌داو ئورووپای ڕۆژهه‌ڵاتی یابان. له كاتی سه‌فه‌رو گه‌شت كردن بۆ وڵاته دواكه‌وتووه‌كان ده‌بێ زۆر ئاگاداری خۆت بی بۆ پێشگیری له تـووش بـوون بـه‌م نه‌خۆشی‌یه.

دوو ڕێـگـای سـه‌ره‌كـی هـه‌ن بـۆ خـۆ پـاراسـتـن لـه تایفۆید:

یه‌كه‌م: نه‌خواردنی ئه‌و خـواردن‌و شله‌مه‌نیه‌ی گومانت لێی هه‌بوو، دووهه‌م وه‌رگرتنی ڤاكسێنی دژه تایفۆید. كه‌واته ئه‌گه‌ر ویستت ئاو بخۆیته‌وه له‌و شوێنانه‌ی تایفۆئیدی تێدا بڵاوبۆته‌وه، پێویسته ئه‌م ئاوانه كانزایی‌و سه‌رداخراو بن. دوور كه‌وه‌ره‌وه له خواردنی به‌فرو سارده‌مه‌نی. خواردنه‌كه‌ت باش بكوڵێنه‌و بیخۆ. سه‌وزه‌و میوه‌كان پاش جوان شۆردنیان مه‌سره‌ف بكه‌ن. گۆشت مه‌خۆن له دووكانه بچووكه‌كان كه له‌سه‌ر شه‌قامن.

دووهـه‌م: ڤاكسێنی دژه تایفۆئید وه‌ربگره به‌رله‌وه‌ی بۆ ئه‌و شوێنانه‌ی تایفۆئیدیان تێدا زۆرو بڵاوه، ئه‌مه‌ش حه‌وتوویه‌ك به‌رله سه‌فه‌ره‌كه‌ت به‌كار بێنه. ئه‌م ڤاكسێنه بۆ ماوه‌یه‌كی كورت كـار ده‌كـا له دوو بۆ شـه‌ش ساڵ.

پێویسته گرینگی ده‌ست شۆردنمان له‌بیر نه‌چێ له دوای ئاوده‌ستو پێش نان خواردن یان ئاماده كردنی خواردن.

نیشانه‌كانی تیفۆئید بریتین له:

بـه‌رزبـوونـه‌وه‌ی بـه‌رده‌وامـی پله‌ی گه‌رمی ٣٩ تا ٤٠ پله‌ی سـه‌دی، ماندووبوون، ئازاری نێو سك، سه‌رێشه، كه‌م ئیشتیایی، سووربوونه‌وه‌ی پێست.

له كاتی تـووش بـوون به تیفۆئید پێویسته یه‌كسه‌ر سه‌ردانی پزیشك بكه‌ن. ده‌ست كردن به چاره‌سه‌ری له ڕێگه‌ی ده‌رمانه دژه چڵكی‌یه‌كانه‌وه. له كاتی نه‌بوونی چاره‌سه‌ری گونجاو ٢٠ له‌سه‌دی حاڵه‌ته‌كان به‌هۆی ئه‌و ئاڵۆزیانه‌ی كه تووشی نه‌خۆشه‌كه ده‌بن، ده‌مـرن. له‌وانه‌یه كه‌سی تووش‌بوو ببێته هه‌ڵگری ئه‌م به‌كتریایه ئه‌گه‌ر نیشانه‌كانیش نه‌مێنن‌و ئه‌م به‌كتریایه بگوازێته‌وه بۆ كه‌سانی‌تر. هه‌ربۆیه پێویسته له‌سه‌ر كه‌سانی كارمه‌ند له ئاماده كردن‌و دروست كردنی خۆراك یان ئه‌وانه‌ی له دایه‌نگه‌كان‌دا كار ده‌كه‌ن پشكنینی به‌رده‌وامی پیسایی بكه‌ن بۆ ناسینه‌وه‌ی هه‌ڵگری به‌كتریایه‌كه.

سه‌رچاوه: كتێبی پزیشكی خێزان



# پەیامی فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران بۆ حەوتەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران

ڕۆژی هەینی کاتژمێر ٥ی پاش نیوەڕۆ وەفدێک پێکهاتوو لە بەڕێزان سەید جەلال ساڵحی سکرتێری فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران، فوئاد جەعفەری بەرپرسی پێوەندییەکانی فیدڕاسیۆن، لەگەڵ هاوڕێیەتی شادی ئەحمەدپوورو سیامەند شێخەپوور ئەندامانی بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کردنەوەی کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێراندا بەشداربوونو پەیامی فیدڕاسیۆن لە لایەن بەڕێز سەید جەلال ساڵحییەوە خوێندرایەوە.

هاوڕێیانو تێکۆشەرانی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران!
خوشکو برایانی بەشداربوو!

لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەریو ئەندامانی فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێرانەوە گەرمترین پیرۆزبایی بەستنی حەوتەمین کۆنگرەی ڕێکخراوە بەئەزموونو تێکۆشەرەکەتان لێدەکەینو، هیوادارین کۆنگرەیەکی پڕ دەستکەوتو سەرکەوتووتان هەبێ.

باوەڕ بە گرینگایەتی ڕۆڵی لاوان لە بزووتنەوە جەماوەرییەکانی جیهان بە گشتیو ناوچەو کوردستان بە تایبەتی پتر لە هەموو کات بەرچاوو دیارە. هەربۆیە وەک یەکێک لە سیاسەتە بنەڕەتییەکانی فیدڕاسیۆنەکەمان جارێکی دیکە پشتیوانی خۆمان لە هاوخەباتیو هاوکاری لەگەڵ ئێوەو هەموو ڕێکخراوە ئەندامەکانی ئەو فیدڕاسیۆنە دووپات دەکەینەوە.

هاوڕێیان!

لە کاتێکدا کۆنگرەی حەوتەمتان دەبەستن کە شۆڕشێکی جەماوەری ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین کردوەو گەنجانی ئەمڕۆ چی دیکە زوڵمو زۆری دیکتاتۆڕان قەبووڵ ناکەن، هەروەها ئەگەر چاوێکیش بە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندەکان بخشێنینەوە جیا لە کوشتو کوشتارو ئێعدامو ئەنفالی سپی بۆ لاوانی وڵاتەکەمان بە گشتیو لاوانی کوردستان بە تایبەتی چی دیکەی پێ نەبووە. کەواتە کۆنگرە وەک بەرزترین ئۆرگانی هەر ڕێکخراوێک جیا لەوەی دەرفەتێکە بۆ ئاوڕدانەوەو پێداچوونەوە بە کارو تێکۆشانی رابردووو دەست نیشان کردنی خاڵە بە هێزو لاوازەکانی، شوێنی داڕشتنەوەی ستراتیژو بەرنامەی نوێی کاریشە بۆ داهاتوو. هەر لەم سۆنگەیەوە ئاوڕدانەوەیەکیش بەو لێک دابڕانانەی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان لەم کاتە هەستیارەی ناوچەو ئێران کە یازدەهەمین خولی سەرکۆماری بەڕێ کردو حەسەن ڕووحانی بە هێندێک دروشمی قەبەوە بۆتە سەرکۆماری پاش ئەحمەدینژاد، بکەنو زیاتر پێ لەسەر یەکگرتووییو هاوکاریو هاوخەباتی حیزبەکان لەم ساتو وەختە هەستیارەدا بگرنەوەو وەک توێژی لاوان زیاتر هەنگاو بۆ یەکریزی هەڵێنینەوە، چونکە ئێستا لە هەموو کات زیاتر یەکگرتوویيو یەکریزی بۆ ماڵی کورد پێویستترە.

جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێدەکەینو ئاواتمان سەرکەوتنی هەرچی زیاتری کۆنگرەکەتانە.

دەستەی بەڕێوەبەری فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران
٤ی گەلاوێژی ٢٧١٣ی کوردی
٢٦ی ژولای ٢٠١٣ی زایینی

# پەیامی پشتیوانی فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران بۆ نیشتمانە ئاڵۆزو ماتەمبارەکەی رۆژهەلات




ڕۆژی ١٢ی خەزەڵوەری ٢٧١٣یکوردی بۆ پشتیوانی لە مانگرتنی گشتی لە ئێران بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە خاتری شەپۆلی نوێی لەسێدارەدانی چالاکانی سیاسی ئێران بە گشتیو چالاکە سیاسیە کوردەکان بە تایبەتی، هەموو ڕێکخراوەکانی ئەندام لە فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران، فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کۆیەو ڕێکخراوەکانی ژنانو یەکیەتیی خوێندکارانی «حدک» و «حدکا» و ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانیە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆیە ڕێپێوانێکی هێمنانەیان لەبەردەم قایمقامڕا تا پارکی قورەبەراز بەڕێوەبرد. شایانی باسە کە پەیامی پشتیوانی فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران لە لایەن بەڕێز سەید جەلال ساڵحی سکرتێری گشتیی ئەو فیدڕاسیۆنەوە خوێندرایەوە.

کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤ دۆستەکان!
ڕۆژنامەنووسو چالاکوانانی مەدەنی!
مێژووی **٣٤** ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئێران جیا لە کوشتو کوشتارو ئێعدامی بە کۆمەڵ چی دیکەی بۆ گەلانی ئێرانو بەتایبەتی گەلی کورد پێنەبووە، هەر لەو پێناوەدا دەتوانین ئاماژە بە سنەی خوێناوی، شەڕی قارنێو قەلاتان، ئێعدامی بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی ساڵی **٦٧**ی هەتاویو جینایەتەکانی خاڵخاڵیو تەنانەت قەتلە زنجیرەییەکانی زەمانی دەسەڵاتی خاتەمی کە دروشمێکی قەبەی بەناوی وتووێژی شارستانیەتەکان هەڵگرتبوو، بکەین. هەنووکەش کە دەبینین شەپۆلێکی نوێی لە ئێعدامەکان دەست پێکردوە لەکاتێکدا دروشمو بەڵێنەکانی سەرکۆماری نوێ لە بارەی گرتنەبەری سیاسەتێکی نەرم چ پاشو پێش هەڵبژاردن و، بەتایبەت ڕوو بە دنیای دەرەوە گوتارو هەڵوێستەکانی نەرم کردوەتەوە، لەحاڵێکدا لە ناوەوەو لە پێوەندی لەگەڵ کەمایەتییە نەتەوەکان، هەروا لەسەر سیاسەتی توندوتیژو سەرکوتکەرانەی پێشوو هەنگاو دەنێ.
شەپۆلی نوێی ئەو ئێعدامانە لە کاتێک دایە کە ئەحمەد شەهید، ڕاپۆرتنێری نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر لەمێژ نییە نوێترین ڕاپۆرتی خۆی لەسەر پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێران بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ کەمایەتییە نەتەوەییو ئایینییەکان بڵاو کردوەتەوەو سەلماندوویە کە دۆخی ئەوڕۆی ئێران لەچاو پێشوو لە دۆخیکی دڵتەزێنو ئاڵۆزتر دایە.
ئاغای حەسەن ڕووحانی لە جیاتی ئەوەی کە ئەو دروشمو بەڵێنانەی بە نەتەوەو پەیڕەوانی ئایینە جیاوازەکانی داوە، جێبەجێ بکاو هەروەها لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکانی خۆیانو تەنانەت وڵاتیشدا بەشدارییان پێبکاو، ئەو هەڵاواردنە نەتەوەیی، زمانیو ئایینییانە ئەگەر لەناویشیان نەبا، کەم بکاتەوە، گەچی بەداخەوە ئێستا **٣** مانگ لە سەرکۆمارییەکەی تێنەپەڕیوە کە زیاتر لە **١٧٠** کەس ئێعدام کراونو تەنانەت نیگەرانی ئێعدام کردنی ژمارەیەکی دیکە لە بەندییە سیاسییەکانی کوردو بەلووچو... هتدیش، هەیە.

لاوانی وشیارو خۆڕاگری نیشتمان!
دەسەڵاتە سەرەڕۆو پاوانخوازەکان بۆ مانەوەی خۆیان دژی هەر جۆرە ئازادیو بیرکردنەوەیەکن کە کۆمەڵگا بە دوای خۆیدا بێنێ. هەربۆیە چالاکانی مەدەنیو سیاسیی کە ئامانجیان وەدییهێنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست بۆ ژیانێکی بەختەوەرو دوور لە چەوساندنەوەو پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤە، دوژمنی سەرەکی ئەم جۆرە دەسەڵاتانەیە. هەربۆیە یەکێک لەو شێوازانەی کە دەسەڵاتی پاوانخواز دەی گرێتەبەر، لە سێدارەدانی چالاکانو بژاردەکانی کۆمەڵگایەو لەم ڕێگایەوە بەر بەهەر چەشنە دەنگێکی ناڕەزایەتی دەگرێ. کۆماری ئیسلامی ئێران وەک یەکێک لەو دەسەڵاتە پاوانخوازانە، هەمیشە بە جێبەجێ کردنی سزای لە سێدارەدان بەری بە دەنگی نارازییانی کۆمەڵانی خەڵک گرتووەو ویستوویەتی مافی ژیان کە بنەڕەتیترین مافی هەر تاکێکەو دەسەڵاتەکان بۆیان نییە ئەم مافە لە تاکەکان زەوت بکەن، لە ڕێگای هەڕەشەو ترسو تۆقاندنو ئێعدامەوە ئەو مافەمان لێ زەوت بکا، بەڵام کۆماری ئیسلامی با ئەوە باش بزانێ کە دایکی نیشتمان ڕۆڵەکانی وا لە باوەشدا گۆش نەکردوە کە زیندانو پەتو سێدارە چاو ترسێنیان بکاو لە خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافو ئازادییەکانیان دڵسارد بکاتەوە.

دایکانی ڕەش پۆش‌و ماتەمبار!

ئێمە وەک فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات وێڕای مەحکووم کردنی سیاسەتی سەرکوت‌و ئێعدامی لاوان‌و ئازادی‌خوازانی کورد کە بەداخەوە وڵاتە زل هێزەکان لەبەر خاتری بەرژەوەندی کاتی خۆیان چاو لەو هەموو جینایەتە سامناکە مرۆڤانەیە دەنووقێنن‌و چاویلکەی ڕەشیان کردۆتە چاو، ڕادەگەیەنین‌و دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگتان‌و دەڵێین ئەگەرچی لە سێدارەدانی ڕۆڵەکانی کورد خەسارێکە بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو شێوە هەڵس‌وکەوتانە بەرانبەر بە لاوانی ئازادی‌خواز هیچ دڵساردی‌یەک دروست ناکا، بەڵکوو دەنگی خەباتی ئازادی‌خوازانەیان گەرم‌و گوڕتر لە جاران دەکا. هەروەها داوا لە کۆڕو کۆمەڵە بەشەر دۆستە نێونەتەوەیی‌یەکانیش دەکەین چی دیکە لە بەرامبەر ئەو جینایەتانەی کۆماری ئیسلامی‌دا چاو نەنووقێنن تا لەوە زیاتر خەڵکی ئێران بە گشتی‌و گەلی کورد بەتایبەتی نەباتە بن پەتی سێدارەو دایکانی نیشتمان ئەسرین بۆ ڕۆڵەکانیان نەڕێژن کە تەنانەت تەرمی بێ‌گیانی ڕۆڵەکانیشیان نادەنەوە تا لانی کەم بە دەستی خۆیان بە خاکی نیشتمانیان بسپێرن‌و ناوە ناوە بۆ تەسکینی دڵی زامداریان بچنە سەر گڵکۆکانیان. هەروەها بەڵێن لەگەڵ شەهیدانی گەل‌و نیشتمانیش دووپات دەکەینەوەو پێتان دەڵێین بە ئاسوودەیی سەر وەنێن، چونکە خوشک‌و براکانتان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان لە خۆپیشاندانەکانی ئەو ماوەیەدا ئەوەیان سەلماندەوە کە سنووره دەستکردەکان نەیان توانی هزری نەتەوەییمان دابەش بکەن‌و بۆ بەرگری کردن لە هەر تاکێکی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان هەر هەموو پێکەوەین‌و هەر پێکەوەش دەمێنینەوە.

نا بۆ سێدارە، بەڵێ بۆ ژیان
مەرگو نەمان بۆ دیکتاتۆڕو
پاوان‌خوازان

فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی
کوردستانی ئێران
١٢ی خەزەڵوەری ٢٧١٣ی‌کوردی
٣ی نۆڤامبری ٢٠١٣ی‌زایینی

فیدراسیونی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران

## ڕاگەیاندراوی فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران

## بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی لاوانەوە!

١٢ی ئاگۆست ڕۆژی جیهانی لاوان لە لاوانی کوردستان بە گشتی‌و لاوانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی پیرۆزبایی دەکەین.

لەم بۆنەیەدا سەری ڕێزو وەفاداری بۆ هەموو لاوانی خەباتگێڕو تێکۆشەری کوردستان‌و لاوانی گیان بەخت‌کردووی ڕێگای ئازادی‌و بەرابەری دادەنوێنین.

هەروەک ئاگادارن ساڵی **١٩٩٩** لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ڕۆژی **١٢**ی ئاگوست بە ناوی ڕۆژی جیهانی لاوانەوە ناوزەد کراوە تا ڕێز بگیردرێ لەو هەموو تێکۆشانە کە لاوان لە پێناو ئازادی‌و بەرابەری‌و پێشکەوتن‌دا بوویانە، بە تایبەت ڕۆڵی گرینگی ئەو لاوانەی کە لە بزووتنەوە ڕزگاری‌خوازو دێمۆکڕاتی‌یەکان‌دا بوویانە.

بەم بۆنە جیهانی‌یەوە پێویستە پێداگری‌و کار لەسەر پەیوەندی‌و هاوئاهەنگی لەگەڵ لاوانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان‌دا بکرێ، هەروەها دەبێ یادێک لە ڕۆڵی گرینگ‌و بەرچاوی لاوانی کوردستان لە خەباتی چەکداری‌و سیاسی‌و مەدەنی لەنێو شارەکانی کوردستان‌و لە سەردەمی شاخ‌دا بکرێ‌و پێداگری لەسەر هەرچی زیاتر لێک نزیک بوونەوەو بایەخدان بە یەک‌ڕیزی‌و یەکگرتوویی زیاتری لاوان‌و ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات‌و کوردستان بکرێ بۆ یەک دەنگی‌و کاری هاوبەش.

پیرۆز بێ ڕۆژی جیهانی لاوان!
یەکگرتوو بێ خەباتی لاوانی کورد لە چوار پارچەی کوردستان!

فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران
١٢ی ئاگۆستی ٢٠١٣ی‌زایینی
٢١ی گەلاوێژی ٢٧١٣ی کوردی

# بەیاننامەی هاوبەشی لاوانو خوێندکاران بۆ مەحکووم کردنی ئێعدامی لاوانی کورد لە ئێران

**هاونیشتمانانی خۆشەویست!**

ماشێنی ئێعدامی رێژیمی ئێران بۆ جارێکی دیکە کەوتەوە گیانی لاوانی کوردو لەم بەینەدا دەوڵەتی ئێعتدالی حەسەن رۆحانیش بە بێدەنگی خۆی، چرای سەوزی بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئێعدامانە هەڵکرد. میللەتی کورد نزیک بە **٣٥** ساڵە لەوپەڕی خۆڕاگریدا بەرەنگاری ئەم رێژیمە دژە گەلیە بۆتەوەو گەلێ رۆڵەی قارەمانی لەم رێگەیەدا فیدا کردوە. حەبیبوڵڵا گوڵپەریپوورورەزا ئیسماعیلی نموونەی تازەی ئەم شەهیدانەن. هەر وەک ئاگادارن هەنووکە ناوی کۆمەڵێک لاوی دیکەی کورد لە لیستی ئیعدامیاندانو ئەگەری جێبەجێ بوونی حوکمەکەیان هەیە، بۆیە بە مەبەستی مەحکووم کردنی ئەم کردەوانەی رێژیم، چالاکانی ناوخۆی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران رۆژی یەکشەممە **٢٠١٣/١١/٣** وەک رۆژی مانگرتنی گشتی دیاری کردوە. وێڕای رێزگرتن لەم بڕیارە هاوکات پێمان وایە لەم هەلومەرجەدا کاری نەمادین بۆ مەحکووم کردنی رێژیم پێویستەو لە لایەکی دیکەشەوە دەبێ هەوڵمان ئەوە بێ ببینە دەنگی گیراوانی سیاسیو بنەماڵەی ئێعدام کراوەکان.

کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤ دۆستەکان!

رێژیمی ئێران بە وەژێر پێنانی کۆنوانسیۆنەکانی مافی مرۆڤ نزیک بە **٣٥** ساڵە گیانی لاوانی ئەم وڵاتە دەستێنیو لە رێگای زیندانی کردنی نایاساییو وەرگرتنی دانپێدانانی زۆرە ملو دانی حوکمی ناعادڵانەی ئێعدام لە دادگاکانیدا پلەی دووهەمی ئێعدامی لە جیهاندا هەیە. بۆیە ئەرکی رێکخراوە مرۆڤ دۆستەکانە کە ئەم جینایەتانەی رێژیمی ئێران بەرامبەر بە خەڵکەکەی مەحکووم بکەنو نەهێڵن چیدی کەیسی مافی مرۆڤ لە ئێران بچێتە پەراوێزی کەیسی ئەتۆمیو هەروەها ئیزن نەدەن چیدی پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران بە ساتو سەودای سیاسی قوربانی بکرێت.

**یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی رۆژهەڵاتی کوردستان**

**یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد**

# پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ٢ رێبەندان، ٦٨مین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان

ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!
خەڵکی ئازادیخوازو نیشتمانپەروەری کوردستان!

رۆژی **٢**ی رێبەندان، یەکێک لە رۆژە هەرەگرینگو مێژووییەکانی نەتەوەکەمانە. **٢**ی رێبەندان ئەو رۆژەیە کە نەتەوەی کورد بە رێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەدی نەمر، لە ساڵی **١٣٢٤**ی هەتاویدا کۆماری کوردستانی لە شاری مەهاباد راگەیاند. کۆماری کوردستان لە ماوەی **١١** مانگدا، زۆر بریاری گرنگی دانو گەلێک هەنگاوی مەزنی هەڵگرتن، هەر لەو ماوە کەمەدا گەلی کورد توانی زۆر دەسکەوت بەدەست بێنێو هەلومەرجێکی نوێ بۆ ژیانی سیاسیو کولتووریی خۆی پێک بێنێ. یەکێک لە دەسکەوتەکانی کۆمار، دامەزرانی دوو رێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو یەکیەتیی لاوان بوو. لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە هەلومەرجێکی زۆر ئاستەمدا بە هیممەتی پێشەوای مەزن یەکیەتیی ژنان دامەزرا کە کۆمەڵگای ئێران بەگشتیو کوردستان بە تایبەتی لەڕووی خوێندەواریەوە زۆر لەدوایە بوون. کلتووری زاڵ بەسەر کۆمەڵگاکەماندا بە جۆرێک بوو کە بەداخەوە ژنان لە هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگا زیاتر دەچەوسانەوە. ژنان لەوەها بارودۆخێکدا بوو کە بۆ یەکەم جار توانیان داخوازەکانی خۆیان لە چوارچێوەی کاری رێکخراوەییدا بێننە گۆڕێ. ئەمەش دەسکەوتێکی گرینگ بۆ ژنان لە کوردستانی ئێراندا بوو. چالاکیی ژنان لە کاری سیاسیو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی لەو سەردەمەدا دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتوویی فکریی رێبەرانی کۆمار، بە تایبەت شەخسی پێشەوا قازی محەممەد. ئەگەر بزانین لە سەردەمێکدا کە خەڵکی کوردستان لێکدانەوەیەکی وای نەبوو بەرامبەر بە دۆزی ژنو کێشەو گرفتەکانیانو لە بوارەکانی ژیاندا وەک ئامراز چاویان لێدەکرا، ئەو کاتە گرینگی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانمان زیاتر بۆ روون دەبێتەوە.

لە سەروبەندی قۆناغی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا بوو کە بۆ یەکەم جار رێکخراوی تایبەت بە لاوان دامەزرا. لە کۆمەڵگای ئەو وەختەدا کە تەمەن زیاتر لە هەر تایبەتمەندییەکی دیکەی مرۆڤ پلەو پایەی کۆمەڵایەتی دیاری دەکردو حیسابێکی ئەوتۆ بۆ فکرو داهێنانی لاو نەدەکرد. دامەزرانی یەکیەتیی لاوان خاڵێکی گرینگی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی بوو. لەوە بەدوا لاو دەیتوانی هەست بە کەسایەتیی خۆیو تواناکانی خۆی بکا. بۆیە کۆماری کوردستان هەر تەنیا دەسکەوتێکی سیاسی نیە، بەڵکوو دەسکەوتێکی کۆمەڵایەتیو مەدەنییشە. جێی خۆیەتی هەمووومان لەو رۆژەدا سەری رێز بۆ پێشەوای نەمر دانەوێنین کە یەکەم هەنگاوی نا بۆ دامەزراندنی رێکخراوی تایبەت بە ژنانو لاوان لە پێناو هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی جیاوازی

www.lawan.com

ژمارە: ٨٥-٨٦ ٢٧١٣ی کوردی (١٣٩٢)

نێوان پیاو و ژن لە کوردستاندا هەڵێنا. ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ مەدەنییەت کردنی کۆمەڵگای کوردی.

بەڕێزان!

ئەگەرچی ئەم کۆمارە خودموختارە تەمەنی کورت بوو و ١١ مانگ پاش دامەزرانی بە لەشکرکێشی ڕێژیمی شای ئێران لەنێوچوو، بەڵام کۆماری کوردستان لە مێژووی نەتەوەی کورددا لاپەڕێکی گەش و پڕ لە شانازی تۆمار کردوەو دەکرێ وەک ئەزموونێکی بەنرخ سوودی لێوەربگیرێ. کۆمارێک کە سەرەکیترین تایبەتمەندییەکەی بوونی ناوەڕۆکێکی دێمۆکڕاتیکی لە کردەوەدا بوو و بە خستنەڕووی داخوازیگەلێکی مۆدێڕن لە قۆناغێکی زەمانی کورت و لە ناوچەیەکی جوغڕافیایی بەرتەسکدا، گەلی کوردی بەرەو ڕەوتی نەتەوەباوەڕی و متمانەبەخۆیی هان دا.

کۆماری کوردستان لە ماوەی ٣٣٠ ڕۆژ دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا لە پێناو جێگیرکردنی داهێنانی مۆدێڕن و چوون بەرەو کوردباوەڕی و بیری نەتەوەیی، یەکیەتیی ستراتیژیک لەگەڵ ئازەرییەکان، گرینگیدان بە پرسی ژنان و لاوان، هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی چاپ و بڵاوکردنەوە، فێرکردنی زمانی کوردی و دامەزراندنی رادیۆ و چاپخانەو سینەما و زۆر کاری بەنرخی دیکە، هەنگاوی بەکردەوەی نا. بەکورتی کۆماری کوردستان، سەرەتای هەڵبژاردنێکی سیاسی بۆ سەقامگیرکردنی دێمۆکڕاسی لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتی دیکتاتۆرەکان بەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بوو و بە هەق مەشخەڵێک بوو لە بیابانی تاریکستانی ئەو سەردەمەدا. هەربۆیە ڕێزگرتن لە دووی ڕێبەندان، ڕێزگرتنە لە خەباتی نەپساوەو مێژوویی پڕ لە سەروەریی گەلەکەمان و جێی خۆیەتی هەر کوردێکی نیشتمانپەروەر شانازیی پێوە بکا. ئێمە وەک یەکیەتیی ژنان و یەکیەتیی لاوان بە خوێندنەوەو سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی کۆمار درێژە بە خەباتی خۆمان دەدەین. دوو ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکڕاتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بیرەوەریی ٦٨ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا، پیرۆزبایی لە نەتەوەی کورد دەکەین و سڵاو دەنێرن بۆ گیانی پاکی پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێکانی.

هەرشەکاوە بێ ئاڵای کۆماری کوردستان!

سڵاو لە درێژەدەرانی ڕێگای پێشەوای کورد قازی محەممەد!

بەرزو پیرۆز بێ ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان!

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

یەکیەتیی ژنانی دێمۆکڕاتی کوردستان

١ی ڕێبەندانی ١٣٩٢(٢١ی ژانویەی ٢٠١٤)






# بەڕێوەچوونی سێمینارێک بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٣٤ ساڵ بەسەر فتوای خومەینی




‹‹کۆمەڵکوژیی کورد، ستراتیژی بـەردەوامـی داگـیـرکـەران››

ڕۆژی سێشەممە **٢٣**ی گـەلاوێـژی **١٣٩٢**ی‌هـەتـاوی سێمینارێک لـە لایـەن یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کـوردو یەکیەتیی لاوانـی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر ناوی «کۆمەڵکوژیی کـورد، ستراتیژی بەردەوامی داگیرکەران» بە بەشداریی دەیـان کەس لە چالاکانی سیاسی‌و حیزبی لـە ساڵۆنی ئـامـووزشـی حیزبی دێـمـۆکـڕاتـی کـوردسـتـان بـەڕێـوە چـوو. لەم سێمینارەدا کە دوو کات‌ژمێری خایاند هەر یەک لە بەڕێزان دوکتۆر کاوە عەزیزی، مامۆستای زانکۆو چالاکی سیاسیی ڕۆژئاوای کوردستان، دوکتۆر عومەر نورەددینی، ئەندام پاڕلمانی هەرێمی کوردستان‌و حیسام دەست پیش، مامۆستای زانکۆو چاوەدێری سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تیشکیان خستە سەر چەمکی ژینۆسایدو پێناسەو مێژووی کۆمەڵکوژی لە ڕۆژئـاواو باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان.



# بەڕێوەچوونی خۆپیشاندان دژ بە ئیعدامو سێدارە لە بەردەم باڵوێزخانەی ئیران لە کوپێنهاگن، پێتەختی وڵاتی دانمارک!











لە درێژەی ئاکسیۆنی دژ بە لە سێدارە دانی لاوانی کورد لە روژهەلاتی کوردستان لە لایەن رێژیمی دژی گەلیو جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی ئێران کە بۆ ماوەی ٩ رۆژ لە رێکەوتی ٢٠١٣/١١/٢٩ تا ڕۆژی ٢٠١٣/١٢/٧ لە بەردەم پاڕلمانی دانمارک بەردەوام بوو.

ڕۆژی شەممە بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتووی دانمارک، ڕێپێوانو خۆپیشاندانێک بۆ بەردەوم باڵوێزخانەی رێژیمی ئیسلامی ئێران لە کۆپێنهاگی پایتەختی ئەو وڵاتە بەڕێوەچوو. ئەو ئاکسیۆنە بە ئامادەکاریو بەرپرسیاری فیدڕاسیۆنی کۆمەڵەی کوردیەکانی دانمارکو بە بەشداری چالاکانەی هەموو حیزبو رێکخراوو کومەڵە کوردی‌یەکانی چوارپارچەی کوردستان دانیشتوی وڵاتی دانمارک بە بەرپا کردنی خێوەتو بڵاوکردنەوەی ئاگاداریو تراکتو دانی زانیاری لەسەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیو هەروەها ئیعدامی بە کۆمەڵی لاوانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە خەڵکانی دانمارکیو بیانی کە ڕۆژانە سەردانی خێوەتگەو کوردانی ئامادەبوو لە بەردەم پارلەمانیان دەکرد، لە سەرمای تاقەت پڕووکێنی دانمارک‌دا هەنگاوێکی دیکە بوو بۆ ڕیسوا کردنی سیاسەتی قەڵاچۆو لەنێوبردنی ئازادی‌خوازانی ئێران بە گشتیو لاوانی خۆڕاگری کورد بە تایبەتی. ئەو خۆپیشاندانە رۆژی شەممە رێکەوتی ٧ی دیسامبری ٢٠١٣ی زایینی لە کاتژمێری ١ی پاش نیوەڕۆ بۆ ماوەی ٢ کاتژمێر، بە ئامادەبوونی جەماوەری بەرفراوان بە بەشداری کوردانی دانیشتووی وڵاتی دانمارکو ئەندامانو لایەنگرانی هەموو حیزبو رێکخراوەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لەبەردەم باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی ئیران بەڕێوەچوو.

خۆپێشاندانەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب دەستی پێ‌کردو خۆپێشاندەران بە دانی دروشمی برووخێ رێژیمی دژی گەلی ئیسلامی ئیران، نا بو ئێعدام- بەڵێ بو ژیان، زیندانی سیاسی دەبێ ئازاد بکری، مەرگو نەمان بۆ دیکتاتۆڕ، مەرگ بۆ دوو جاشی خامنەییو رووحانی. خۆپیشاندەران بە بەرزکردنەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستانو وێنەی ئیعدام کراوانی کوردو بە وتنەوەی دروشم بە زمانەکانی فارسیو کوردی، رقو بێزاری خۆیان بەرانبەر بە جینایەتەکانی کوماری سێدارەی ئیسلامی ئێران دەربری.

شایانی باسە کە ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو بەشداری چالاکانەیان لە رۆژانی ئاکسیۆنو خۆپیشاندانی بەردەم باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران‌دا کرد.

پێویست بە ئاماژەیە کە کوردانی نیشتەجێی دانمارک، بەم کارە شۆڕشگێڕانەیان نیشانیان دا کە کورد هەموو یەکەو پیلانو ئاژاوەگێڕی دوژمنانی ناتوانێ ڕیزی یەکگرتووی ئەو گەلە خۆڕاگرە، لێک بڵاو کات.

**کومیتەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان - دانمارك**

# ڕێپێوانێک بۆ مەحکووم کردنی ئێعدامی لاوانی کورد




فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێرانو هەروەها فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆیە ڕێپێوانێکی هێمنانەیان لە شاری کۆیە بۆ شەرمەزار کردنی ئێعدامی لاوانی کورد لە ئێران ڕێکخست.

ڕۆژی یەک شەممە ١٢ی خەزەڵوەری ٢٧١٣ی کوردی بەرامبەر بە ٣ی نۆڤامبری ٢٠١٣ی زایینی، بەدەست پێشخەری فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێرانو فیدڕاسیۆنی ریکخراوە مەدەنییەکانی کۆیە، خۆپیشاندانێکی هێمنانە بۆ مەحکووم کردنی شەپۆلێکی نوێی لە سێدارەدانی لاوانی کورد لە لایەن کۆماریی ئیسلامیو بۆ پشتیوانی لە مانگرتنی گشتیی چالاکوانانی ڕۆژهەلات لە بەردەم قایمەقامی کۆیە تا پارکی شەهیدانی قورەبەراز بەڕێوەچوو.

سەرەتا بە سروودی ئەی ڕەقیبو خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی هەموو شەهیدانی کوردو کوردستان دەستی پێکردو پاشان پەیامی پشتیوانی فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەلات لە لایەن بەڕێز سەید جەلال ساڵحی، سکرتێری گشتیی فیدڕاسیۆنەوە پێشکەش کراو دواتر پەیامی پشتیوانی فیدڕاسیۆنی ریکخراوە مەدەنییەکانی کۆیە لە لایەن خاتوو چیمەن ڕەفیق، سەرۆکی فیدڕاسیۆن خوێندرایەوەو سروودی ئەی شەهیدان لە لایەن هونەرمەندی لاو غوڵام فاتحی پێشکەش کراو دوایین بڕگەی خۆپیشاندانەکە وتنەوەی کۆمەڵێک دروشمی وەک نا بۆ سێدارە، بەڵێ بۆ ژیان، کە لە لایەن بەڕێز جەلال ڕەوانگەردەوە دەوتران‌و بەدوا ویی‌دا خەڵکەکەش دەیان وتەوە.

شایانی باسە کە مێدیاکانی کوردکاناڵ، تیشک تی‌ڤی، ڕۆژهەلاتو کەناڵی سپێدەو ئێن.ئار.تی ئامادە بوون.

# ئێعدامی لاوانی کورد تیرۆرێکی ئاشکرای یاسایی‌یە لە سیستمی کۆماری سێدارەی ئیسلامی!

گەلی خۆڕاگری کورد!

هێزو ڕێکخراو و کەسایەتی‌یە سیاسی‌و مرۆڤ دۆستەکانی کوردو جیهانی!

بە ئێعدامی حەبیبوڵلا گوڵپەری‌پوورو زیندانیانی سیاسی دیکەی کوردو بۆ جارێکی دیکە نێوەرۆکی کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئێران ئاشکراترو روونتر بۆوە. لەم سەردەمەدا کە قۆناغی بە نێونەتەوەیی بوونی پرسی مافەکانی مرۆڤەو هەروەکوو دەزانن بە دەیان رێکخراو و کۆمەڵی جۆراوجۆر لە ئاستی جیهانی‌دا دامەزراون بۆ پشتیوانی‌و پارێزگاری کردنی مافەکانی مرۆڤ‌و دژی هەر پێشێلکاری‌یەک بەرامبەر بە کەرامەت‌و سەروەری تاکەکان لە هەر سووچێکی ئەم جیهانەدا هەڵوێست دەگرن، بەڵام لە کوردستانی بن دەستی ئێران ساڵانە بە سەدان لاوی کورد بە ناڕەوا و تەنیا بەهۆی جیاوازی بیروڕاو چالاکی سیاسی‌و مەدەنی لە دادگاکانی کۆماری ئیسلامی‌دا سزای لە سێدارەدانیان بەسەردا دەسەپێندرێ‌و لە ژووره تاریکەکانی ئەم رێژیمەدا بە شێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە لە لایەن جەللادەکان لە سێدارە دەدرێن‌و تەنانەت دەنگیان بە هیچ کوێ‌یەک راناگاو پشت گوێ دەخرێن کە دواین نموونەشی ئێعدامی حبیبوڵلا گوڵپەری‌پوورو رەزا ئیسماعیلی بوون. هەروەک ئاگادارن تا ئەم کاتەش چەندین لاوی دیکەی کورد لە لایەن دەزگای دادی رێژیمەوە سزای لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپێندراوە کە پێویستە بە چالاکی بەربەرین‌و رێپێوان‌و مانگرتنی سەرتاسەری لە کوردستان‌و دەرەوەی وڵات یەک دەنگ‌و یەکگرتووانە رای گشتی‌و کۆمەڵگای جیهانی لەم تراژیدیا پڕمەترسیدارە ئاگادار بکەینەوەو ئەم کردەوە نامرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد شەرمەزارو پڕۆتستۆ بکەین.

ئازادی‌خوازان!

گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی **٩٠** ساڵی رابردوودا لە سەردەمی هەردوو رێژیمی پاشایەتی‌و کۆماری سێدارەی ئیسلامی تووشی سەدان تراژیدیای جۆراوجۆر هاتووە: لە ئێعدام‌و راگواستن، کۆمەڵ‌کوژی، گرتن‌و، ئینکارکردن رابگرە تا هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی‌و پەراوێزخستن‌و بێبەشی کورد لە سەرەتایی‌ترین مافە ئینسانی‌یەکان.

بەڕێزان!

هەروەک دەبینن لە **٣٤** ساڵی رابردوودا رێژیمی کۆماری سێدارەی ئیسلامی بە هەموو هێزی ماددیی‌و سەربازی، چەک‌و چۆڵ بەردەوام بووە لە پیادەکردنی سیاسەتە چەپەڵەکانی خۆی‌و تائێستاشی لەگەڵ دابێ درێژە بە سیاسەتی سەرکوتی نەتەوەی کوردو گەلانی تری ئێران دەدات. ئەوەی کە لە لایەن ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرەوە تا هەنووکەش بەردەوامە، پراکتیزەکردنی تێزو تێئۆریە رەشەکانیەتی بۆ بێ‌دەنگ کردنی نەتەوەکانی ئێران لەوانە: بە تەفریس کردن‌و سەپاندنی ئایدۆلۆژیای مەزهەبی شیعە، بەهێز کردنی ناوەندگەرایی، ئێعدامی چالاکانی سیاسی‌و مەدەنی، ئەنفالی سپی کە وەک چەکێکی بێ‌دەنگ بۆ لەنێوردنی لاوان بەکار دێ‌و هەروەها کوشتنی کۆڵبەران‌و کاسبکارانی کورد لەسەر سنوورەکان‌و دەیان پیلان‌و پرۆژەی دزێوی‌تر کە رێژیم بۆ چەسپاندن‌و درێژەدانی ماوەی دەسەڵاتی خۆی ئەنجامیان دەدا.

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان وەک رێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنی تایبەت بە توێژی لاوان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، یەک‌گوتاری‌و هاوهەڵویستی‌و یەک‌دەنگی نێوان چین‌و توێژو هێزو لایەنە جۆراوجۆرەکانی دەرەوەو نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان بە گرەنتی دەگرێ بۆ ئەوەی کە چی دیکە رێگە نەدرێ کە گوڵپەری‌پوورەکان لە سێدارە بدرێن‌و بۆ جارێکی دیکە کەشی ترسێنەرو تۆقێنەر باڵ بەسەر کوردستان‌دا بکێشێ، با هەموو لایەک لەسەر ئەم ئەرکە نەتەوەیی، ئینسانی‌و ئەخلاقی‌یە سوورو پێداگر بین‌و دژی سەرکوتی سیستماتیک بەرخۆدان بکەین‌و ئێعدامی لاوانی کورد وەک تیرۆرێکی ئاشکرای یاسایی‌یە لە سیستمی کۆماری سێدارەی ئیسلامی‌دا ریسوا بکەین.

یەکگرتن‌و هاوپێوەندی نیشتیمانی زامنی سەرکەوتنمانە

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

٩ی خەزەڵوەری ٢٧١٣ی کوردی

٣٠ی ئۆکتۆبری ٢٠١٣ی زایینی

# پەیامی پشتگیری لە ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری رۆژئاوای کوردستان!



سامان فەقێنەبی سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

بەڕێزان!
ئامادە بووانی هێژا!

راوەستە کردن لەسەر رووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ژینگەی سیاسی رۆژئاوای کوردستان‌و هەروەها لێکدانەوەی ئەگەرو پێشهاتەکانی بەردەم کورد لەو پارچەی کوردستان لەو قۆناغە هەستیارە مێژوویی‌یەدا، ئەرکێکی نەتەوەیی‌یە کە باقیی پارچەکانی کوردستان پێویستە بە بایەخەوە لێی بڕوانن.

رۆژئاوای کوردستان لە مێژوودا بە لانکەو بێشکەی ژیارو شارستانییەت لەقەڵەم دراوە. دەسەڵاتە خۆجێی‌یەکانی هیتی‌و میتانی لە هەزار ساڵ پێش زایین‌دا تاکوو هەنووکەش کارتێکەری‌یان بەسەر کوردستان‌و شامدا جێ‌هێشتووەو دەکرێ ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری کاتی پێکهاتووی گەلانی کورد، ئاسووری‌و عەرەب لە قۆناخی ئێستادا بە درێژەی ئەم مۆدێلە مێژوویی‌یە بشوبهێنین.

لە کاتێک‌دا کە ناوچە عەرەبی‌یەکانی وڵاتی سووریە بەهۆی ئاگری شەڕی تایفی‌و مەزهەبی رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو وێرانکاری دەچێ‌و لە گەرمەی ئەو تراژدیا دڵ‌هەژێنەدا، هەرێمێکی ئارام‌و تا رادەیەکی بەرچاو سەقامگیر خۆی دەرخستوە کە ئەویش هەرێمی کوردانە.

ئەگەرچی دەوڵەتە ناوچەیی‌و تەنانەت زل‌هێزەکانی جیهانیش بەهۆی بەرژەوەندی‌یەکانیان زۆر بە کەمی تیشک دەخەنە سەر ئەم ئەزموونە سەرکەوتوویە، بەڵام زوو یا درەنگ هەموو لایەنەکان بە ناچاری دەگەنە ئەو دەرەنجامەی کە ئارامی‌و سەقامگیری لە تەواوەتی سووریە پەیوەستە بە پەیڕەوکردنی مۆدێلی خۆبەڕێوەبەری خۆجێیی کە کوردان تێیدا پێشەنگن.

بەڕێوەبەری خۆجێیی کوردان پێکهاتوو لە سێ کانتۆنی جەزیرە، عەفرین‌و، کۆبانی دەست‌پێشخەری‌یەکی دیرۆکی‌یە کە گەلی کورد بە کلیلی ئارامی وڵاتی سووریەو زامنی ماف‌و ئازادی‌یەکانی سەرجەم نەتەوەو ئایین‌و ئایین‌زاکانی ئەو وڵاتەی دەژمێرێ‌و درەنگ یان زوو باقیی پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە بەو ئاکامە دەگەن کە چارەسەری قەیرانی سووریە کەڵک وەرگرتنە لەو مۆدێلەی کوردان، هەڵبەت نابێ لە بیر بکەین کە ئەم مۆدێلە لەگەڵ کۆمەڵێک مەترسی‌و هەڕەشە بەرەوڕوویە کە بریتین لە: دژایەتی دەوڵەتانی ناوچە بە تایبەت تورکیاو گرووپە فێندەمێنتالە ئیسلامی‌یەکان وەک داعش، «جبهەالنسرە» و «جبهەی اسلامی» سووریەو هەروەها ناسیۆنالیستە عەرەبەکان هەم لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن‌و هەمیش لە بەرەی رێژیمی بەشار ئەسەددا.

روونە کە بەرەنگاربوونەوەی ئەم مەترسیانە لە لایەن گەلی رۆژئاوای کوردستان پێویستی بە هاوهەڵوێستی‌و هاوخەباتی سەرجەم پارت‌و لایەنە سیاسی‌یەکان لەو بەشەدا هەیە. ئیدارەی بەڕێوەبەری کاتی بە راپەڕاندنی پێداویستی‌یەکانی هەڵبژاردنێکی ئازادو دیمۆکراتیک لە ماوەیەکی نزیکداو هەروەها بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری هەرسێ کانتۆنی جەزیرە، عەفرین‌و کۆبانی‌و پەرەپێدان بە رێژەو پێداویستی‌یەکانی ئەرتەشێکی واحید لەو هەرێمەدا دەتوانێ تا رادەیەکی زۆر بەرەنگاری مەترسی‌یەکان ببێتەوە. هەڵبەت رۆڵی هەرێمی کوردستان لە باشوور لەو بارەوە گرینگی‌یەکی تایبەتی‌و حاشا هەڵنەگری هەیەو هەق وایە لایەنەکان‌و دەسەڵاتی سیاسی لە باشووری کوردستان لە رێگای هاوکاری‌و پشتیوانی خۆیان وەک هەلێکی زێڕین ئەم دەرفەتە بۆ گەشەی ناسیۆنالیزمی دیمۆکراتیکی کورد لە ناوچەدا بقۆزنەوە. لە کۆتایی‌دا جێگای شانازی‌یە کە بەڕێوەبەرانی ئیدارەی کاتی لە ناوچەی جەزیرە وەکوو هێماو سیمبۆلی یەکگرتوویی کوردان رۆژی ٢ی رێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهابادیان کردە رۆژی راگەیاندنی دامەزرانی ئیدارەی کاتی لە جەزیرە.

هیوادارین کە مەشغەڵی کۆماری کوردستان ئەم جارە لە رۆژئاوا بگەشێتەوەو گەلەکەمان لەو بەشە لە کوردستان بە سەربڵیندی بژی.

یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان
٩ی رێبەندانی ٢٧١٣ی کوردی(١٣٩٢)



# بەشداریی هەیئەتێکی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنفرانسی لاوانی چوارپارچەی کوردستان

هەیئەتێکی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنفڕانسی لاوانی چوار پارچەی کوردستان‌دا بەشدار بوو کە بە مەبەستی پشتگیری لە ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوای کوردستان ڕێک خرابوو.

لەو کۆنفڕانسەدا کە ڕۆژی چوارشەممە، **٩**ی ڕێبەندان بە بەشداریی **٣٠** ڕێکخراوی تایبەت بە لاوان‌و بە میوانداریی ڕێکخراوی «ئازادی لاوانی کوردستان» و، بە دروشمی «ئیدارەی سەربەخۆی ڕۆژئاوای کوردستان، سەنبولی نەتەوەییمانە، ئەی‌پارێزین» لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو، بە قسەکانی مەلا بەختیار، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان کرایەوە.

لەو کۆنفڕانسەدا دوای پەیامی گەنجانی PYD ، پەیامی یەکیەتیی لاوان لەلایەن سامان فەقێ‌نەبی، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

لەو پەیامەدا وێڕای پیرۆزبایی بە بۆنەی ڕاگەیاندنی دامەزرانی کانتۆنەکانی جەزیرە، عەفرین‌و کۆبانی، داوا لە سەرجەم لایەنەکانی ڕۆژئاوا کرابوو کە بە یەکگرتوویی خۆیان ئەم هەلە زێڕینە بقۆزنەوەو مۆدێلێکی سەرکەوتوو بۆ تەواوەتی وڵاتی سووریە پێشکەش بکەن‌و بیکەن بە نەخشە ڕێگایەک بۆ کۆتایی هێنان بە تراژدیای دڵهەژێنی سووریا.

لە بەشی دووهەمی کۆنفڕانس‌دا، بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنفڕانس پاش چەند کاتژمێر باس‌و ڕاوێژ بە دەنگی زۆرینەی ڕێکخراوەکان پەسەند کرا.

شایانی باسە سمکۆ عوسمانی ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتی لاوان هاوڕێیەتیی سکرتێری گشتیی لاوانی لەو کۆنفڕانسەدا کردبوو.

راگەیەندراوی کۆتایی کۆنفرانس!

ئەمڕۆ **٢٠١٤/١/٢٩** ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان بە دروشمی «ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوای کوردستان سونبولی نەتەوەییمانە، دەی‌پارێزین» بە بەشداری زیاتر لە سی ڕێکخراوی هەرچوار پارچەی کوردستان لە هۆڵی هۆتێل پەرێژ لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو، لە سۆنگەی هەست کردنمان بە لوتکەی بەرپرسیارێتی نەتەوەییمان بەرامبەر بەپرسە نەتەوەییەکانمان‌و ئەو زوڵم‌و زۆرەی کە دەرهەق بە نەتەوەکانمان کراو لە دەیان ساڵی ڕابردوودا بە گشتی‌و بە تایبەتی لە ڕۆژئاوای کوردستان کە لە مافە سەرەتاییەکانی ژیان‌و ناسنامەی کوردبوون بێبەش بوون، لە ئێستادا دەرفەتێک هاتۆتە ئاراوە لە ڕۆژئاوای کوردستان، بۆیە ئەرکی سەرشانی هەمووومانە لە چوار پارچەی کوردستان بە ئامانەتەوە بی‌پارێزین‌و پشتیوانی خۆمان دووپات بکەینەوە، بۆیە کۆنفڕانس بەم بڕیارو ڕاسپاردانە کۆتایی بەکارەکانی هێنا:

بڕیارەکان:

**١**: ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوای کوردستان سونبولی نەتەوەییمانە، دەبێ هەمووومان بی‌پارێزین‌و بۆ پاراستنی ئەو دەستکەوتە نەتەوەییەمان دەبێ هەمووان پشتیوانی بکەین‌و لە پێناو بەهێزبوون‌و گەشەکردنی‌دا هەوڵ بدرێ سەرجەم ئەو لایەنانەی بەشداریان نەکردوە بەشداربن.

**٢**: ئێمە وەک ڕێکخراوەکانی لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستان تەواوی پشتیوانی خۆمان بۆ ئەو ئیدارە

خۆبەڕێوەبەریە دووپات دەکەینەوە.

**٣:** داوا لە سەرجەم لایەنە سیاسیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان دەکەین پاڵپشتو پشتیوانی بۆ ئەو ئیدارە خۆبەڕێوەبەریە دەربرن.

**٤:** داوا لەسەرجەم هاوولاتی‌یانی هەر چوار پارچەی کوردستان دەکەین پشتیوانی خۆیان بۆ ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوای کوردستان دەربڕن.

**٥:** ئیدانەی ناردنی لاوان دەکەین بۆ رۆژئاوای کوردستان بۆ نێو گرووپە تیرۆریستیەکانو داواکارین کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵەکان چڕتر بکاتەوە بەمەبەستی ڕێگرتن لە ناردنی لاوانو ئاشکراکردنی ئەو لایەنانەی کە لاوان فریو دەدەن.

راسپاردەکان:

**١:** پەرلەمانو حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕەسمی ئیداری خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوا بناسێنێ.

**٢:** پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان میکانیزمی گونجاو بگرێتە بەر بۆ ڕێگری لە ناردنی لاوان بۆ رۆژئاوای کوردستان بۆ نێو گرووپە تیرۆریستی یەکان.

**٣:** حکوومەتی هەرێمی کوردستان توانا ماددیی‌و مرۆیی‌و دیپلۆماسی‌یەکانی بخاتەگەڕ لە پێناو یەک خستنەوەی لایەنە ناکۆکەکانی رۆژئاوای کوردستان.

**٤:** کردنەوەی سنووری نێوان رۆژئاواو باشووری کوردستان لە پێناو گەیاندنی هاوکاری‌و مرۆیی بۆ رۆژئاوای کوردستان.

**٥:** دروست کردنی لیژنەیەکی هاوبەش لە ڕێکخراوەکانی لاوان بۆ بەدواداچوونی بڕیارو راسپاردەکانی کۆنفرانسەکەو سازدانی چالاکی‌و فێستیڤاڵ.

**٦:** کۆنفرانس داوا لەسەرجەم لایەنە سیاسی‌یەکانی کورد دەکا کە بە زووترین کات هەوڵ بدەن بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد.

**٧:** ڕاگەیاندنەکان بەگشتی پشتیوانی ئیدارەی خۆبەڕێوەبەرێتی ڕۆژئاوای کوردستان بکەن.

باشووری کوردستان، سلێمانی، هۆڵی ئوتێل پەریژ **٢٩-١-٢٠١٤**

ناوی ڕێکخراوە بەشداربووەکان:

١: ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان.
٢: یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی رۆژهەلاتی کوردستان.
٣: ڕێکخراوی CDO.
٤: پارتی چەپی کورد.
٥: یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق.
٦: بزووتنەوەی گەنجانی سۆز.
٧: ڕێکخراوی لاوانی کوردستان.
٨: ڕێکخراوی لاوانی پێشڕەو.
٩: بۆردی پشتیوانی گەنجان.
١٠: کۆمەڵەی خوێندکانی کوردستان.
١١: کۆمەڵەی جەوانانی کوردستان.
١٢: گەنجانی وڵات پارێز.
١٣: لاوانی پارتی سەربەخۆ.
١٤: لاوان یاری کورد.
١٥: لاوانی پەیەدە.
١٦: کۆمەڵەی جەوانانی کوردستانی رۆژهەلات.
١٧: ئاژانسی ناوخۆ.
١٨: پارتی دیموکراتی کورد.
١٩: ژنانی ئازادی خوازی کوردستان.
٢٠: گەنجانی پارتی چارەسەر.
٢١: ناوەندی لاوانی سازمانی خەبات.
٢٢: ڕێکخراوی ژیانەوەی گەنجان.
٢٣: ڕێکخراوی گەنجانی وڵات.
٢٤: ڕێکخراوی کورد ماد.
٢٥: ڕێکخراوی YAO.
٢٦: ڕێکخراوی گەنجانی کورد نێودەوڵەتی.
٢٧: هەوارگەی گەشەپێدانی تواناکان.
٢٨: ڕێکخراوی گەنجانی وڵات پارێزی کوردستان.
٢٩: لاوانو قوتابیانی پاک.
٣٠: ڕێکخراوی لاوانی پارتی سەربەخۆی کوردستان.

**سلێمانی**
**٣٠-٠١-٢٠١٤**



# یەکەم دانیشتنو کۆبوونەوەی نوێنەری سەرجەم ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات
# پاش یەکەم کۆنفڕانسیان بۆ تاوتوێ کردنی چوارەم کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانی چوار پارچەی کوردستان!



هەروەک هەموو لایەک ئاگادارن لاوانی ڕۆژهەڵات، **٢٩**ی سەرماوەزی ئەم ساڵ یەکەم کۆنفڕانسی خۆیان لە ژێر دروشمی «یەکڕیزی لاوان، بەرەو داهاتوویەکی گەش» بەڕێوەبرد. مەبەستی سەرەکی لە گرتنی کۆنفڕانس، ئامادەیی هەرچی زیاتری ڕێکخراوەکان بۆ چوارەم کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانی چوار پارچە بوو کە میوانداری‌یەکەی لەسەر شانی لاوانی ڕۆژهەڵاتە، هەر لەو ڕاستایەدا کۆنفڕانس ئەرکی ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی پێوەندیدار بە کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانی چوار پارچەی خستەوە سەرشانی لێژنەی ئامادەکاری یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵاتو بەرپرسانی ڕێکخراوەکان.

هەر بۆیە لەسەر بڕیاری یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵات، ڕۆژی دووشەممە **٣٠**ی بەفرانباری **٢٧١٣**ی کوردی بەرامبەر بە **٢٠**ی ژانویەی **٢٠١٤**ی زایینی، لە بنکەی سکرتاریەتی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشداری نوێنەری سەرجەم ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات، یەکەم کۆبوونەوەی خۆیان بەڕێوەبردو کاروبارەکانی پێوەندیدار بە چوارەم کۆنفڕانسی لاوانی چوار پارچەی کوردستانیان تاوتوێ کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا کە کاتژمێر **١٠**ی سەرلە بەیانی دەستی پێ‌کرد، سەرەتا سەید جەلال ساڵحی جێگری سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە، هەڵوێستەیەکی لەسەر کاروبارو ئەرکەکانی یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵات کردو پڕژایە سەر شێوەی بەڕێوەبردنو چۆنیەتی پێوەندی بە ڕێکخراوەکانی پارچەکانی‌ترو شوێنو جێگاو....، کە لێژنەی تایبەتی بۆ پێک بێو بەدواداچوونی بۆ بکەن.

لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا نوێنەری سەرجەم ڕێکخراوەکان راوبۆچوونو سەرنجو پێشنیارەکانیان خستەڕوو. لە ئاکامدا لێژنەیەکی **٩** کەسیان بە ناوی «لێژنەی هاوئاهەنگی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان» پێک هێناو دابەشیان کردنەسەر دوو گرووپ. گرووپێکی **٥** کەسی بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری پێوەندی‌یەکانو هەروەها گرووپێکی **٤** کەسیش بۆ کاروباری ماڵیو تەداروکاتی.

جێی ئاماژەیە کە هەموو ئەرکەکانی ڕاپەڕاندنی چوارەم کۆنفڕانسی لاوانی چوار پارچەی کوردستان خرایە سەر شانی ئەو لێژنانەو لە کۆبوونەوەکانی داهاتووی خۆیان‌دا زیاتر دەچنە نێوئاخنی کاروبارەکانی پێوەندیدار بە کۆنفڕانسەوە کە لە داهاتوویەکی نەزۆر دووردا بە بەشداری نوێنەرانی سەرجەم ڕێکخراوەکانی لاوانی چوار پارچەی کوردستان دەبەسترێ. شایانی باسە کە کۆبوونەوەکە لە کەشێکی دۆستانەدا کاتژمێر **٣:٣٠**ی پاش نیوەڕۆ کۆتایی پێ‌هات.

# از حق خودمختاری‌و نظام فدرال حمایت کنید!





پیام کبودوند به مناسبت دوم بهمن

سالگرد دوم بهمن، روز خودمختاری کردستان را به مردم کرد تبریک گفته، اقدام زنده یاد «قاضی محمد» و یاران‌و همراهانش را در اعلام خودمختاری کردستان ایران در **۲۲** ژانویه **۱۹٤٦** و تلاش آنها در جهت مشارکت دادن مردم کرد در تعیین سرنوشت خود در چارچوب ایرانی دموکراتیک‌و نیز مبارزه همه کسانی را که برای آزادی‌و احقاق حقوق انسانی مردم کرد از جان‌و مال‌و زندگی‌و هستی خود گذشته‌اند ارج می‌نهیم‌و با احترام از آنها یاد می‌کنیم.

دولت خودمختار کردستان در ٦٨ سال پیش اگرچه بخش‌های اصلی‌و نواحی میانی‌و جنوبی کردستان را تحت حاکمیت نداشت‌و تنها یازده ماه دوام داشت، اما بنای آن دولت کوچک در چارچوب ایران‌و بر اصول دموکراتیک، جمهوریت، پلورالیسم، صلح‌و حقوق بشر نهاده شده بود. اهداف‌و برنامه‌هایش در آن روزگارو پیش از تصویب اعلامیه جهانی حقوق بشر مبتنی بر اصول انسانی‌و در نوع خود کم‌نظیر، به هنگام‌و دموکراتیک بودو به همین علت ما امروز از روز دوم بهمن به عنوان نقطه عطف در مبارزه مدنی‌و سیاسی مردم کرد با رویکرد مسالمت جویانه‌و مبتنی بر شناخت متقابل حقوق اقوام‌و ملیت‌هاو جوامع ایرانی‌و همزیستی در چارچوب مرزهای کشورو احترام به آنها نام می‌بریم.

در این روز تاریخی حمایت دگرباره خود را از خواست مردم کرد برای خودمختاری در نظامی فدرال‌و امیدو آزادی این مردم‌و دیگر مردمان‌و تمامی انسان‌هایی که برای رهایی از ستم‌و بیدادو برای نیل به آزادی، دموکراسی، عدالت اجتماعی‌و حقوق بشر در حال مبارزه هستند ابراز می‌نماییم‌و امیدو اطمینان داریم که مردم کردو همه آنهایی که در معرض ستم، بی‌عدالتی‌و محروم از حقوق بنیادین‌و آزادی‌های انسانی خویش نگه داشته شده‌اند با اتکا به اراده‌و اتحادو همبستگی آگاهانه‌و توان خود، از ستم، رنج‌و بی‌حقوقی، آزادو رستگار می‌شوندو به حقوق‌و آزادی‌و حاکمیت بر سرنوشت خویش دست خواهند یافت.

تهران، زندان اوین
محمدصدیق کبودوند
رئیس سازمان دفاع از حقوق بشر کردستان

# بەشداری چالاکانەی ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یەکەم کۆنفڕانسی لاوانی ڕۆژهەڵات!



**فایلی ژمارەی داهاتوو:**

# فیدڕالیزم لە ئێرانی فرەنەتەوەدا






# ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان



موژدە یاران، کۆڕە جێژنی ڕاپەڕینو غیرەتە
یادی لاوی نیشتمانی پڕ لە قەدرو قیمەتە!
سامی گەل ساباتە، ئەشنێ، یادی ڕۆڵەی هاتەوە
سەخڵەتی ڕووخساری ماندووی سەرماوەز ئەشواتەوە!
زایەڵەی گوڵبانگی سەنگەر لە تاراوە دەشتی ڕەشا
هەڵگرانی ڕێبازی گەل، لە پشکۆی سووری بێ بەشا!
بێ تۆ ئەشق بێگانە بوو، لەو هەستانەی لەتۆ ناگەن
قیبلە ئەکەن بە سێدارەو عیساکانت لە خاچ ئەدەن!
سەماو بانگی ڕەشبەڵەکە لە ڕێژوانی سووری ژینا
کۆشکی داگیرکەران لەرزین، لە شەپۆلی گوڕو تینا!
لە مەکتەبی کۆمارمدا، بەرز بوو وانەی ئەوین:
شانی ئەرک شل نەکەن بۆ ئەوانەی سەرسەرین!
ئازارو هەنسکە خوێنی ئەم خاکە بسڕنەوە
شەرتو پەیمان تا بەسەر بێو، ئارەزووی بچێنینەوە!
پێشمەرگە وەک ژانی گەل، سینگی شەختەی هەڵدڕین
چەکی بڕوای کردە شانو بوو بە مەڵهەم بۆ برین!
لانکۆڵەی کۆماری خوێنین، بوو بە سەکۆو سەنگەرت
گا بەردو ئەشکەوتو شاخت، قەت نەبوونە لەمپەرت!
هەڵۆ بەرزەی ئەم هەوارە، قازی بوو بۆ ڕاپەڕین
بژاردەی جوامێرو زانا، دژی دیلیو ماتەمین!
قاسملوو تیرێژی وانەی ڕوونی کرد ڕێبازی شاخ
شینە لە گفتو کەلامی، زینەتی هەرمانی ناخ!
شۆڕە سواری کۆڵنەدانت شەرەفکەندی بوو وەتەن
ڕایەڵەی تەونی خەباتو سروشتی پاکو ڕەسەن!
ئەی وەتەن سالاری ئەشقی نێو گەلانە ڕۆڵەکەت
شێری بێشەی سەف شکێنە، پێشمەرگەی دەورانەکەت!
بیستو شەش مۆمی گەشاوە، بیستو شەش مێلاقەی سوور
بەرز ئەکا بانگی سروودی ئەی ڕەقیبم بێسنوور!
ڕیزی کوڕو کیژی شەنگت، بوونە ڕێژنەی ئاگرین
ئەستێرەی ئاسمانی گەلو وەفاداری جەوهەرین!

عەباس حەقبین

# LAWAN

The Organ of Democratic Youth
Union of Eastern Kurdistan

No: 51-52 December 2013



چەند دیمەنێک لە یەکەم کۆنفرانسی لاوانی ڕۆژهەڵات